نۆڤلێتی

# سینفۆنیای تەقە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

نۆڤلێتی

# سینفۆنیای تەقە

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

ناوی کتێب: نۆڤلێتی سینفۆنیای تەقە
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٧٠
پیت لێدان: لەنجە میرزا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٩٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

لــە سەر ڕێی چـوونــە مــاڵــەوە، بــەهــاوسەرەکــەم و (کاترینا)ی ئامۆزای گەیشتم. دەروونم تەواو شڵەژابوو. دەمویست هەرچی زووە بگەمە ماڵێ. بچمە ژێر ئاوی شڵەتێنی دووشەکە، هەتا چەندین خولەك لە ژێر لێزمە و لـووشکـەی ئـاوە بـەخـوڕەکـەدا بـووەستـم. چـاوەکـانم بنووقێنم و بیر لە هیچ شتێك نەکەمەوە. هەر تەواو شەکـەت و مــانـدوو بـووم. هــەزاران جـار و لـە دڵـەوە دەمورتاند "بەس نەبوو بەر گوللەیەکی وێڵ نەکەوتم؟. ئـەگەر من لـەوێکـانـە بکـوژرامـایـە، هـاوسەرەکـەم چۆن سەری لەو جۆرە کوشتنەی من دەردەکرد؟! کوشتنی من دەبووە هەزار و یەك پرسیار و ڕاز. بێوەژن بوونی خۆی و بـێ بـابـی مـنـداڵـەکـانمان. ئـەی خـودایـە.. هــەر بـەو سادەییە، خۆم خستە ناو ئەو هەراوزەنا خوێناوییەوە." هــەر بــەوبــەری شەقـامــەکــەوە بـۆیـان پـێکـەنـیـم و دەستەکانمان هەڵخست. بەڵام هاوسەری ئازیزم بەوە ڕازی نـەبـوو. لـە شەقـامـەکـە پـەڕیـیـەوە و کـاتـریـنـایش بەدوایدا. ماچمان گۆڕییەوە و لەگەڵ کاترینا دەستمان دایە یەکتر.

– بڵێ بزانم، چۆن بوو..؟! بەدڵت بوو؟

– خراپ نەبوو. خراپ نەبوو..!

خۆ نەمدەویست ئا لەم ساتە ناسکەدا، لەسەر ئەم جادەیە کە من پەلەی چوونە ماڵەوەم هەیە و ئەوانیش لەسەر ڕێگای بازاڕن، داستانێکی خوێناوییان بۆ بگێڕمەوە.

– لەگەڵمان دێیت بۆ بازاڕ.. یان..؟

– ئاخ، کاترینا، ئێوە دەتوانن پێکەوە بڕۆن. کاتێکی خۆشی بێ پیاوی بەسەر ببەن. من کەمێك سکم دێشێت. پێموایە ئەو خواردنە کە لەوێ خواردم، تازە و باش نەبووبێت.. هاوسەرەکەم دەستی خستە ناو قژمەوە و میهرەبانانە وتی:

– ئەگەر هەست بەگەدە پڕی دەکەیت، باشترە خۆت بڕشێنیتەوە. چایەکی بەیبوون بکە و لێی ڕاکشێ. ئێمەش هێندە زۆرمان پێ ناچێت. یان لەگەڵتا بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە؟

– نا، نا. هێندە خراپ نییە. هەر وا دەکەم. خەمی منتان نەبێت. ئەی منداڵەکان لە کوێن..؟

– هێشتاکە لەکن دایە و بابە گەورەن..

– دەباشە ماڵئاوا..

کە لەیەك هەڵبڕاین و گەیشتمەوە ماڵەوە، دەرگای پۆستەکەم کردەوە. کۆمەڵێك ڕێکلامە و ڕۆژنامە و زەرفێکی گەورە و قەبە هرووژمیان هێنایە خوارەوە. لەخۆمم پرسی: ″ئەوە چۆنە کە ژنەکەم لە پۆستەکەی نەڕوانیوە..؟″ هەر زوو سەرنجی بەپەلەم دایە ڕێکلامە و ڕۆژنامەکان و نامنە لاوە. ئەوەی کە چاوەڕێم دەکرد و بۆ من گرنگ بوو زەرفە قەبە و گەورەکە بوو. دۆستێم سەرگەرمی نووسینی چیرۆکێکە. ئەو دەقەی کە ئاماژە بەهەموو جۆرەکانی تەقە دەکات! بابەتەکە شەش مانگ لەمەوبەر

لە قەبارەی نۆڤلێتدا بوو. ئەوکاتیش بۆی ناردم سەرنج و بۆچوونەکانم چ بەنووسین و بەتەلەفۆن و یان بەنامە، پێ ڕادەگەیاند. هەر بۆ گاڵتە و لاقرتێش پێم وت ”گەرەکتە بەئینجا ئینجا بیگەیەنیتە قەبارەی ڕۆمان؟!“ هێندە بەم قسەیە پێکەنی، لەوە دەترسام هەناسەی لێ ببڕێت. نەهاکە ئەستووریـیەکەی بەرەو گەورەیی ڕۆمان هەڵدەکشێت. لەبەر ئەوەی بەناوەڕۆك و شێوەی نووسینەکە ئاشنام بۆیە دەمتوانی لە هەر ساتێکی گونجاودا بێت، بەخێرایی چاوی پێدا بخشێنمەوە. بۆیە ئێستا نا. من هێشتا وڕوگێژی ڕووداوەکەی ئەم دوا نیوەڕۆیەی شاری (کریڤێلد)م. ماڵت ئاوەدان نەبێت هەڤاڵ ڕەشۆ!. دوێنێ لە دوکانێکی میوە فرۆشی، دەستێك کەوتە سەر شانم. کە ئاوڕمدایەوە، خۆی بوو، هەڤاڵ ڕەشۆ.

– هەڤاڵ ڕۆژباش.

– ڕۆژباش هەڤاڵ ڕەشۆ.. چاوانی..؟ دەنگوباس چییە..؟

– تشتەکی گرنگ نییە.. سبەی دەمی تە هەیە..؟

– خێرە.. هەمدیسان ماڵ گواستنەوەیە..؟

ڕەشۆ دایە قاقای پێکەنین و باوەشی پێدا کردم. چونکە لەم چەندین ساڵەی کە من ڕەشۆ دەناسم، چەند جار هەمان پرسیاری کردووە، هەر کە (بەڵێ)م وتبێت، خێرا تکای ئەوەی لێ کردووم، لە ماڵ گواستنەوەی خۆی، خزمێکێك و یان هەڤاڵێکیدا هاوکاری بکەم. ئەو وتی:

– ئەم جارە بەختت هەبوو، ماڵ گواستنەوە نییە. ئەگەر کاتت هەیە سبەی وەرە داوەتی زەماوەندی ئامۆزاکەم..

– ئامۆزاکەت..؟

– بەڵێ. ئەوەی کە دوو هەفتەی بەری لە (ماڵی کورد) پێی ئاشنا بوویت، ئەوەی سازەکەی لێ دەخست.

من کە چەند ڕۆژێك بوو بەهۆی ژان و دەرهێنانی بەردی (زراو)ەوە، لە

نەخۆشخانە کەوتبووم و ئازاری زۆرم چێشت، بەباشم زانی خۆم بەناو ئەو هەراو زەنایەدا بکەم و بایەکی باڵی خۆم بدەم. بۆیە بیٚ بیرکردنەوە وتم:

– کوا ناوونیشانەکەی..؟

هەڤاڵ ڕەشۆ. وەك هەمیشە و چست و چالاك چووە ئەولاترەوە و کن ژمێریارە کچەکە، کە پێنووس و پارچەیەك کاغەزی بەدەستکەوت، ئەدرێسەکەی لەسەر نووسی و خستیە دەستمەوە. ئیدی هەڤاڵ ڕەشۆم لە زەماوەندەکە دییەوە. کە منی لە دوورەوە دی لەگەڵ چەند کەسی تردا بەرەو پیرم هاتن و بەگەرمی بەخێرهاتنیان لێکردم:

– لە هەر کویٚ پێت خۆشە دانیشە.

– گەلێك سپاس. با چاوێك بگێڕم. من لە زەماوەندا هەرگیز مەیلم لە دانیشتن نییە. چێژ لەوەی وەردەگرم لە دوورەوە لەو هەراو زەنایە بڕوانم و جێگۆڕکیٚ بکەم..

– هەر چۆنێك دەخوازیت. ببوورە، من دەبێت بڕۆم، دەبینیت کە سەرم گەرمە، پاشان یەکتر دەبینینەوە. زرمە و ڕمبەی دەهۆڵ و زووڕی زوڕناکە دیوارەکانی دەلەراندەوە. دوو ڕێز لە هەڵپەڕکێی تێکەڵ لە ژن و پیاو و گەنجەکان، لە نێوان ئاپۆڕەکەدا، جار نەرم و جاریش بەتاو لەگەڵ ئاوازی دڵگیری دەهۆڵ و زوڕناکەدا سەمایان دەکرد. منداڵان بەونەاوەدا ڕاکە ڕاکەیان بوو. من دەگەڕام و چاوم دەگێڕا، دیاربوو هێشتا بووك و زاوا نەهاتبوون. بۆچ لەناکاو گوێم لە دەنگی تەقە نەبوو!! تاق.. تاق.. تاق..! ئەریٚ خەیاڵ و خەونە..؟ ڕاستە کە لە گەرمەی هەڵپەڕکیٚ و تێکەڵ بەدەنگی دەهۆڵ و زوڕنادا، تەقە دەبیستم..؟ یاخود تەقەم بیست..؟ ئەریٚ منیش نەبووبێتمە قارەمانێکی ناو دەقی نووسینی هاوڕێکەم؟! چونکە دەقەکەی ئەو پڕە لە جۆرەکانی تەقە! کە من زۆر پێی سەرسامم. کە جارێکیش بەتەلەفۆن لێم پرسی: ″ ناوی ئەم چیرۆکەت چی دەبێت؟″ بیٚ وەستان

وەڵامی دامەوە. ″سینفۆنیای تەقە″ منیش وتم: ″وڵاتی تەقە″یش خراپ نییە، بەڵام ئەو ڕازیبوونی پیشان نەدا. ئیدی من هیچم بۆ وتن پێنەما و تەنیا وتم : ″پاش چارەسەرکردنی ئەو کەموکورتیانە و زیاد خستنە سەرانە، جارێکی دی بۆمی بنێرەوە″ هەر وەسایە، بووە هەرا و زەنا و دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا نەما. ئاپۆڕەکە وەك هەنگ بەیەکدا ئالان و بووە هاوار هاوار و غەڵبە غەڵب و قریشکە و زیرە و بۆڵە بۆڵ. منیش لە لێوارەوە و لەگەڵ شەپۆلی ئاپۆڕەکەدا بەرەو دەرگا گەورەکە چووم. ئەرێ کێ کوژرا؟ ئەی چەند کەس یان منداڵ کەوتنە ژێر پێلەقەی ڕاکردووەکان؟ من لەتەك چەند کەسدا، لە وێستگەیەکی (ترامواى) دوور لە هۆڵی زەماوەندەکە، چاوەڕێی هاتنی ترامواى بووین کە گوێمان لە شاتەشاتی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن و پۆلیسەوە بوو. کە ڕووی دەمم لە چەند کەسەکە کرد و پرسیارم لە هۆکاری ئەو ڕووداوە کرد. پیاوێکی کلێتە لەسەری سمێڵ بابڕ لەژێر لێوەوە (کە لێویم نەدەدی) وتی: دوژمنایەتی کۆنە. خورتێك پازدە ساڵ لەمەوبەر کچێکی هەڵگرتووە، کەسی کچەکە تۆڵەی ئەو شەرمەزارییەیان کردووەتەوە.

پرسیم

– ئەی باشە کوشتیان..؟

هەر هەموویان دەستیان پان کردەوە. لچیان هەڵقورچاند و شانیان هەڵتەکاند... کە لە گەرماوەکە هاتمە دەرەوە، فریای کۆتایی زەنگی تەلەفۆنەکە کەوتم، پڕم پێدا کرد:

– هەلۆ؟

دەنگی ئافرەتێك کە بەئەڵمانی قسەی دەکرد، بە خۆشحاڵییەوە پرسی:

– جەنابتان بەڕێز (هازنفێڵدن)؟ – من نازناوی ژنە ئەڵمانییەکەمم وەرگرتووە!

– بەڵێ، هەروایە، من (هازنفێڵد)م!

– هیوادارم نیگەرانم نەکردبن و کاتتان لێ نەگرم.

– نەخێر. فەرمووت چیتان دەوێت؟

– من لە دامەزراوەی (یەکێتی یانسیبی گەلی)ەوە، قسەتان لەتەکدا دەکەم..

– یەکێتی یانسیبی گەلی..؟!

– بەڵێ، بەو جۆرەی کە دەیبیستن، وەهایە.

کەوتمە بیرەوە. دەبێت جارێك و لە جێیەك بەشداری بردنەوەی ئۆتۆمبێل و یانیش پارەم کردبێت؟ هیچم بەبیردا نەهات. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە هاوسەرەکەم بەشدارییەکی وەهای کردبێت. بەڵام ئەو لە ماڵ نییە هەتا لێی بپرسم. بۆیە بەدوودڵییەوە وتم:

– هێندەی لە بیرم بێت، من بەشداری هیچ یانسیبێکم نەکردووە. مەگەر هاوسەرەکەم. ئەویش لە ماڵ نییە هەتا لێی بپرسم. دەکرێت بەکورتی لە مەبەستی ئەم تەلەفۆنەتان بفەرموون؟

– ئێوە سەد هەزار ئەورۆتان بردۆتەوە

خورپە بەدڵمدا هات و شڵەژام

– سەد هەزار ئەورۆ..؟ دەزانن ئەوە چ ئەندازەیەکە..؟

– بەڵێ. چۆن نازانم. جا ئەوە چییە. مرۆڤ هەیە بەمیلیۆنی بۆ دەردەچێت. بەداخەوە کە ئەندازەکەی ئێوە زۆر نییە، بەڵام دەتوانرێت وەك جەژنانەی ئەم بەرەجەژنانە بقەبڵێنرێت! ئایا خۆشحاڵ نین؟!

– بۆچ نا.. بۆچ نا.. بەڵام ئەی چی بکەین؟

– ئۆو جەنابی هازنفێڵد، ئەوە چ پرسیارێکە؟ کێ لەم ڕۆژانەدا پارەی زۆر لەتەك خۆیدا هەڵدەگرێت؟ هەموو کەسێك لەم سەردەمەدا کارتێك یانیش دوو کارتی بانکی هەیە...

– بەڵێ وایە.. تەنانەت زۆر کەس بۆ کڕینی شتێکی چەند ئەورۆییش، کارت بەکار دێنن، کە من بەپڕکێشی دەزانم..

– ببوورە ئەم پرسیارە دەکەم..

– فەرموون خانم..

– منداڵتان هەیە..؟

– بەڵێ. سیان..

– لە ئاپارتماند یان خانووی خۆتاندان، یاخود کرێچی..؟

– کرێچی نین و لە ئاپارتماندی خۆماندایین.

– ئەی کە باشە. هەر زۆر باشە. ئیدی لەم نێزیکانەدا دەچنە ناو چوار دیواری سەربەخۆی خۆتانەوە..

– چوار دیواری سەربەخۆی خۆمان؟

– بەڵێ. ئاپارتمانەکە بفرۆشن و ئەم سەد هەزارەیش لەسەری، کڕینی خانوویەکی تێدا دەبێت، بێلەوەی بکەونە ژێر قەرزەوە..

– بەتیئۆری، وایە و ڕاستە.

لە ئان و ساتیشدا بیرم لەوە دەکردەوە؛ هەزاران خێزان بەکاری سەخت و پارە پاشەکەوت کردن. بە مەمرە و بژی، بەقەرزی بانکێك خانوویەك دەکڕن. جاری وایە کە ئەم خۆشییە زۆر ناخایەنێت. چونکە ئەگەر یەکێك لە ژن و مێردەکان یانیش هەردووکیان بێکار ببن، ئیدی باری ئابووری خێزانەکە تێکدەچێت و بەرەو کزی دەڕوات کە ناتوانن قەرزەکان بدەنەوە. بۆیە ناچار دەبن خانووەکە بفرۆشن و بگەڕێنەوە کرێچێتی. یانیش بانك خانووەکە هەرزان فرۆش دەکات. لە هەموو ئەگەرەکاندا تەنگەژە و نیگەرانییە و تێکچوونی حاڵی دەروونی دایك و باب و منداڵەکانیش. هەندێك بەرگەی ئەو دارمان و هەژار و تێکشکانە دەروونییە ناگرن و خۆیان تێدا دەبەن. دەنگی ناسکی ژنەکە هێنامییەوە سەر هۆش:

– پێموایە کە ئەم هەواڵە لەناکاوە، تووشی سەرسوورمانی کردبێتیت!

– بەڵێ وایە.

– کەواتە با دەست پێبکەین..

– بە چی..؟!

– ژمارەی کۆنتۆ و ناو و ئەدرێسی تەواوەتی..

– ژمارەی کۆنتۆ و ناو و ئەدرێسی تەواوەتی..؟!

بەبیرەوە دەستم بەگیرفانی کراس و دواوەی پانتۆڵەکەمدا دەگێڕا کە دەنگە ناسکەکە پرسییەوە:

– لەسەر هێڵ ماون. جەنابی هازنفێڵد؟

– بەڵێ، بەڵێ...

– دەبێت گەشکە و کتوپڕی ئەم هەواڵە خۆش و گرنگ و لەناکاوە، دەروونی جەنابتانی تووشی شڵەژان کردبێت..؟

– وایە، ڕاستە....

زەنگی دەرگای دەرەوەم بیست، بۆیە بەپەلە وتم:

– ببوورە، گوێم لە زەنگی دەرگاکەیە. پێدەچێت هاوسەرەکەم بێت. دەکرێت چەند چرکە ئارام بگرن، هەتا هاوسەرەکەم دێتە سەرەوە؟

– بەڵێ، بەڵام بەڵێ. بڕێك خێراتر، ئەم هەواڵە خۆشەی پێ ڕابگەیەنە. چونکە دوو کەسی دیش وەك ئێوە براوەن و دەبێت تا کاتی کاری من تەواو نەبووە، ئاگاداریان بکەمەوە...

تەلەفۆنەکەم دانا و بەپرتاو دەرگاکەم کردەوە. هاوسەرەکەم و کاترینا بەچوار کیسە نایلۆنی پڕەوە هاتنە ژوورەوە. هاوسەرەکەم پرسی:

– چییە وا شڵەژاوی..؟ پشووت دا؟ خۆت ڕشاندەوە؟ چای بەیبوونت خواردەوە..؟

کە کیسە نایلۆنەکانی دانا، سەرنجی بەپەلەی بەسەر ڕێکلامە و ڕۆژنامەکاندا گێڕا،

کە زەرفە قەبەکەی بەدی کرد، وتی:

– ئەگەر تۆ هێندە ئەو چیرۆکە هەڵەگیری و چاك بکەیت، پێموایە زۆرتر هی تۆ بێت نەك ئەو نووسەرەی هاوڕێت.. دەشبێت بەدووکەس ڕۆمانێك بنووسن!

پەنجەم خستە سەر لێوەکانی و ڕوو بەهەردووکیان، ئاماژەم بەتەلەفۆنەکە کرد. بەچرپەش لە هەواڵەکە ئاگادارم کردن. هەردووکیان چاوەکانیان زەق کردەوە و بە سەرسووڕمانەوە لێیان ڕوانیم. هاوسەرەکەم وتی:

– سەد هەزار ئەورۆ؟ منیش لە هیچ یانسیبێکدا بەشداریم نەکردووە.

هەرسێکمان بێ دەنگ بووین. کاترینا برۆکانی هێناوە یەك و پرسی:

– ئێوە لە هیچ یانسیبێکدا بەشداریتان نەکردووە؟

من و هاوسەرەکەم لە یەکمان هەڵڕوانی و وەڵامی بێ دەنگیمان دایەوە.

– ئەی چۆن شتی وەها دەبێت؟!

لەتاو شڵەژانی دەروونی، من لەیادم چوو بوو، کاترینا کارمەندی فەرمانگەی (تاوانکارییەکان)ە. کاترینا پێکەنینێکی قورسی کرد و سەری ڕاوەشاند:

– خۆتان هەرزانفرۆش و بە گێل مەکەن. هەن کاریان فرۆشتنی ژمارەی تەلەفۆن و ئەدرێسی خەڵکییە، بە فیرما سەیر و سەمەرە و نامۆکان. بە تاوانکارە ئابوورییەکان. ئەوانە بەسەر شەقامدا دەگەڕێن و ئەدرێس و ناو کۆ دەکەنەوە، یانیش لە پەڕتووکتەلەفۆن دەری دێنن! هەر وەك لە ناکاو سەتڵێك ئاوی ساردم بەسەردا کرابێت. ڕاچڵەکیم و هاتمەوە سەرخۆ... بزرکاندم:

– بازرگانی بە فرۆشتنی ئەدرێس و ژمارەی تەلەفۆنی خەڵکی ترەوە...؟!

– لە باشی و سادەیی خۆتانەوە لە خەڵکی دی مەڕوانن! خۆ ژمارەی کۆنتۆت نەداوەتیێ؟

– نەء، نەخێر... پێمنەبوو...

هاوسەرەکەم هەردوو دەستی بەرز کردەوە و نیوە هاوار و ڕوو لە سەقفەکە وتی:

– ئۆهو سپاس بۆ یەزدان!

کاترینا ڕوانییە تەلەفۆنەکە و وتی بمدەرێ. کە دامە دەستی، خێرایش لێمی پرسی:

ژنە یان پیاو؟

– ژنە.

– هەلۆ؟

– هەلۆ.

– جەنابتان تەلەفۆنتان بۆ ئەم ژمارەیە کردووە و هەواڵێکی خۆشتان پێڕاگەیاندووین؟

– بەڵێ، هەروایە. جەنابتان کێن؟ هاوسەری جەنابی هازنفێڵدن؟

کاترین چاوێکی لە ئێمە داگرت و لێوە تەڕە سوورە ئەستوورەکانی پان بوونەوە:

– بەڵێ...

ئەو پەنجەشی بە دوگمەی میگرەفۆنی تەلەفۆنەکەدا نا، هەتا ئێمەیش گوێمان لێبێت.

– ئەی لەتەك مێردەکەمدا گەیشتنە کوێ؟

– کە ژمارەی کۆنتۆ و ئەدرەسی تەواوەتیمان بداتێ.

– دەتوانم بزانم لە کوێوە دەپەیڤن؟

– بە جەنابی مێردەکەتم ڕاگەیاند.

ئەی لە چ شارێك؟

– پێموایە هەر ئەوەندە بەس بێت!

– ئـەی بـاشە دەکـرێت کـە ئـەدرێس و نـاو و ژمـارەی تـەلـەفـۆنـی تەواوەتیمان بدەیتێ و نیو کاتژمێر چاوەڕێ بن، هەتا لە ڕاستیی ئەدرێس و ناو و ژمارەی تەلەفۆنتان ئەرخەیان دەبین؟!

ئافرەتەکە کەوتە منجە منج. ئێمەش لەگەڵ کاتریندا گوێمان لە پرتە پرت و یان جار جارە وژە وژەوە دەبوو. بەڵام تەلەفۆنەکە تەواو بە گوێی کاتریناوە بوو. ئەو هەستی زۆرتر بەلای پڕڕە پڕڕ و وژمەی جار جارەی پشت دەنگی ئافرەتەکەوە بوو. زۆر سەرم لە هۆشیاری و هەستی گوێبیستی کاترینا سووڕما کە وتی:

– جەنابتان لە تەلەفۆنی سەر جادەوە قسە دەکەن. نزیك لە شەقامێکی گشتـی و گـەورە کـە جـار جـارە کـامـیـۆنـی پـێدا تـێدەپـەڕێت. نـێزیك لـە جەنابتان...

– خخپ...!

تەلەفۆنەکە داخرا. هیوای کوێرانەی سەد هەزار ئەورۆیش وەك هەڵم بە هـەوادا چـوو. مـن و هـاوسەرەکـەم بـە سەرسووڕمـان و ئـاسوودەبـوونـەوە لەیەکمان هەڵدەڕوانی. کاترینا لەگەڵ دانانی تەلەفۆنەکەدا لە جێگەکەی خۆی، وتی:

– دەمـویست ئـەوەشی پـێ بـڵـێم کـە لـە نـێزیـکـتـانـەوە، درێلی گـەورەی جادەهەڵکەندن لە کادایە... بەڵام...

لەگەڵ هاوسەرەکەم و کاتریناشدا کەوتینە دەرهێنان و ڕێککردنی ئەو کەل و پەلانەی کڕیبوویانن. کە تەواو بووین کاترینا وتی:

– بڕیاره من خواردنێکی هندی ئاماده بکەم. فەرموون هەر کەس بچێت بەلای کاری خۆیەوه...!

ئەم جۆره قسەکردنەی کاترینام زۆر بەلاوه سەیر و سەرنجڕاکێش بوو. هەر دەڵێیت لە فەرمانگەیە و فەرمانی دەدات. دیاره هەر مەبەستی من بوو. منیش وتم:

– دەی باشه، وا چاوەڕێم. دوایش لەسەر نانخواردن و بەکاوەخۆ، باسی زەماوەندەکەتان بۆ دەکەم. من دەچمە ژووری نوستن و سەرگەرمی خوێندنەوەی ئەو چیرۆکه دەبم. چوومە ژوورەوه. کورسیەکەم هێناو لەبەر پەنجەرەی ڕوو لە دارستانەکه دانیشتم. پێنووسێك و چەند پەڕه کاغەزم لەبەر دەم خۆمدا دانا. هەردوو قاچەکانم خستنه سەر لێواری پەنجەرەکه و کەوتمە خوێندنەوەی چیرۆکەکه:

"ئەم چیرۆکه، تێکەڵەیەکە لە کۆمێدیا و تراژیدی...!!! لە ساتیره ڕەخنه...! لێ، ڕووداوەکان، لە زۆر جێی جیاوازتر لە یەکتر، ڕوویان دابێت. کۆڵەکەی ڕاگرتنی چیرۆکەکە، وتار، واته، – دڕۆنامە خوێندنەوەی – بەردەوام وتاقەت پسێن، پڕ لە پێداهەڵدان و دڕۆی، زۆرێك لە سەرکردە دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێهەمە. کە بێ شك (سەدام حسێن) ی دیکتاتۆر و سادیست و دوژمنی مرۆڤایەتی، نموونەیەکیانە. بەشێك لە هزری هەر تاکێکی جیهانی سێهەمدا، شایانی بیرلێکردنەوه و وتنن! ئەم درێژدادڕییە تاقەت پسێن و بێزارکەرەی، لە تەك ڕووداوەکاندا، بەردەوامە، ئەگەرچی لە ڕاستی ژیان و ژیاری جیهانی سێهەمەوه نێزیکه، بەڵام سیمبۆلێکیشە لە جوغزی – فەزا! – ی فەنتازیادا. واته، بێجگە لە ڕووداوه مێژووییەکان کە ئاشکران، ئیدی مەرج نییە کە ڕووداوەکان و کەسەکان، ناوێك و جێیەکی تایبەتی بگرنە خۆیان. سەرکار ناچار بوو، بەهۆی شەڕی نەگریسی درێژخایەنی (عێراق – ئێران) ەوه، کە مرۆڤ دەبووه چیلکه و چەوێڵی ئاگرەکەی، وەك هەزارانی تر، شار و وڵات، خاك و خەڵکی خۆی

بەجێ بێڵێت. ڕوو لە نامۆیی و تاراوگە بکات.

– بڕوانە، هیچ خۆت تێکنادەیت. تۆ بەرگەی مۆڵەتی سەربازیت پێیە و ترست نەبێت. سەر لە خزمەکانمان دەدەین، چونکە کەسێکیان لێ مردووە... شەوێك لە سلێمانی دەمێنینەوە و بەیانی زوویی ڕۆژی داهاتوو، بەرە و (عەربەت) و (شانەدەری) دەکەوینە ڕێ...

– بەڵێ. خاڵە گیان...

– من چونکەی زۆر هاتوچۆی ئەو ڕێگەیە دەکەم. دەتوانم بڵێم کە زۆربەی سەرباز و جاشەکانی (سەیتەرە) کان دەناسم...!

خاڵۆژنەکەی هەڵیدایە:

– کوڕە خۆتۆ تەنیا کەس نیت کە لەو سەیتەرانە دەرچووبیت. خاڵۆت تا نهاکە چەندین سەربازی هەڵهاتوو و بێ مۆڵەت و پسوولەی سەربازیی، بەو سەیتەرانەدا دەرکردووە.. ئەو ئەم کارە وەکو خێر و بۆ خودا دەکات. لەو ڕۆژەوەی لاشەی (دارا) ی برامیان لە بەرەی شەڕەوە هێنایەوە، ئێمەیان ئاوا جەرگ سووتاو و خەمبار، پرسەبار و بەرگ ڕەشپۆش کرد، دەڵێت؛ ئەگەر سەریشم تێدا چووە، هەتا دەتوانم، نەوەی خەڵکی لەم ئاگری شوومی جەنگی درێژخایەنە دوور بخەمەوە... ئەو پێ وایە، خێری حەجەکانی ئەو، خەڵك دەربازکردنە، لەم دۆزەخە...

مێردەکەی هەڵیدایەوە:

– ئێ خۆ شەڕی ئێمەی کورد نییە لەگەڵ ئێراندا..؟ ئێمە خۆمان وەك خەلەی ناو بەرداش، لە هەردوو لاوە دەهاڕدرێین؛ ئێوە بیربکەنەوە، ئەی چەندان ڕۆڵەی کوردی تر لە کوردستانی ئەودیو، وەکو ئێرەکانە دەکرێنە چیلکە و چەوێڵی ئەم شەڕە شێتانەیە..؟ ئەم شەڕە خوێناوی و ماڵوێرانکەرانە، لە بەرژەوەندی کێدان؟! ئێمەی کورد لە وڵاتی خۆماندا ئاوارەین. لەمدیو بۆ ئەو دیو و لەوێشەوە، بۆ ئێرە..

– ساوەڵا... ئـاژەڵـیش نـایـەوێت بـێچـووەکـەی لـەبـەر چـاوی نـەمێنێت. بمرێت، بکوژرێت. بەڵام چار چییە...؟ ئەگەر مردنێك لەپێناوی ئازادیی میللەت و خاك و خەڵك دابێت. بۆ کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر بێت... ئەوا وەکو ئەو هەموو شەهیدانە، دەبێتە جێی شانازیی خزم و خەڵك...! وەك دایکێك ئاواتەخواز بووم، تۆیش وەك حەمید و سالاری برات، ژن و منداڵت هەبووایە و دابمەزرایتایە... هەر کات بمویستایە بمبینیتایە.. نەوەتم لە باوەش بکردبایە... بەڵام ئاخ..

کەوتە هەنسکدان و گریان و پەسا پەسایش، بە چمکی لەچکە ڕەشەکەی، چاوە تەڕەکانی دەسڕیی. بۆنی ملوانکە مێخەکەکەی هەوای پڕ کردبۆوە. خوشکە گەورە شووکردووەکەی، کە تەنیا دوو چڵ ئێسقان بوو، باوەشی پێدا کردبوو و دڵنەوایی دەدایەوە:

– بەقوربانت بم سەرە گیان. من لێم یەقینە کە بە بێوەی دەگەیتە جێی مەقسەدو دادەمەزرێیت. ژیانێکی دوور لە ترسی گرتن و بەندیخانە و ئەشکەنجە و – خوانەخواستە – کوشتنت دەبێت. تۆ دەستڕەنگینیت و زۆر کاسبی و پیشە دەزانیت. گەنجیت و ژیانت زۆری بە بەرەوە ماوە! بڕۆ ئازیزەکەم بڕۆ..! خۆت لەم بەڵای ئاگری شەڕە بێ کۆتاییە دەربازکە و با ئێمەیش جەرگ سووتاو و ماڵوێران نەبین. با ئالایەکی ڕەشی شووم بەسەر بانەکەمانەوە نەشەکێتەوە...!

کەوتە هەنسکدان و لووشکەی گریان، بە توندی سەرکاری بەخۆیەوە دەگووشی. باوکە پیرە پشت کۆماوەکەی، لەبەر دیوار و گوێسەبانە داڕووخاوەکەدا، لەسەر کورسییە نایلۆنەکە دانیشتبوو. چەندین ڕایەڵە نایلۆنیش بەربوونەوە خوارەوە، لەگەڵ سڕینی چاویلکە ئەستوورە زەرەبینەکەیدا، بە هەناسەبڕێك و دەنگێکی زۆر نزمەوە هەڵیدایە:

– خوا دەست بە تەمەنی ئەوانەوە بگرێت، کەسێك لەم بەڵا و دۆزەخی شەڕی نەگریسە ڕزگار دەکات.. ئەشهەد و خێرەکەی حەجێکە. ئۆوو

ئەوانەی بە خت و خۆڕایی، ڕۆڵەی خەڵکی بەکوشت دەدەن. جەرگی دایکان و باوکان دەسووتێنن.. بکەونە ئاگری جەهەنەمەوە..

وەکو دەنگی کۆرس، وشەی (ئامین...!) بیسترا. خەمێکی گەورە دڵی سەرکاری دەگوشی، ئازاری دوورکەوتنەوە لە دایك و بابێکی پیر و برایەکی ئیفلیجی لە جێدا کەوتوو. بەڵام هەر کاتێك لەم خەمەی دوابێت. دوو خوشکە شووکردووەکەی و دوو براکەی تری کە زۆر دوور لێرە نەدەژیان، ئەمیان ئەرخەیان دەکرد، سوێندیان بە چاوە پڕووشکاوییەکانی بابە و چاوە نێرگزییە گەشەکانی دایکیان دەخوارد، کە لە بوونی تۆ لێرە، زیاتر بەدەمیانەوە دەبن و خزمەتیان دەکەن. تەنانەت سالاری برای بە پێکەنینەوە پێی وت:

– کوڕی باش، سپاسی خوا بکە، ڕەبەنیت و دەتوانیت بە هەموو لایەکدا و کەنگێش بتەوێت بجووڵێیت. تۆ وەکو ئێمە نەبەستراویتەوە... ئاخ منداڵ...! ئەگەر منداڵم نەدەبوو...؟!

خوشکە خڕیلە کورتە باڵاکەی، کە خاڵێك بەسەر چەناگەیەوە بوو، پێی وت:

– با دوور بیت و بمێنیت... نەکا نێزیك بیت و گوێی شەیتان کەڕ بێت، سەرت تێدا بچێت. بۆ ئەو لاشانەی کە لە تابووتدا دەیانهێنەوە هەموویان قارەمانی بەرەی شەڕن...؟ زۆر بەیان کوڕی ناسك و نازدار و بێ ئەزموونی جەنگن. لە بەردانەوەی هالیکۆپتەرەوە و لە خوارەوە تەقەیان لێ کراوە و ئیدی بە خەسار چوون...

کە خاڵی داوای خۆ ئامادەکردنی کرد، سەرکار بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە، لەوان جیابۆوە و چووە کن برا گەنجە پەککەوتەکەی لە ژوورەوە. بۆنێکی ناخۆش بە لووتیدا گوزەری کرد. براکەی پاڵی بە دیوارەکەوە دابۆوە. دەمی داچەقاندبوو، چاوەکانی نووقاندبوو. هەردوو ئەژنۆی گرتبووە باوەش و لەبەر خۆوە شتێکی دەوت و دەوتەوە. کە سەرکار باوەشی پێدا کرد و چەند

ماچێکی کرد، داچڵەکی و بە واقوڕمانەوە سەرنجی سەرکاری دا و ورتاندی:

– کاکە.. ئەی تۆ سەرباز نیت...؟

– بەڵێ... گیانەکەم...

– ئەی هەر لەماڵەوەیت...؟

– نا... ئیتر دەبێت بڕۆم... هاتووم بۆ بەخوا سپاردن...

ئەمەی وت و دایە قوڵپەی گریان. باوەشی بە لاشەی سستی براکەیدا کرد و فرمێسکەکانی چەندین پەڵەی تەڕی لەسەر کراسەکەی دروست کرد. نەیزانی چەندە سەری بە سەر سنگی براکەیەوە بوو، بەدەنگی دایك و خوشکەکەی و خاڵی بەئاگا هاتەوە کە هاتنە ژوورەوە. دوای بەخوا سپاردنێکی پرسە ئاسایی و گریان و شینێکی نهێنی. ناچار لێك جیابوونەوە. دایکی قاپقورئانێکی کردە ملی سەردار. ئەگەر چی سەرکار هێندە گرنگی بە ئایین نەدەدا، بەڵام نەشیتوانی ملوانکەکە ڕەت بکاتەوە. دایکی و هەردوو خوشکەکانی، دوعای بێوەیبوونیان بەسەردا خوێند و بەهەر چوار لایشدا پوفیان کرد. دەتگۆ بۆ کۆتایی جارە کە بە دایك و باب، خوشك و برا و خاڵ و خاڵۆژن، بە منداڵەکانی ناو حەوشەکەدا هەڵدەڕوانێت. کچەکان خەتخەتێنیان دەکرد و کوڕەکانیش، بە هەڵمات چاڵچاڵێن. چووە لایانەوە. بە تاسەوە تێیانی هەڵڕوانی و بە خۆشەویستییەوە دەستی بە سەریاندا دەهێنا. خۆ ئەوان لە هیچ تێنەدەگەیشتن. یانیش نابێت بزانن کە ئەم دوور دەکەوێتەوە، هەڵدێت، نەکا لە کۆڵان بیدرکێنن و ئیدی دەم بە دەم بڕوات. بە حەوشە و گوڵە هێرۆ دڵگیرەکان و پشیلە خەوتووەکە، پاشان کۆڵان و گەڕەك و جادە و شارەکەیدا هەڵدەڕوانێت.

بەترسەوە، ترس لە گرتن. لە ئەشکەنجە و ڕەمی کردن. یان لە سێدارەدان و جگەرسووتانی دایك و بابە پیرەکەی، لە پێشی گەلابە زەبەلاحەکەی

خـالّـی دانـیشت. بـەنـاو گـەڕەكـە وێرانـكـراوەكـانـدا، بـە كـۆڵان و جـادە هەڵتەكێنراو و پیس و پڕ لە زبڵەكاندا، تێپەڕین. پشكنینەكان؛ وەستانێك و گۆڕینەوەی چەند وشەیەكی خاڵی، لە تەك سەرباز و جاشەكان و ئیدی نـاڵـەی مـەكینـەی (سكـانیـا) زەبـەلاحـەكـە دەبـیستـرایـەوە، كـە بـەرەو پـێش دەیلووشكاند. تادەهات زۆرتر لە شاری پڕ لە ئاڵای ڕەشی پرسەباریی و ماتەم دوور دەكەوتنەوە. هەموو ڕێگاكە پرسیارێك لە مێشكیدا وەك كرم، خۆی لوول دەدا و دەخزایە ناو دڵ و هەناوییەوە، ئازاری دەچێژا و گینگڵی دەدا. هەرچی دەیكرد نەیدەتوانی داوای وەڵام لە خاڵی بكات. كاتەكەی زۆر بـەنـاسك دەزانـی. ئـەگـەر لـە ئـاكـامـی پـرسیـارەكـەدا، خـاڵـی تـووڕە و دڕدۆنگ بـوو و نـاچـاری گـەڕانـەوەی بـكـات..؟! ئـەم كـە لـە پـاڵ خـاڵـیدا دانیشتبوو، لە هەموو وەستانی پشكنینێكدا، خاڵی دەستی چەپی دەبردە دەرەوە، بە ڕوویەكی خۆشەوە سڵاو و خۆشی لە تەك سەرباز و جاشەكاندا دەگۆڕییەوە. بەڵام چۆن بوو كە لە ئاوێنەكەی دەرگای لای خاڵییەوە، لە ساتی دەست بردنە دەرەوەدا، پێناسەیەكی لە لەپی دەستی خاڵیدا دی..؟! ئیدی سكانیا هەڵدەستا و دەكەوتنەوە ڕێ. ئەو شەویش لە سلێمانی، چ لە خەم و تاسەی كەس و وڵات بەجێهێشتن و چ لە دیمەنی پێناسەی لەپی دەستەكەی خاڵی لە ئاوێنەكەوە دی، خەو نەدەچووە چاوەكانی و هەر ئـەمدیوئەودیوی دەكرد.. لـە هـەمـوو خـەوە پـچڕ پـچڕەكـانیشدا خـەونـی نـاخۆشی دەدی. لە خەونێكیدا لە سەیتەرەكەی (سەیدسادق) گیرا. بەدەست و چـاوی بـەستـراوەوە بـەرەو سەربـازخـانـەیـەك پـەلكێشیـان كرد. زەندەقی چووبوو. گێژو وڕ و بێ هێز. كە دەستەكان بەر شانەكانی كەوتن و گوێی لە قسەكانی زمانی بێگانە و فەرمانەكەوە بوو، كەڵكەڵەی ئەژنۆی شكا. هەستی كرد كە بە دەست و چاوی بەستراوەوە لەبەر دیوارێكدا ڕایانگرت و لێی دووركـەوتـنـەوە. لـە پـێشدا دەیـورتـاند.. بـەڵام كـە گـوێبـیستـی خـرمـەی تفەنگ هێنانەوە بوو.. هاكا گوللە گەرم و تیژەكان لەشی هەنجن هەنجن

دەکـەن. هــەمــوو گـیــانــی شەلاڵـی ئـارەقـە بـوو. دەنـگـی فـەرمـانـی دەستڕێژەکەیش، دەنگی خاڵی بوو. ناڵە و هاوارێکی بەرز و جەرگبڕی لێ بـەرز بـۆوە و لـەسەر پـێخـەفـەکـەی کـەوتـە خـوارەوە. خـەڵکـەکـەی بـەئـاگـا هـێنـابـۆوە و سەر و قـژە تـەڕەکـەی لـەبـاوەشی خـاڵیدا بـوو، کـە دڵـنـەوایـی دەدایەوە. چووە بەر بەلۆعەکە و دوو جام ئاوی بەسەر خۆیدا کرد. کە گەڕایەوە بەر هەیوانەکە خاڵی لە تەك خانەخوێی خزمدا لەسەر قەنەفە درێژەکە دانیشتبوون و ناشتایان دەکرد، وتی:

– سەرکار، ئەوەیش گیپەی تۆیە.. کاك محێدین ئەو زەحمەتەی کێشاوە، سبەی زووتر لە ئێمە هەڵساوەو کڕیوویەتی...

– گیپە...؟ نەخێر... زۆر سپاس... هیچم بۆ ناخورێت... سەرم دێشێ و سکیشم دەچێت... کابرا ئەفەندییەکە هەڵیدایە:

– دەی ئەوە قەلەقیت و ترست هەیە... فەرموو دانیشە..

بۆ من چاکترە، چنگێك نۆکی وشك ئەگەر هەتانبێت...

ئافرەتەکەی سێ پیاڵە چاکەی لەسەر مێزەکە دانا، وتی:

– هەی لە دەورت گەڕێم.. هەر تۆ چنگێك نۆك...؟! ساوەڵا ئەگەر تۆ بە نۆك پێمان ڕازی دەبیت.. ئەوە هەر نۆك زۆرە... بەڵام باوەڕت بێت نان و ماست و چا... بە تایبەت چای خەست، دەوای سك ئێشە و سك چوونن... یانیش هەر نان و چای شیرین بخۆ... سەرکار سەرگەرمی نان و چا خواردن بوو کە ئافرەتەکە بە پریاسکەیەکەوە گەڕایەوە.

– ئەمەیش هەندێك نانساجی و کولیچە و نۆکەکەیش!، وەکو توێشووی ڕێگا.

کەسەکەم... کوڕەکەم. بەڵام دایکت پێبزانێت کە بە وشکەنۆك میواندارییم کردوویت... لۆمەم دەکات و لێم زویر دەبێت..

– نەخێر وا مەفەرموون حەلاوەخان. ئەی ئەو نانساجی و کولیچە

خۆشە پڕ لە گوێز و خورمایانە بۆچ حسێب ناکەیت...؟! تۆ لە جێی دایکمیت. تۆ دەرمانی دەردم دەدەیتێ.. یاخوا بێوەی بن..

– کوڕەکەم بەخوا گوێزی باشیش نەماوە، حکومەتی نەفرەتی دار گوێزی لەو هەورامانە بەهەشت ئاسایەدا نەهێشت.. بە بڕینەوە و بە سووتاندن، ئەوەیشی ماوە شوێنی قەدەغەکراوە و کەس بۆی نییە پێیدا گوزەر بکات..

مێردەکەی هەڵیدایە:

– بەڵێ، بێ ئەقڵەکانی خۆیشمان، لە بریتی هەر شتێکی تر، بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆکی وڵات، دار گوێزێکی ئاڵتوونی پێشکەش دەکەن..! تووخوا ئەوە ویژدانە...؟! ئەو نەك هەر ڕەز و باخ و دارە بەردارەکان دەبڕێتەوە، بەڵکووم قڕیشی خستۆتە گەنجانی وڵات... چۆن (سن) لە خەلە و خەرمان دەدات و بە خەساریا دەبات، ئەوەهایش گەنجانی وڵات دەبنە چیلکە و چەوێڵی، ئاگری شەڕی نەگریسی شێتانە.. یانیش ڕێگای ئاسۆیەکی نادیار، پڕ لە ترس و ماندوویێتی و نامۆیی دەگرنە بەر و هەڵدێن"

سەرکار ڕووی کردە هەردووکیان و بە ئاسپایی پرسی:

– هیچ هەواڵێکی کاکە هۆگر هەیە ...؟!

حەلاوەخان هەناسەیەکی قووڵی دایەوە، ڕوو لە خاڵی و مێردەکەی کە لووشکەی چا خواردنەوەیان دەهات، وتی:

– هەر لە فەڕەنسایە... ناوی شارەکەیم هەرگیز بۆ لەبەر ناکرێت. (سەربان) ە، (سەربۆن) ە (سۆربوون) ە..

مێردەکەی قاقایەکی کرد و هەڵیدایە:

– ئەویش بە گەنجی خۆی پی ڕکردووە... دەڵێیت کەس ژنی نامرێت ئەو نەبێت! وێنەیەکی بۆ ناردووین بەسەر و ریش و قژی بژەوە، سەرتاپا ڕەشی پۆشیوە.. بیرم کردەوە نەبووبێت بە قەشە؟

– ئـاخـر پـیـاوەکـە ئـەو پـرسـەبـاری ژنـە فـەڕەنسیـیـەکـەیـەتـی.. زۆری خۆشدەویست...

پێش ئەوەی دەرفەتی پرسیار بدات، هەر خۆی درێژەی پێ دایەوە:

– کورم، ژنێکی فەڕەنسی هەبووە کە ئەویش وەك خۆی وێنەکێش و هونەرمەند بووە.. دەچنە ناو چیا و بەفر و خلیسکانێ دەکەن. ژنە بەتەقلە دەکەوێتە خوارەوە و گیانی بە حازری دەسپێرێت...

کابرا جگەرەیەکی گڕدا و چەند مژی بەپەلەی لێدا. پاش نەرمە کۆکەیەك، قسەکەی بە حەلاوەخانی ژنی بڕی:

– دیارە زۆری خۆشویستووە، بۆیە کاری تێ کردووە. دەڵێن وێنەی ئەو ژنەی بە چەندین مۆتیڤی جیاواز دروست کردووە... تەنانەت... هەرچی پـێشانـگـا دەکـاتـەوە، هـەر بـە نـاوی ئـەو ژنـەوەیـە... ئـەی خـودایـە بـۆچـی ناوەکەیم لە بیر چۆتەوە؟!

سەرکار وتی:

– گرینگ ئەوەیە کە جارجارە لە هەواڵی ئاگادارن. ئەو هەر زۆر بە گەنجی قەلفڕی بۆ کرد... خۆزگای منیش هەر زوو. کە هێشتا گەنجتر بووم. خۆم بگەیانایەتە هەندەران...

خاڵی هەڵیدایە:

– دەی هەموو کەسێك دەستخەڕۆی ئەمڕۆ سبەی ئەمڕۆ سبەی بوون... کە جەنگی نەفرەتی کۆتایی پێدێت و لە ئارامی و ئاسایشدا دەژین.

بەگەرمی بەخواسپاردنیان لێك کرد. ئیدی بەچاوی سوور و سەرئێشە و لـەشی داهـێزراوەوە. بـە دنـیـایـەك لـە تـرس و دوودڵـی و گـومـانـەوە، لـە چـاوەڕێکـردنـی بـەڕێکـەوتـنـدا بـوو. گـومـان دڵـی دەگـوشی. گـومـان لـە قـاچـاغـچـیـیـەکـان، کـە پـارەوپـووڵ و پـاسپـۆرتـەکـەی لـێ نـەسێنن و لـە هەڵدێرێکەوە تووڕی بدەنە خوارەوە. بیستبووی کە قاچاغچییەکان تەنیا

کاسپی بە کاڵاوە ناکەن، ئەگەر بۆیان هەڵکەوێت مرۆڤیش دەفرۆشن! تێیاندایە کە بۆ دەستگا زانیارییەکانی عێراق و ئێران کار دەکەن. بە گرتت دەدەن. پاشانیش مەرجی بەربوونەکەت، پێڕاسپاردنی ئەرکێکی سیخوڕی دەبێت. بە دڵێکی پڕ لە ئازاری دوور کەوتنەوە لە ماڵ و کۆڵان و گەڕەك و شاری خۆشەویستییەوە، سواری سکانیا بوون. نرکە و فیشکەی کۆڵان و جادە ماتەم و پڕ لە (مغاویر) و جاش و سوپاگەلییەکانی تەی کرد. کە ئیدی بە هەمان شێوەی دەرچوونیان لە کەرکووك، لە پشکنینەکانی دەرەوەی شار و عەربەت و سەیدسادق، ڕەتبوون! لەساتی بەخواسپاردن لەتەك خاڵیدا، لە شانەدەری، هەرچی دەیویست لە بارەی پێناسەی ناو لەپی دەستەکەیەوە، بپرسێت، بەڵام بوێری نەکرد. شەو لە (شانەدەری) لەگەڵ وڵاخدار و قاچاغچییەکاندا کەوتەڕێ. شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاو، تەنیا خۆڵی ڕێگاکە سپی دەکردەوە. نەیزانی لە چ قوڵێکەوە هاوسەفەری بۆ زیاد بوو. بوونە چەندین وڵاخی باریی و دە دوازدە کەس. بۆنی تەڕایی و پەلکی درەختەکان و گژوگیا، فێنکایی دەگەیاندە ناو سییەکانی. دەشت و کێو و دۆڵ، چیای پڕ لە هەڵەت و بەرز و نزمی و ترسی تەقەی ڕەبایەکانی سەربازانی ئێران و عێراق. یان کەوتنە بۆسەی مەفرەزەی جاش و پێشمەرگەوە. هەموو پرمە و لووشکەیکی وڵاخەکان، خرپەی ترسی بە دڵ و گیاندا دەهانی. لە نێوانی وڵاخەکاندا، بێدەنگ و بەدوای یەکتردا، کوێر کوێرانە و بە ترس و ئاگاییەوە، هەنگاویان هەڵدەهێنایەوە. ئەوەی لەو ئارامیی شەوەزەنگەدا دەبیسترا، خیزەی سنگ و هەناسەدانەوەکان. خرمەی سمی وڵاخەکان و خوێندنی باڵندەکان. شنەی لق و چڵ و گەڵای دارەکان بوو. ئەویش بیری لە چوونە ریزی پێشمەرگایەتی کردبۆوە، گەلێك جاریش بەخەیاڵ لەژێر بەرگی پێشمەرگایەتی و فیشەکداندا دەدی، دنیایەك گەشکەی پێدەهات. بۆ خۆی ڕێبازی یەکێك لە پارتە شۆڕشگێرەکانی لا پەسەند بوو. بەڵام لێ مەخابن،

چونکە گەرمەی شەڕی براکوژی و خۆکوژی نێوان پارت و گرووپەکانی چیا بوو، بۆیە بە دڵی شکاو و بیری پرش و بڵاوەوە، بڕیاری چوونە هەندەرانی دا. ڕمبە و زرمە و دەنگێکی کپی لەناکاوی "هەی ماڵی وێرانم...!!" هەموویانی داچڵەکاند و لە جووڵە کەوتن. ولاخێك بە بارەکەیەوە، کوڕێکی گەنجیش بەسەرییەوە، لە هەڵدێرەکەوە بەربوونەوە. هاواری کوڕەکە تێکەڵ بە پڕمە و هانکەهانکی ولاخەکە... تا دەهات بە قووڵایی بێ بنی دۆڵەکەی خوارەوەدا دەچوو، کە ئیدی، پاش تلبوونەوەی چەندین بەرد، دەنگ نەما. دەتگۆ کوڕە گەنجەکە و ولاخ و بارەکە، کەوتبێتە قووڵترین چاڵی ئەم دنیایە، تاریکییەکە وەك هەژدیهایەك هەڵی لووشین!. کەوتنە مقۆمقۆ و شین و شەپۆرێکی بێدەنگ. لە بێدەسەڵاتی و پشێویدا، واژە واژ بەدەوری خۆیاندا دەخولانەوە. ترسی ئەوە هەبوو کە لە ڕەبایەکەوە هەستیان پێ بکرێت و بدرێنە بەر ڕێژنەی گوللە. هەموو پەرشوبڵاو لە تاریکییە بێ کۆتاییەکەی خوارەوەیان هەڵدەڕوانی و لەبەر خۆوە دەیانورتاند. لەشی سەرکار شەڵاڵی ئارەقە بوو. دەلەرزی. هەستی بە تاڵییەك دەکرد لە قورگ و دەمیدا. کوێرکوێرانە بە بەرزایی رۆخی ڕێگاکەدا هەڵزنا و لە ژێر دارێکدا پاڵیدایەوە. کە دانیشت هەستی بە بۆنی چڵکی لەشی خۆی کرد. دوو قوم ئاوی لە مەتارەکە خواردەوە و ڕوانییە تاریکییەکەی بەجێیان هێشتبوو: "بۆچی بەهەمان ڕێگادا نەگەڕێمەوە...؟! ئایا ڕێگاکەم لێ بزر نابێت؟! ئەی ناکەومە ناو بۆسەی سەرباز و جاشەوە؟! خۆ ئەگەر بگیرێم، وەکو نێچیرێك دەفرۆشێم. پاشانیش بەناوی پێشمەرگەوە، هەر بە زیندوێتی بە دوای زرێپۆشدا ڕامدەکێشن. ئەگەر بگیرێم، خاڵم بە پێناسەکەی بەری دەستی منی بۆ ڕزگار دەکرێت..؟" یەکێك لەوانەی کە هێشتا کە بەسەر ڕێگاکەوە، ڕوو لە دەربەندە تاریك و هەزارەکە، بەدەست بە ئەژنۆ و سەری خۆیاندا دەکێشا و پرسە ئاسا، دەیان ورتاند، هاتە کن سەرکار و بەدەنگێکی زۆر خەمبار و لەرزۆکەوە وتی:

– ئای لە قەزا و قەدەر... لە ئەجەل...! ئەرێ ئەو بەدبەختە ناوی چی بوو؟

– ئەجەلی چی براکەم. ئەگەر قاچی تلۆقی نەکردبایە و ناچار بە سواری ولآخ نەبووایە، وەکو من و تۆ دەمایەوە!

– ئێ، ڕەحمەت لە دایك و بابت، ئەوە ئەجەلەکەیە. ئەرێ توخوا ناوی چی بوو؟

– خۆی دەیوت ناوم (شادومان) ە... ئەگەر ڕاستی وتبێت.

– توخوا ئەوە بەڕاستتە؟

– وەڵا بەڕاستمە، بۆچ؟

– چی بڵێم کاکە برا.. ناوەکەی لەتەك ئەو بەدبەختییەدا ڕێکناکەوێت. خۆزگا ناوی (خەمگین) بووایە و وای لێ بەسەر نەهاتبایە. هەی دایك و باب و کەس و کاری بەدبەخت. چاوەڕێن کوڕیان بگاتە هەندەران و جێیەکی ئەمن و ئاسایشت...

– خەم مەخۆ، باب و دایکی نەماوە. لە ڕۆژی زەماوەندی برا گەورەکەی ئەم بەدبەختەدا، لۆرییەك دەیانکات بەژێرەوە و پارچە پارچەیان دەکات.

– کاك سەرکار خۆ ناسیاو و خزمت نەبوو؟

– نەخێر. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەی بەدەم ڕێگاوە بۆ گێڕامەوە.

– ئەرێ ئەو نەفرەتییە بۆچ پەلی هەڵخلیسکا؟!

– ئەم پرسیارە لە ولآخدارەکان بکە. براکەم. ئەوەی کە ئێمەی شاری دەیبیستین: ئەم ولآخدار و ولآخانە، لەم هەردو چیا و تاریکییەدا، زۆر چوست و چالاك و بە ئەزموون. هاوڕێکەی کە هەڵسابووە سەر پێ، بە واقوڕمانەوە وتی:

– کاکە برا دەزانیت ئێمە لە چ خەتەرێکداین؟!

– بەڵێ وایە. ژیانمان لە مەترسیدایە.

– کاکە سەرکار گیان. مەبەستم ئێستایە، دەوروبەری زۆربەی ڕێگا و تووله ڕێگاکان، مینڕێژ کراوە, هەر باشە کە مین پێماندا نەتەقیوەتەوە. خۆ وڵاخدارەکان ئاگاداریان کردینەوە کە لەسەر ڕێگاکە دەرنەچین؟!

سەرکار تازە هەستی بەو مەترسییە کرد. هەستا و بە ئاگاییەوە خۆیان بەرەو تووله ڕێگاکە شۆڕ کردەوە. خۆ بەخۆ دەستی بەتوورەکەی ناو جانتاکەیدا کرد، دوو کولیچە و نانساجییەکی دایە هاوڕێکەی. ئەویش بە سوپاسەوە لێی وەرگرت و کەوتە خواردنیان. وتیشی:

– کاکە سەرکار، ئەمە بە ماستەوە خۆشە، یانیش چای شیرین. ماستی مەیدانەکە و چای شیرینی دەستی دایکم.

– لە هەموو شتێك خۆشتر لەم ساتەدا، دەرچوونمانە بە بێوەیی لەم شەوەزەنگە پڕ لە مەترسییەدا...

لەم کاتەیشدا دەنگێکی گڕ و کپ، هەمووانی ئاگادار کردەوە:

– دەی کاکە. دەبێت ڕێکەوین.

کوڕێکی گەنج، لەسەر کۆڵە پشتەکەی و ڕوو لە چەم و شیوە تاریکستانەکە دانیشتبوو، بەئەسپایی وتی:

– بۆ کوێ؟! ئیدی هەروا بە ئاسانی، هەردووکیان بۆ خواردنی گورگ و ڕێوی و چەقەڵ، قەل و داڵ بەجێ بێڵین؟!

دەنگێکی گڕی یەکێك لە وڵاخدارەکان، حەزینانە وتی:

– کوڕی باوکم.. لاشەیان هەپروون بەهەپروون بووە.. هەر پارچەی لە جێیەکە.

شیوەنی خاوەن وڵاخەکەیش دەبیسترا، کە بەدەم ڕۆیشتنەوە بەسەری خۆیدا دەکێشا:

–ماڵم وێران بوو. نابووت بووم... وەڵامی خاوەن قەرز و کاڵاکان چۆن

بدەمەوە؟ سەرکار و هاوەڵەکەی هاتبوونەوە سەر ڕێگا بەردییەکە. بە بیری جەنجاڵ و دڵی خەمبار و گوشراوەوە. بێدەنگ لەگەڵ ئەواندا، هەنگاوی زۆر ئاسپاییان بەرەو پێشتر هەڵدەهێنایەوە. مرۆڤێکی گەنج لە چرکە ساتدا، لە ژیاندا نەما. مرۆڤێکی سیخناخ لە هیوا و ئاوات و بەرنامەی ژیان. بەڵام هەنگاوی هاوکاروانەکانی، بە خەرواریك گەشبینی و بەرنامەی داهاتووی ژیانەوە، هەردەم بەرەو پێشتر دەچوو. شەوەکە هەر تاریك بوو. ئەستێرەکانیش دەدرەوشانەوە. نەسیمەکەیش فێنکایی بە لەشە ئارەقاوی و ماندووەکان دەگەیاند. لە چرکەدا یەکێك لە ژیاندا نامێنێت، بەڵام هەموو کەسێکی ئەو یەکە، ناسیاوە و هاوەڵەکانی، درێژە بە ژیان دەدەن. یەکێك لە وڵاخدارەکان خەیاڵی لای پارە و پاسپۆرتی بەر باخەڵی کوڕە گەنجەکەوە بوو. بەڵام تاریکی شەوەکە، قووڵایی دۆڵەکە و سەختی لێژانییەکە، کاری کردن نەبوو.

(سەرکار)، هەتا هەنگاوێك دوورتر دەکەوتەوە، قورسایی تاسەی خەڵك و خاك و نیشتمان، زۆرتر و بە ئازارتر دڵی دەگوشی. فێریان کردبوو کە لە ئێران خۆی وەك کەسێکی ئەهلی تەسلیم بکات، نەك وەك سەربازی هەڵهاتوو. سەربازی هەڵهاتوو لە ئۆردوگای (کەرەج) دەگیرسایەوە و ئەهلیش لە پارکی (ئیرەم). مامەڵەی چوونە دەرەوەیش لە ئێران، بۆ ئەهلی ئاسان و بۆ سەربازانی هەڵهاتوو دژوارتر!

سەرکار هەفتەیەك لە شارۆچکەی مەریوان، لە ماڵی ناسیاوێکیان مایەوە. پاشان لەتەك کۆمەڵێکی ٢٥ کەسیدا. بە پاس ڕەوانەی شاری سنە و پاشان (تاران)یان کردن. پاش دوو مانگ مانەوە لە پارکی (ئیرەم) ی تاران، بە پارە و بەرتیلدان، مامەڵەی سەفەری چوونە دەرەوەی تەواو کرد و لە ئێرانیشەوە بەرەو ئەوروپا هەڵفڕی. ئەگەرچی بەرەو نامۆیی و نادیار دەچوو، بەڵام کە فڕۆکەکە بەرز بۆوە، دەتگۆ هەموو گێتی بەسەر شانی ئەوەوە بووەو، وا ئیدی تووڕیدایە خوارەوە! بە هەناسەیەکی درێژ

پیشخواردنەوەی چەندین ساڵی خۆ خواردنەوەی، کرد بە هەوادا. هەستی بــە سووکــی دەروونــی و لــەشی دەکـرد. دەبـووایـە بـۆ دوو کـاتـژمـێر لـە فـڕۆکـەخـانـەی (ئـەسینـا)ی یۆنـان، بمێننـەوە. هـەر لـەوێکـانـەدا تـووشی دەمـبـۆڵـە و شەڕ بـوو. یـەکێك لـە هـاوسەفـەرەکـانـی، لـە فرۆشگـایـەکـی نـاو فڕۆکەخانەکە، پۆستکارتێکی جوانی کڕی. بە دیمەنی سەر دەریا و خەڵکی ڕووتەوە. لەبەر چاوی هەموویان لە پشتەکەیی نووسی ″من لە ئەوروپام. گـوزەرانم زۆر بـاشە و هـیـچ لـە خـەمـی مـنـدا نـەبـن...″ ئـەوجـا داوای لـە فرۆشگاکە کرد ئەم کارتەی بۆ وڵات پۆست بکات. سەرکار لێی پرسی:

– براگیان، ئێمە کە دوو دەمژمێر لە هۆڵی ترنسیتداین. پاشانیش نازانین لە کوێ دەگیرسێینەوە و چیمان بەسەردا دێت.. بە ڕای جەنابت ئەمە شێت کردن و بـا ئـاوەزە ڕابوواردنی خەڵکی ناو وڵات نییە؟ بەتایبەتی گەنجەکان؟

کوڕەکە هەردووچاوی لێ سوور کردەوە. حیلکە حیلك دایە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی و بە گرژی وەڵامی دایەوە:

– ئەرێ تۆ کوێخای کوێیت؟

– من کوێخای ویژدانم. ویژدانی تۆیش! وەکو وتم؛ تۆ بەتەمایت پاش وەستان لە وڵاتێکی تریش بگەیتە سوئێد. ئەگەر هیچیشت لێ بەسەر نەیەت و بگەیتە جێی مەبەست، بە پەنابەریش وەربگیرێیت، هێشتاکە خەڵکی وڵات ئاگادارکردنەوە لە وەها ژیانێك، درۆیەکە لەگەڵ خۆت و خەڵکیدا دەیکەیت.

کوڕە گەنجەکە بە هەموو هێزیی کوتایە شانی چەپی سەرکار، ئەگەر دووکــەس لــە دوایــەوە نــەبــونــایــە، بــە پشتــدا دەکــەوت. زۆربــەی هـاوسەفـەرەکانیـان، پەلی سەرکاریـان گرت و خۆیـان لە کوڕەکە و دوو هـاوەڵەکەی دوورخستەوە.

هەر پاش شەش مانگ، لە تەلەفزیۆنێکی کەمپی پەنابەراندا لە ئەڵمانیا، بیستی کە جەنگی هەشت ساڵەی کاولکاریی کۆتایی هات. هێشتا زامی پڕ

لە سویێی جەنگی هەشتساڵە و هەڵەبجشیما و ئەنفال، کۆتایی نەهاتبوو، کوردستان کەوتەوە بەر هێرشێکی دڕندانە و شێتانە. هێرشێکی پڕ لە قین و بێ دەست پاراستن لە هیچ کەسێك. هێرش دژی کۆمەڵێك لە پێشمەرگەی بەرەی شەڕدا نەبوو؟ بەڵکوم دژی میللەت بە گشتی. خەڵك بە کۆ، بە گشتی کۆچیان دەکرد و فڕۆکەیش بە ئاسمانەوە درویێنەی ڕۆحیانی دەکرد. دیمەنەکان لە تەلەفزیۆنەوە دنیای هەژاند. کۆڕەوە و کۆچی چەند میلیۆنی بە دنیای ڕاگەیاند؛ میللەتێك لە دەست سەرکردایەتی خوێنڕێژ و دیکتاتۆری وڵاتە ئاگر تێبەرددراوەکەی، وڵاتە داگیرکراوەکەی، هەڵدێت. میللەتێك ئامادەیە لە ژێر ڕێژنەبارانی گوللەدا گیانی خۆی ببەخشێت، بەڵام ژێردەستی و چەوسانەوە قبوڵ نەکات. هەموو تاکێك لە وڵاتی ئازاردا، برسییە، ماندووە، نەخۆشە و خوێنیان لێ دەچۆڕێ. وڵات گۆڕستانێکی مەزنە، فرمێسکی دایکان و خوشکان، کچان و هاوسەرەکان، زەریایەك پێك دەهێنێت، کەچی هێشتاکە بەیاننامەی گرنگی سەرۆکی فوو تێکراو، وڵاتی کاولکراو، لە هەموو ڕوویەکەوە پاشکەوتوو. وڵاتی دەریای خوێن، کۆتایی نەهاتبوو. لە هەرجێیەکی ئەم بەشەی کوردستاندا، لەژێر دەنگی تێکەڵی خەڵك و مڵچەی نانخواردن. شەق و شۆقی لێوان و زرنگەی قاپ و کەوچکەکان. لووشکەی ئاو و چا خواردنەوە و بانگەبانگی شاگرد و مشتەرییە بێ سەبرەکاندا، لە هەندێك جێگەی وڵاتی خوێندا، دەنگی تەلەفیزیۆنە ڕەش و سپییە بچکۆلەکە بە کزی دەبیسترا:

"لە سەرکردایەتی شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی خاك و خەڵکەوە، — خوا بیپارێزێت!! — ، لە سەرۆکی قارەمان و نەترس، بەوەفا و مرۆڤدۆستی، وڵاتی بە پیت و بەرەکەت و پیرۆزەوە، بۆ گەلی گوێڕایەڵ و ملکەچ، بەوەفا و دڵسۆز..."

خورپە بەدڵی گوێگرانی وڵاتدا هات و کەوتنە واتە وات:

— خودایە ڕەحم بکەیت، هەمدیسان کودەتایە!؟

– نەء بابە نەء، سەرکردەکەمان تۆپی زەمانیش نایبزوێنێت! ئەو هەشت ساڵی شەڕ بە هەشت ڕۆژ دەقەبڵێنێت! ئەوە نییە دەڵێت: خوا بیپارێزێت. قابیلە خۆی بەسەر خۆیدا کودەتای کردبێت؟!

هەڵبەت مژدەیەکی خۆش بە گەل دەدرێت...

– دەبێت وابێت. کێدەڵێت، سەرۆك مژدەی لە دایکبوونی نەوەیەکمان پێ ڕا ناگەیەنێت؟!

– پەکو لە زرنگیت.. هەرگیز هاوسەری سەرۆکت لەم چەند مانگەدا، بە سکی پڕەوە دیوە؟!

هاواری لە شاگردەکە کرد، کە خەریك بوو تێدەپەڕی:

– کاکە برا، قاپە ترشییەکەت لەبیر چوو بیهێنیت.

ئەوجا ڕووی بەلای چەند کەسەکەدا وەرگێڕایەوە:

– جا گەلۆ، لە کاتێکدا زۆربەی سەرۆکەکان، بۆ ڕای جیهانی باس لە مافی ئافرەتان دەکەن، بۆچ کەسێك ئافرەتەکانی خۆیان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەبینێت؟!

– کوڕە گێلە لەسەر ئەم فلێتە فلێتەت تووشی چەندین ساڵ بەندیخانە و ڕسوایی دەبیت. ئەوان وەزیر دەخەسێنن! سەرۆکی فەرماندە، گەنەڕاڵی لا گوێرەکەیە و وەزیریش گزیر! زۆربەی ئەو قسانەی کە سیاسییەکان دەیکەن، خۆیانی لێ بەدوورن. ئەوان یاسا تەنیا بۆ من و تۆ دادەمەزرێنن خۆیان یاسان. لەسەروو یاساوەن. چ یاساناسێك حەددی هەیە لە هەمبەر سەرۆك و لێپرسراوانی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا. سەربزێوی بکات و خوانەخواستە، یاسا بەکار بێنێت لە دژیان؟! لەم کۆمەڵگایاندا، پیرۆزی لێپرسراو و سەرۆکان، وەك پیرۆزی (گا)کانی هیندستان وایە.

تێکڕا دایانە پڕمەی پێکەنین. چەپڵەیان لێدا و شەقەیان لە مێز هەڵساند. ئەو ئیدی بێدەنگ بوو. کە ئەوان ئارام و خاو بوونەوە، باقییەکەی تەواو کرد:

– (گا) كانی هیندستان، مل لە هەر كوێیەك بكەن، دەبێت ئۆتۆمبێل و خەڵكەكە خۆیان لابدەن، شەمەندەفەریش ناچارە بووەستێت! ئەگەر ئەو (گا)یانە، بیانتوانیایە بفڕن، فڕۆكەكانیش خۆیانیان لێ لادەدا. نەك خۆیان لێ لادەدا، ناچاربوون خۆیانی لێ لابدەن!

لە پشتیانەوە، قرقێنەیەكی درێژ و بڵند بیسترا. لە قاقای پێكەنینیاندایەوە.

– فەرموو، ئەوە قسەكانی جەنابتی مۆر كرد! هەی ئافەرین بۆ وردبینییەكانت. ئافەرین بۆ شیكارییەكەت! هەر وەسایە. لەم وڵاتانەدا، پۆلیس جێگری سەر كۆمارە! بۆ كەسێك بوێری ئەوەی هەیە، ڕەخنەیەكی لێ بگرێت! لە حاست زوڵم و زۆر و غەدرەكانیاندا، دەنگ هەڵبڕێت، یەكسەر بە تۆمەتی ئەوەی كە تۆ سووكایەتی بە دەوڵەت و سەرۆك دەكەیت، تووشی گرتن و لێپرسینەوە، ئەشكەنجە و سەر تێدا چوونیش دەبیت. دەڵێیت یەزدان تەنیا مافی بە سیاسییەكان داوە، زۆر بڵێن! بە دەرزەن بەڵێنی درۆ بدەن و یاری بە ئاوەزی خەڵك بكەن. ئەمەیش هەر لێرە نا، بەڵكوم لە وڵاتانی پێشكەوتووتریش. زۆربەی سیاسییەكان زۆر قسە دەكەن، بەڵێن دەدەن و كەمتر كار دەكەن. چونكە خۆ سیاسی فریای بە كرداركردنی ئەو هەموو بەڵێنانە ناكەوێت... یانیش پەتایەكی سیاسی سەرتاپاگیرە، سیاسی لە سیاسییەوە دەیگرێت. ئەوەیشتان پێبڵێم؛ لە وڵات و كۆمەڵگای پێشكەوتوودا، هیچ كەس و شتێك لە سەرووی یاساوە نییە، فەرمانگەی زەریبە نەبێت...

– ئەم زانیارییەت زۆر بەسوود و شایەد ڕاستیش بێت. هەتیو بەم قسانەت خۆت ئاشكرا دەكەیت كە گەڕاوەی هەندەرانیت. بۆیە ئامۆژگاریت دەكەم؛ بزانن شتی زۆرتر و باشتر لە سەرۆكەكان دەزانیت، هەوڵدەدەن بتكەنە وتەبێژ و ڕاوێژكاری دەربار، هەڵبەتە تەنیا بۆ ڕاوێژكردن، نەك بەقسەكردن. چونكە لەم جۆرە وڵاتانەدا، لەكن دیكتاتۆرەكان، كاوێژكردن

باوێتی نەك ڕاوێژکردن! ڕاوێژکاری کەڕ و لاڵ. ئەگەریش ڕازی نەبوویت، ڕسوات دەکەن. بـرسیت دەکـەن. سەرت تـێدا دەبـەن. هـەیـە بـە ئـاوی بـێ ئابڕوویی دووش دەکات، هەیشە لەبەر نەتکاندنی یەك دڵۆپ لە حایا و غرورەکەی، کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت! ئەی مەگەر چەندان مرۆڤی ژیر و کارامە و بە سوود بۆ کۆمەڵگا، هەتا نهاکە، لەبەر بێ نرخی دەسەڵات بۆیان، ئەم وڵاتە گڕگرتووەیان جێ هێشتووە؟! باشە کە خۆیان دەزانن درۆ دەکەن و زۆرێك لە بەڵێنەکانیان ناکەنە کردەوە، بۆ بەڵێن دەدەن؟!

– ئەی بۆچ نەیدەن؟! چ سیاسییەکی ئەم دنیایە بەڵێن نادات؟! کێ لە ژیـانـیدا هـەزاران بـەڵـێن نـادات و جـێبـەجـێشی نـاکـات؟! گـیـانـەکـەم، سیاسییەکان وەکو دڵدارانی هەرزەکارن، زۆریان لە ئاست بەڵێنەکانیاندا بێ وەفان! ئەم کۆمەڵگایەش، کۆمەڵگای بەڵێن شکاندنە! من گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە بەبێ درۆ و چاوبەست لە یەکتری کردن، هەڵناکەین! چـەنـدیـن بـەڵێن بە ماڵباتی شەهیدان و بێوەژن و هەتیوەکان دران و هـیـچیشی بەکردار نەبوون؟! دەبڕۆ گوێ لەلێپرسراوێك بگرە... برالە، هەژاران و یێدەسەڵاتان بۆیان نییە بڵێن، بەڵکوم تەنیا هاوڵاتییەکی گوێڕایەڵ و ڕەسەن بن.

– ئەی ئەگەر نەبوون.؟!

– ئەوە، گێرەشێوێن و خیانەتکار و تابووری پێنجەمن.

بەدەم پارووگرتنەوە، سەرنجی چووە سەر زەلامەکەی هاتە ژوورەوە. بـاڵای بـەرز و ڕەقـەڵـە و ڕووخسارێکـی داقـوپـاوی ڕیشدار. کـاسکێتێکی چڵکنی لەسەردا و قژە بژەکەیشی بەسەر شان و ملیدا بەر ببۆوە. چاکەتێکی سەربازی شیتاڵ شیتاڵ و چڵکنی لەبەردا بوو. چاوە ئەبڵەق بووە ترس لێ نـیشتـووەکـانـی بـە خـەڵـکەکـەدا گـێڕا و بـەرەو ژوورتـر هـەڵکشا. بـەپـەلـە هەناسەی هەڵدەمژی و دەدایەوە. دەڵێیت گەرەکییە بەو بۆنە تێکەڵ لە

خواردنە جۆرا و جۆرانە، خۆی تێر بکات! ئیدی خەڵکەکەی دی هێندە بە پەلە سەرگەرمی خواردن بوون، دەتگۆ ئەمە کۆتایی ژەمی ژیانیانە! دەنگێك تێی خوڕی:

– کاکە برا، ئەوە جێی خێزانە!

لێ ئەو بەدەم ورتە ورتەوە، هەر چووە پێشێ. سەرنجی لەسەر منداڵە کچە قژ درێژەکەوە دەگواستەوە سەر ژنەکەی تەنیشتی. بەڵام پیاوی بەرامبەر ئافرەتەکە، بەدەم جووین و گوپی هەڵئاوساوەوە، سەرنجی تووڕەی لەسەر ڕاگرت، لەوەدا بوو هەڵسێت و پەلاماری بدات کە شاگردێك گەیشتە جێ، باڵی گرت و وەریگێڕا:

– کاکە ڕێبوار، ئەوێ جێی خێزانە. جێی ئافرەتانە. ئا تۆ وەرە.

دەنگێك لە شاگردەکەی خوڕی:

– براکەم، لەسەر من خواردنی بۆ بێنە...

– نەخێر، مامۆستا، ئەو هەرکاتێك بێت، خواردنەکەی بەلاشە.

ئەوجا شاگردەکە چووە کن خێزانەکە و وتی:

– بەڕێزان، ئەوە شێت و دەستوەشێن نییە. مرۆڤێکی زۆر ئازیزە. لە کاتی خۆیدا، کۆنە پێشمەرگەیەکی زۆر بوێر و خەباتگێڕ بووە. بۆ خۆی مامۆستا بووە. لە ڕەوەکەدا، لەبەر ڕێژنەی گوللە و تاوە باران و سەرما و ماندوویێتی و برسێتیدا، لە ژن و تاقە کچەکەی دابڕاوە. ئیدی ئێستایش و ئێستایش، هیچ هەواڵێکیان لێ نازانێت.

چاوانی ئافرەتەکە پڕ بوو لە فرمێسك و پیاوەکەیش لە حەیبەتا لێوی خۆی دەگەست.

– هەر کە ژن و کچێك پێکەوە دەبینێت، بە خەیاڵی ئەوەی کە شایەد ژن و کچەکەی بن... ماوەیەك وەدوویان دەکەوێت. بێ شك، جار جارەیش تووشی تانە و لۆمە، دەمەقاڵە و شەڕ هاتووە و لێدانیشی خواردووە.

– دیاره ئەوەی کە نەیناسێت، جۆرێکی خراپ بیر دەکاتەوە.

پیاوەکە لە جێی خۆی هەڵسا و بە پرتاو بەرەو ڕێبوار چوو. باوەشی بۆ گرتەوە و توووند بە خۆیەوەی نووساند. ئەوجا هەستی بە بۆنی چڵکی لەشی ڕێبوار کرد. بەڵام بە سۆزەوە دەیورتاند و ڕوخسارە ڕیشاوییەکەی ماچباران کرد. بە فسکە هەندێك پارەی کاغەزی خنییە گیرفانی چاکەتە شڕەکەی و بە چاوی تەڕو هەناسەی سوارەوە، گەڕایەوە کن ژن و کچەکەی. جگەرەیەکی ئاگردا و سەری خستە نێوان بەری دەستەکانی و بێدەنگ بوو. کەوتە بیرەوە. بیرەوەری تاڵی کۆڕەوەکە:

ڕەوی خەڵکی ترساو و تۆقیو، ماندوو برسی و ڕچیوی بەر سەرما. بەرەو پێش، بەرەو نادیار. کۆڵ و منداڵ، جانتا و هەگبەی ژیان بە شان و بە پشت و بە باوەشەوە. کەس سەری کەسی تری ناپەرژێت. کەس ناتوانێت لە خەمی ئەویتردا بێت. ڕیزی چڕوپڕی خەڵکە ماندوو تەڕ و لەش بەبارەکان، ئوتۆمبێل و تراکتۆرە سیخناخەکان، بە خێرایی کیسەڵ، لەوێوە هەتا ئاسمان هەڵکشابوو. هەر کەس بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆی، هەنگاوی بەپەلەی بەرەو پەناگایەکی نادیار دەنا. منداڵەکان بە باوەش و کۆڵ و دەستەوە. بەسەر باری تراکتۆر و پیکابی سەر بەتاڵ و ولاخی بار هەڵگرەوە. ڕەنگ هەڵبزڕکاو، سەرما بردەڵە و برسی، دەگریان. ترسێك چاوەکانیانی دەرتۆقاندبوو. دایکەکان و خوشکەکانیش دەگریان. فرمێسکی بەزەیی خوایش لە تکەی باراندا، بەسەریاندا دەباری. زیقەیان دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك. بەڵام فەلەك بە دەنگی گوللە تۆپ و ڕەشاشەکان گوێی ئاخنراوە و هیچ نابیستێت! پیرەکان، بە چنگە کرێ، لەسەر هەر چوار پەل، بە ڕێگا تەڕ و قوڕ و چڵپاوەکەدا هەڵدەزنان. بەرگەکانیان شیتاڵ شیتاڵ و تەڕ و قورس، وەك لباد. دەکەوتن و هەڵدەستانەوە. بە لێژاییەکانیشدا گلۆر دەبوونەوە. دەکەتنە بەر قاچی گورج و گۆڵی گەنجترەکان. پیرێك، قاچە ماندووەکانی لەتری کرد و بە

لێژاییبیه قوڕاوییه‌که‌دا، به‌ هاوار هاوار و ناڵه‌ ناڵ، بۆ ناو دۆڵه‌که‌ خلۆر بۆوه‌. چه‌ند که‌س پشتوێنیان لێك به‌ست و بۆیان شۆڕ کرده‌وه‌. به‌ هه‌زار زه‌حمه‌ت و هانکه‌ هانك، ڕایانکێشایه‌وه‌ سه‌ر ڕێگا به‌ردین و قوڕاوییه‌که‌. هه‌موو گیانی کوترابوو، خوێن له‌ سه‌ر و چاوی ده‌چۆڕا و ده‌ینالاند. هه‌ر چه‌ند هه‌نگاوێك و به‌ نۆره‌، گه‌نجتره‌کان ده‌یانکرده‌ کۆڵ. له‌شه‌کان ته‌ڕ، ته‌ڕاییبیه‌که‌یش وه‌ك سه‌هۆڵێك گه‌رمایی له‌شه‌کانی هه‌ڵده‌مژی. لێوه‌کان له‌سه‌رمادا مۆر ببوون، سه‌رپه‌نجه‌کان وه‌ك چلووره‌ی گوێسه‌بانه‌کانی وه‌رزی زستان. سارد و سارد، کاری ده‌کرده‌ سه‌ر مۆخ و ئێسقانیان و هه‌ڵده‌له‌رزین. هه‌مدیسان هه‌ڵهاتن له‌ تۆڵه‌ی به‌زه‌بری دوژمن. پشتهه‌ڵکردن له‌ نیشتمان و ڕوو له‌ به‌شێکی تری!. هه‌ڵهاتن له‌ نیشتمانه‌وه‌ بۆ نیشتمان. هالیکۆپته‌ره‌کان بێبه‌زه‌ییبیانه‌ گولله‌بارانی ڕه‌وه‌که‌ ده‌که‌ن. به‌ر له‌ گه‌یشتنیان بۆ ئه‌م کاروانه‌ڕه‌وه‌، چه‌ندین خێزانی کوردیان له‌سه‌ر ڕێگای که‌رکووك– قه‌ره‌ هه‌نجیر، تێکڕا گرت، به‌ زیندوویێتی چاوانیان ده‌رهێنرا و پاشان به‌ کۆمه‌ڵ ته‌قه‌یان لێ کرا. ده‌ست له‌ منداڵان و ساوایان و پیری په‌ککه‌وته‌یش ناپارێزرێت. منداڵیان به‌ لووله‌ی زرێپۆشه‌کانه‌وه‌ ده‌به‌سته‌وه‌ و، به‌ ته‌قاندنی گولله‌ تۆپێك، لاشه‌ی ناسك و بچکۆلانه‌یان هه‌نجن هه‌نجن ده‌کرد. باران باری... باشه‌ بۆچ باری...؟! تۆ بڵێیت فرمێسکی به‌زه‌یی خوا بووبێت، بۆ ئه‌و خه‌ڵکه‌ چه‌وساوه‌یه‌ی ناو بازنه‌ی مه‌رگ و مردن؟! تا به‌و بارانه‌، له‌ هێز و توانای قڕکردنی دوژمن که‌م بکاته‌وه‌؟! ڕه‌وی بێ شوماری خه‌ڵك پشت له‌ نیشتمان، له‌ ترسی تۆڵه‌ی دوژمن هه‌ڵده‌هاتن. هه‌نگاوێك دوورکه‌وتنه‌وه‌ له‌ شاری چۆڵ و پڕ له‌ ترس و مه‌رگدا، هه‌نگاوێك نێزیك بوونه‌وه‌ بوو له‌ بێوه‌یی... ئه‌ویش که‌ هێشتاکه‌ له‌ناو هه‌راو زه‌نای خواردنگه‌که‌دا، سه‌ری خستبووه‌ نێوان ده‌سته‌کانی و به‌ بیردا چووبوو. وێنه‌ ته‌ڵخ و شێواوه‌کانی ڕه‌وه‌که‌ی ده‌هاته‌ به‌ر دیده‌ و ده‌نگه‌ خه‌مباره‌کان له‌ گوێیدا ده‌زرنگانه‌وه‌. ئه‌ویش هه‌ر له‌ کۆچ و ڕه‌وه‌که‌دا، له‌

ژێر خوڕە و ڕێژنەی باران و ناو قوڕوچڵپاو و لیتەی ئەو ڕۆژانەدا، بەم هاوسەرەی ئێستای ئاشنا بوو. سەرتاپا تەڕ، قوڕاوی و جل شڕ. هەزاران تنۆکی تەڕایی زەنگۆڵ زەنگۆڵ بە قژە ڕەشە قەترانییەکەیدا، دەکشانە خوارەوە. مەلۆتکەیەکی بە باوەشەوە بوو. تەنیا و ماندوو، تەڕ و سەرما بردەڵە. ڕەنگ زەرد و برسی و تۆقیو، لە قوڕ و چڵپاوەکەدا دەکەوت و هەڵدەستایەوە. منداڵەکەی لێ وەرگرتو چووە ژێر باڵی. پاش دوو شەو و ڕۆژ ڕۆیشتن لەو دۆزەخەی قوڕو چڵپاوەدا، گەیشتنە جێییەکی ئارام و برێك هۆشیان وەبەردا هاتەوە. ماڵێك داڵدەیان دان و ژوورێکی خۆیانیان پێ بەخشین. دوای چەند ڕۆژ لێی بیست کە مێردەکەی شەش مانگ لەمەوبەر، لە ڕێگای چوونە هەندەراندا، لە بەلەمێکی بچکۆلانەدا، لە ئاوی (ئیجە) ی سنووری تورکیا و یۆناندا، تەقەیان لێ کراوە، هەر هەموویان بە برینداری و بەرگی خوێنینەوە، غەرقی ئاوی (ئیجە) بوون. بە بیستنی ئەم چیرۆکە دڵتەزێنە، نەیتوانی بەری سۆزی بگرێت، باوەشی بەو لەشە گەرم و پڕ لە سۆزی ئافرەتانەیەدا کرد و تێر بۆی گریا. ئێدی هەر ئەو لە باوەشکردنە بوو، کە هەتا نهاکەیش هاوسەر و هاوژیانی یەکترین...″

دەستێك شانی ڕاتەکاند و دەنگێکی پڕ لە سۆزی گریاناوی ئافرەتانە، هێنایەوە ناو خواردنگەکە:

– کامیل... نەڕۆین...؟

کە سەری هەڵبڕی، ڕوانییە هەردوو چاوە هەنگوینییە تەڕەکانی ژنەکەی. ماتەمینییەکەیش سەرتاپای ڕوخساری گرتبۆوە. دەبێت ژنەکەیش بە هەمان تەمتومانی تاڵ و ئازار بەخشی بیرەوەرییەکاندا، گوزەری کردبێت.

– بابە تۆ نەتوت پاش نانخواردن، پێڵاوی نوێم بۆ دەکڕیت؟

– باشە دڵەکەم. گوڵەکەم.

که سەرنجی گواستەوە سەر ئافرەتەکە، چاوی نەترووکاند و پرسی:

– دایە... ئەوە بۆ گریایت؟

– نا کچم، نەگریاوم!! چاوم بە دووکەڵ ئاو دەکات.

کامیل ڕوخسارە بچکۆلەکەی خستە نێوان مشتە زلەکانی و بەرەو خۆی ڕایکێشا. لەخواردنگەکە هاتنە دەرەوە و بەرەو قەیسەرییەکان کەوتنە ڕێ. بەڵام دیمەنی حەزینی ڕێبوار، چووبووە قووڵایی بیرەوەرییەکانیان و لە پێش چاویان بزر نەدەبوو. کامیل دەستێکی بەسەر قژی ڕەنگ خورمایی کچەکەیدا هانی و وتی"

– گیانەکەم نازدار، من ئەگەر ڕۆژێك و چەند ڕۆژێك تۆ و دایکت نەبینم، بیرتان دەکەم و دڵم ئاگر دەگرێت. دایکت هەفتەیەك لە نەخۆشخانە کەوت، وەك مانگێکم بەسەردا بووری. بەڵام ئەو پیاوە ڕیشدارە، ژن و کچەکەی لێ بزر بووە و نایشزانێت کەنگێ بە بینینیان شاد دەبێتەوە.

– بابە!

– بابە گیان.

– خۆ (نەسرین) دەناسیت؟

– کامە، دڵی بابە.

ژنەکەی هەڵیدایە:

– مەبەستی (نەسرین)ی کچی ژنە جوانەکەیە. سەمەن کافرۆش! کە هەزاران قسە و بوختانی بۆ هەڵدەبەستن...

– ئا، بەڵێ. بڵێ بزانم...

– باوکی ئەویش زۆر دەمێکە چووە بۆ هەندەران و مۆز بۆ نەسرین بکڕێت. نەسرین خۆی گەورە بووە و لە بازاڕ مۆز دەکڕێت، بە تەلەفۆن بە باوکی دەڵێت کە بێتەوە و ئێرە پڕە لە مۆز. کەچی باوکی هێشتا نەهاتۆتەوە. بابە، هەندەران هێندە دوورە؟

(کامیل) دانەوییەوە و بە پرتاوێك، (نازدار) ی هەڵگرت و گرتە باوەش. چەند ماچی کرد و بە خۆیەوە نووساند. بە دەنگێکی حەزینەوە و وەك بە گوێیدا بچرپێنێت وتی:

– بۆ هەندێك زۆر دوورە و بۆ هەندێکیش نێزیك! دیارە ناتووانێت بگەڕێتەوە. دیارە لە هەوڵی ئەوەدایە کە (نەسرین) و دایکی بچنە لای. ئەویش خراپ نییە؟ وانییە؟

(نەسرین) تەنیا بەسەر لەقاندن وەڵامی دایەوە. ئیدی سەرنجی لەسەر دوو مێرد منداڵ گیرسایەوە کە پاڵیان بە گارییەکەوە دەنا. گارییەکەیش سێ فەردە ئاردی بەسەرەوە بوو. خۆیان بە ناو ئاپۆڕەکەدا کرد. بۆنی هەناسە و سەوزە و میوەی گەنیو. زەوی پیس و پۆخڵ و تەڕ، هەواکەیان قورس کردبوو. غەڵبە غەڵبێکی تێکەڵ و پێکەڵ دەبیسترا. لاقرتێ بە قسەکانی سەرۆکی (عەرشی کەلاوە) دەکرا و توانجی لێ دەگیرا. بووە غەڵبە و هەرا و زەنا. کابرا قژ و سمێڵ ڕەش بۆیاخ کراوەکە پەیدا بوو. ئەو چاکەتێکی چوار گیرفانی ڕەنگ ڕەساسی بەسەر پانتۆڵەکەیەوە دادابۆوە. لە ژێر چاکەتەکە و سەر کەمەرەی تۆپزییەك دروست ببوو. منداڵێکی شڕەڵەی سەرپێێ لەپێ، چووە بەردەمی و وتی: "خاڵە گوڵەبەڕۆژە؟" کابرا بەیەك تەکان تەشتەکەی هەڵگێڕایەوە. گوڵە بەڕۆژە بەو ناوەدا بلاو بۆوە. ئەوجا بە تووڕەییەوە خوڕییە خەڵکەکە:

– هەمەدیسان خۆتان بۆ تێقووچان ئامادە کردووە؟ باشە ئەو دەڕابانەتان بۆچ داداوەتەوە؟

– کاکە وەڵا گەرماکەی تاقەت پسێنە. کارەباش نییە هەتا پانکەکەم بخەمە کار. بۆیە دەچمەوە ماڵ.

– لێ منیش وا دوو دەمژمێرە سکم دەچێت. خوا دەیزانێت ئەو کەبابەی کە خواردم، لە چ گۆشتێك کرابوو.

– بەخودای وا منیش بۆ دوو هەفتە دەچێت، ژەمێکی چەور و نەرمم نەخواردووە. خۆشبەختانە داوەتی زەماوەندێکم و دەبێت خۆمی بگەیەنمێ.

– هەی لەبەرتان بمرم. زۆربەتان بە بیستنی بەیانی سەرکردایەتی، دڵ و گەدەتان تێکدەچێت! درێژیی لیستی ئەو ناوانەی کە نووسیومە، لێرە و بۆ ئاسمانە. ئاتۆ با رۆژی خۆی بێت!

ئافرەتێکی عابا بەسەر منداڵێکی بە باوەشەوە بوو، کیژێکی بچکۆلەیش لە لایەوە چمکی عاباکەی گرتبوو و دەستەکەی تریشی لە دەمیدا بوو. چاوەکانی سوور و ڕیپۆقاوی و جووتێك سەرپێی هەرزانبەهای دڕاوی پێوە بوو. پێکانیشی بۆر و بریناوی و پیس و پۆخڵ. ئافرەتەکە دەرۆیشت و دەستی لە خەڵك پان دەکردەوە. دوو هەرزەکاریش بە نۆبە هەر جارێ یەکێکیان خۆی پێوە دەنووساند. دەنگێك بە بەرزی وتی:

– بەشەرەفم، سواڵکردن ئاسانترین و بێ کێشەترین کارە. سەرمایەشی ناوێت. کەسیش نانێرێتە سەرت بۆ پارە!. درۆ نییە کە دەڵێن، چەندین سواڵکەری دەوڵەمەند لەم شارەدا هەن... ئەگەر بڵێم سواڵکردن باشترین کاسبییە، گاڵتەم پێ مەکەن. تۆ گوێ بگرن! وای دانێ کە سواڵکەرێك لە رۆژێکدا، داوای یارمەتی لە هەزار کەس بکات، خۆ ئەگەر تەنیا دووسەد و پەنجا کەسیش پارەی بدەنێ دەزانن چەندە زۆرە؟! بۆ هیچ فەرمانبەر و کاسبێك هەموو مانگێکی بەر سەرما و گەرما، هێندەی دەستدەکەوێت؟

کوڕە قژ سوورەکە پێکەنی و پێی وت:

– هەی لە دەوری ئەو (ئەقڵە ئیقتیسادییەت!) گەڕێم. جا کە وای بە باش دەزانیت، بۆچی واز لە فەرمانگە ناهێنیت و دەست پێبکەیت؟

یەکێکی تریان هەڵیدایە:

– نـــا، وا نابێت، دەتوانێت پاش دەوامی ڕەسمی، ئێواران بکەوێتە سواڵکردن.

– هەتیو ئێرەیی بە سواڵکەری قوڕ بەسەر و هەژاریش دەبەیت؟ کاکە برا، گوزەرانی ئابووری بەم شێوە خراپەی درێژەی هەبێت، سواڵکەر لە کارمەند و کارکەر زۆرتر دەبێت. چەند کەس تا نهاکە لەبەر هەژاری و نەبوونی بـژێوی ژیـان، خـۆیـان و منداڵـەکانیشیـان ژەهـر خواردوو کردووە؟ یـان خۆیان هەڵواسیوە؟! دەزانێت کە ژمارەی ئافرەتی لەشفرۆش، هەردەم لە زۆر بووندایە؟! ئەی ژمارەی شێت بۆ ناڵێیت؟ ئا لەم شارەدا، جاران گردی مـامـەیـارە لـەسەر زاران بـوو، ئـێستـاکـەیش، گـردەمـژە!! ئـا تـۆ سەرێك لـە خواروی وڵات بدە، بزانە چەندی بە عانەیەکە!!

– برێك لەسەرخۆ. لەگەڵ ئەم بۆچوونەتدا نیم کە هەژاری و دەستکورتی، ببێتە هۆی بێ ڕەوشتی و لەشفرۆشی و بێسەروبەرەیی لە کۆمەڵگادا.

– بەڵی... بەڵێ... دەبێت وابێت. بەڵام برالە دەردی هەژاری گرانە. هەتا خۆت تووشی نەبیت، بەسەدان وشە و وتار و پەڕتووك، لە ئازار و ئاکامە خراپەکانی تێناگەیت. ئەی ئەو هەموو – منداڵپیاو – انە بۆچی ناڵێیت؟! چەندینیان لێ دەناسم، کە ئەرکی خێزانەکەیان وەئەستۆ گرتووە... ئیدی یان بابی نەماوە، یاخود بێ سەر و شوێنە و یاخود نەخۆشی سەر جێگەیە. یانیش دایکی نەماوە و بابیشی ئیفلیجی سەر جێگەیە. کاکە برا، دڵم ژان دەکات کە ئەم ڕاستییە دەڵێم؛ ماڵ هەیە بەسەرە نان دەخۆن. من دەخوازم لە دەمی خۆم و ژن و منداڵم بگرمەوە و هاوکاری بکەم، بەڵام هی چەند خێزان؟! ئەرێ (کەریم) ێکی (عەلەکە) ی قاتوقڕیەکەی جەنگی جیهانی دووەم، بۆچ دروست نابێتەوە؟! کە نانی سەدان خێزانی هەژاری داوە! شاری بـەخـێو کـردووە؟! ئـەوەیـە ئـەرکـی هـاوشاری و هـاونیشتمـانـی و هـاووڵاتـی و... نـازانم چـی، نـەك قسەی زل لـە گـەدەی تـێرەوە. قسەی هەڵەخەڵەتێنەری بریق و باق...

– وەك (پیرەمێرد) ی فەیلەسووف دەفەرموویێت: هەر قسەی ڕووتە و قسەیش ناچێتە ناو گیرفانەوە. منیش دەڵێم؛ ناچێتە ناو گەدەوە!. بەو

مەرجەی کە ئێستاکە، هەزاران دەوڵەمەندتر لەو بەرێزەی ناوت برد، لەم شارە و لە شار و شارۆچکەکانی تردا هەن. دەوڵەمەندی وەهایش، کەس نازانێت چۆن دەوڵەمەند بوون! وەکو (گا) ی ناو دۆڵ، لەهەر دوو بەر، نەوەڵا لە هەر سێ بەر، دەلەوەڕێن!.

– ئەو قسەیەت هەر زۆر لە جێی خۆیدایە... هەر بۆیەش، بچمە چێشتخانەیەك، هەرگیز ناتوانم لە پاڵ پەنجەرە و ڕوو لە دەرەوە دابنیشم. خۆ ئەگەر کەسێك بەبەر پەنجەرەکەدا تێپەڕێت و لێم بڕوانێت، خواردنەکەم لێ دەبێتە ژەهری مار و شەویش خەونی ناخۆش دەبینم! ویژدانم ئازارم دەدات.

– باسی ویژدانت کرد؟ ئەو هاوشارییانە چ مرۆڤێکی بێ بەزەیی و بێ ویژدانن کە لەتە بلۆك دەکەنە سەتڵی ڕۆنەوە... بۆ ئەوەی قورس بێت؟ گەچ دەکەنە قووتووی شیرەوە، بە شیر بەو دایك و باوکە برسی و بێ پارە و هەژارانەی دەفرۆشن، کە ئامادەن نیوەبرسی و نیوە تینوو، شیر بۆ مەلۆتکە و منداڵە لەڕولاواز و هەردەم تێر نەبووەکانیان، فەراهەم بکەن؟ ئەرێ چۆن ئارەزوویی سێکسییان لە تەك ئافرەتێکی ڕەشپۆشی ڕوخسار هەمیشە خەمباردا، دادەمرکێننەوە؟ ئەرێ چۆن پیاو دەتوانێت ژنەکەی و یان برا خوشکەکەی بەگان بدات؟! ئەوانە چ جۆرە مرۆڤێکن، دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر منداڵ و مێردمنداڵانی هەژارانی ناو کۆڵان و سەر شەقامەکان؟ برایان، کۆمەڵگا هەردەم بەرەو بۆگەنتر دەچێت... کۆمەڵگا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام زۆربەی گۆڕانەکان خراپ و زیانبەخش و نازانستین...!

هاوڕێ سنگی هێنایە پێشەوە و لە تەك دەستجووڵاندا، وەك هاوار بکات وتی:

– بەشەرەفم... بە کوردستان... هەمان بۆچوونی ڕەخنەیی تۆم هەیە لەسەر ئەو شتانە کە باست کردن. بۆ نموونەیش؛ پەیوەندی باوکم لە تەك

مامدا، هەر لەسەر ئەو بازرگانییە بێ ویژدانییەوە تێکچوو.

ژنێکی عابا بەسەر بە پرتاو بە ناو ئاپۆڕەکەدا دەچووە پێش و دەیبۆڵاند:

– ئەرێ ئەم ئاپۆڕەیە چییە دروستتان کردووە؟! بابەکەم، ئەو ڕێیە چۆڵ کەن هەتا بە کارەکانماندا ڕابگەین. مێردەکەم سبەینێ زەماوەندی ژنی سێهەمێتی و دەبێت کەلوپەلەکانی بۆ مەیسەر بکەین... ئۆی... ئۆی...! پیاو خواردینی...!!

ڕەوەیەك خەڵك بە ڕاکردن هاتن... کەس نەیدەزانی کێ بەدوای کێدا ڕادەکات. لەگەڵ هەرا و زەناکەدا، هەر خڕەی دەڕابە بوو و دادرایەوە. هاوار هاوار و قڵیشایەوە قڵیشایەوە، دەچوو بە سنگی هەوا پۆنگخواردووەکەدا. تەق... تەق... تەق... سەرۆك و لێپرسراوەکانیش بۆ خۆشی و بۆ ناخۆشی، تەقە دەکەن. ئەرێ لەم جۆرە وڵاتانەدا ژیانی بێ تەقە هەیە؟! یان تەقەیش بۆتە یەکێك لە پێداویستییەکانی شەو و ڕۆژمان؟ خواردن و خواردنەوە و تەقە. تەق... تەق... تەق... دەمبۆڵە و تەقە. زەماوەند و شین و شەپۆڕ و تەقە. ئاهەنگ و خۆپیشاندان و تەقە. گفتوگۆ و تەقە. ژیان و تەقە... تەقە و ژیان. تەقە سەرسامترین ئاوازی مۆسیقایە! سینفۆنیایە. هەموو شتێك و تەقە... تەقە چۆتە خوێنەوە، بووە بە کولتوور، کولتوور بووە بە تەقە. تەق... تەق... تەق. غەڵبەغەڵبەکە زیاتر بوو. سەدان هەنگاو بەسەر لاشەی کەوتوو و خوێناوی جلشڕێکدا بۆی دەرچوون. سەگ و پشیلە بەرەڵا و لاواز و برسییەکانیش، بە میاومیاو و قورسکە قورسك، پەرتەوازە و هەرایان دەکرد. باڵندەکانی سەر بان و گوێسەبانە و گردە زبڵە بۆن کەسکوون و ناخۆشەکانیش، بە ئاسماندا پەرتەوازە بوون و دوور کەوتنەوە. خرمەی دەڕابە دادانەوە زیادی کرد. کابرای قژ و سمێڵ ڕەشکراویش گەیشتە سەری، وەك ئەرکی نیشتمانی، یەك دوو فیشەکی پێوەنا و شیراندی:

– بێ ناموسینە، ترسنۆکینە، خائینەکان... بێ وەفاکان. میللەت

هەمووی نانخۆری سەرۆکە! کەس نەجوولێت و هەموو لە جێی خۆتاندا بووەستن، هەتا بانگەوازی مژدەبەخشی سەرکردایەتی تەواو دەبێت.

هەر خۆشی بە زمانی داگیرکەر. لە کابرایەکی گردەڵەی پرسی، کە دەمانچە بەدەست و هەنسکە هەنسک گەیشتە جێ و ناو ئاپۆڕەکە:

– ئەمە کێ بوو؟!

– هەی ئافەرین کە لە ڕۆبۆتە باشتر بە کارەکانت هەڵدەستیت. پێویستە دەمانچەیەکی ئاڵتوونت بدرێتێ و جانتایەك پارەیش... ئەم خائینە... لە کاتی خوێندنەوەی بەیانی سەرکردایەتیدا، حیلکە حیلك پێکەنیوە... کە لێیان پرسیوە، بۆچ پێدەکەنیت؟! وەڵامەکەی بۆ ئاپۆڕەی خەڵکەکە، خوێندنەوەی ئەم پەڕە کاغەزە بووە:

"هەموو ئەم قسانە و قسەی سەرۆکەکانی تریش! بیرەوەری سووتاندنی زیاد لە ٥٠٠٠ هەزار پەپوولە ڕۆحە بێگوناحەکانی هەڵەبجشیما، ١٨٢ هەزار ئەنفالکراو. ٨ هەزار بارزانی بێ سەر و شوێن، چرکەیەك لە ئازار و ئەشکەنجە و مەینەتی، مرۆڤەکانی ناو گەردەلوولی (کۆڕەو) هوەکە لە بیر ناکات. بە هەزاران وشە و بەڵێنی بریق و باق، سکی برسییەکی ئەم وڵاتە و مهاباد، ئامێد و قامیشلۆ، تێر ناکات. ئازاری زامی منداڵێکی هەڵەبجەیی و حسەکە، سنە و مێردین، تیمار ناکات. بۆ چرکەیەکیش بێت، زوڵم و ئازار و سوێی ئەنفالی شووم و خوێناوی، تاککوژی و ڕەشە کوژی پارچەکانی تری کوردستان، هەتووان ناکات... ٧٥ میلیۆن و بلیۆن وتاری سیاسی و پڕ لە بەڵێنی بۆشی سیاسییە هەناو وەك (ماسی)یە ڕەشەکان، بۆ ٧٥ چرکە، شەرمەزاریی مێژوویی، فرۆشتن و بە (قەحبە) کردنی ٧٥ کچی پاکیزەی کوردستان، لە وڵاتی (میسر) ی ئیسلامی!! لە بیر ناکات. کچێك و یان ژنێکی ماڵباتی شەهید، لە تەماحی چاوچنۆکی سێکسی لێپرسراوە سەربازی و حیزبییەکان، ڕزگار نا... کات... ئاهههههههه!"

کەوتە سەر زەوییەکە خوێن لە پەراسووەکانییەوە، فیچقەی دەکرد. بەدەم ناڵەوە لە خوێنی خۆیدا گەوزا. کێردێکی گەورە لە پەراسووی هەڵچەقیبوو. کێ پێیدا کرد؟! لە کوێوە هات و لە کوێوە بۆی دەرچوو؟! خەڵکەکە بە پەلە بڵاوەیان لێکرد و دەمانچە بەدەستی قژ و سمێڵ ڕەشکراویش، بەدەم تەقەی بەرەو ئاسمانەوە، هەتا دەهات دوورتر دەکەوتەوە... تەق... تەق... ت... ە... ق... بەڵام هێشتاکە بانگەوازی سەرکردایەتی – کە لە بازنەیەکی زۆر بەرتەسکدا و هەردەم دەنگی بەرەو کزبوون دەچوو! – کۆتایی نەهاتبوو:

″... هیچ شتێك لە میللەت شاراوە نییە. سەرکەوتن دوای سەرکەوتن! تاکەکانی کۆمەڵگا و سەرۆکەکان هێندە بەیەك پەیوەنددارن، کە خوو و ڕەوشتی زۆربەی خەڵکەکە لە یەکتر دەچێت. جۆری ڕۆیشتن. دانیشتن. قسەکردن و پێکەنین. پۆزگرتن. لەم وڵاتەدا و لە سایەی سەری سەرۆکەکەماندا، هێندە گرینگی بە دەووری ئافرەت دەگیرێت، کە هەر لێپرسراوێك، چەندینی بەدەوری خۆیدا دامەزراندووە! چەکی سووك و چەکی قورس و جۆری فیشەك، لە لهستۆکی منداڵان و نوقڵ و چوکلێت زۆرترن. ئەرێ بەڕاستی سوودی نوقڵ و چوکلێت چییە؟! لە ددان ڕزان و کرمێ بوون و هەڵوەرین زیاتر؟! لێ هەر کەسێك لەم وڵاتەدا، ئەگەر مەیل بفەرموویێت، ئەوا وەکو هونەرپیشەکانی فیلمی عەسابە، دەتوانێت دەبڵ دەمانچە ببەستێت. هەر کەسێکیش لە کاتی گفتوگۆدا بە شەق و شەپازلە خۆ تەسلیم نەکات، ئەوا دەکرێت بە یەك فیشەکی بێ نرخ... کە بە مشتێکی کیلۆیەك تەماتە ناکات، دەمی لە گۆ بخرێت...″

یەکێك بە هێواشی بە هاووڵاتییەکی وت:

– تو خودا سوێندت دەدەم، بە هەڵە لێم تێمەگە منیش وەکو تۆ هاونیشتمانییەکی دڵسۆز و بەوەفای وڵاتە بەهەشت ئاسایەم...

– توخوا تۆیش لە کورتی ببڕەوە... هەموو کەسێك وەکو تۆ ترسنۆك نییە و فەرموو دەتەوێت چی بڵێیت؟!

– دەڵێم؛ باشتر نەبوو کە ئەم هەواڵ و بانگەوازە مژدە بەخشە، بخرایەتە ئێوارە و پاش شێوان کردن؟! ئەوسا کاتمان زۆرتر بوو.

یەکێك سیخورمەیەکی تێ سرەواند و بە توانجەوە پێی وت:

– بۆ ئەوەی وەکو لای لایە و یان حەبی خەون بێت؟! بۆ کات بێت ڕاست دەفەرموویت، ئەوەی کە لەم وڵاتەدا زۆرە، کاتە. چونکە ژیانێکی چێژبەخشی، پاش و پێش کارکردن نییە. سەرگەرمییەکانیش تەنیا، تاوڵە و دۆمینە و یاری کارتە. ئەوانیش تەنیا بۆ پیاوانە. ئافرەتانیش هەمیشە و بە تاسەوە، لە چاوەڕێکردنی پرسە و یاخود زەماوەندێکدان، هەتا بای باڵێکی خۆیان بدەن... یانیش مەنجەڵ ئامادەکردن بۆ سەیران! من هێندە بێ بەرنامە لەم شارەدا دەسووڕێمەوە، دەتوانم ژمارەی کۆڵان و شەقامەکان، تەنانەت درێژیان بە مێتر و کیلۆمێتر، بزانم. هێندەم کات هەیە، پاش دەوامی فەرمانگە، دارتاشم. ئامۆزاکەم کە ئەندازیارە، لەگەڵ بابیدا سەوزە و میوە دەفرۆشێت. پوورزایەکم چەندین ساڵە برینپێچە، بەڵام هەر بە دوکتۆر بانگ دەکرێت. دەی ئەویش پۆزی دوکتۆری لێدەدات، نەك برینپێچی. بەتایبەتی لە گەڕەکە دوور دەستەکان و گوندەکاندا. یادی بەخێر. ئەویش قەلفڕی کرد. پاش دووجاری گرتن و سووکایەتی پێکردن. پارە فەوتاندن و گرتن و گەڕانەوەی لە تورکیاوە، هەر خۆی گەیاندە دەرەوە... بە خوا قیرسیچمەیە...!

– کاکە برا دەرەوەی چی...! لەگەڵ سەدانی تردا لە وڵاتی ئۆکراینا گیریان خواردووە. دەزانیت لە چ گوزەرانێکی خراپ و ترسناك و هەژاریدا دەژین...؟! توخوا هەر لێرە و لەو گەڕەکە دووردەستانە، بە پارە دەرزی لە خەڵك بدایە، باشتر نەبوو؟

– ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستە. جارجارە لە گوزەرانی خراپی خۆیان ئاگادارمان دەکاتەوە و داوای یارمەتی پارەیش دەکات. هەتا بتوانێت بە

هۆی قاچاغچییەوە بگاتە یەکێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەورووپا... هێشتا زۆرێك لەژێر کاریگەریی خاشخاشی هەندەراندا، فرت و جرت و وڕو گێژ، ژیانیان دەخەنە مەترسییەوە و خەون بە بەهەشتەوە دەبینن! با بەسەرهاتێکی خۆشی ئەو ئامۆزایەم بگێڕمەوە؛ ئیدی بێ ئەوەی ڕەزامەندی هەموروان وەربگرێت، یان پێدەچێت کە بێدەنگییەکەیان ڕازیبوون بێت، کەوتە گێڕانەوە، ئامۆزاکەم دەیوت: لە سەردەمی شۆڕشدا و لەو ناوچەی خۆشناوەتییە، برینپێچ و دەرزی لێدەر بووم. ڕۆژێك ئاغایەك ناردییە دوام. کە چووم، ئەو لە نێوان چەند چەکبەدەستی خۆیدا دانیشتبوو. قاچی چەپیشی تا سەر ئەژنۆی هەڵکردبوو. کە لەبەر دەمیدا چۆکم دادا، وتی؛ دوختۆر دوو هەفتەیە لاقم دێشێت. پەنجەشی خستە سەر کەڵکەڵەی ئەژنۆی. من کەوتمە شێلانی قاچە تووکنەکەیی و ئەویش کەوتە ئاخ و ئۆف کردن. بەنەرمی وتم؛ قوربان هەتوانت دەدەمێ و ڕۆژی دووسێ جاران تێی هەڵسوو. ئاغا وەڵامی دایەوە: جەنابی دوختۆر، خۆ من گەڕ و گول نەبوویم... هەتووانی چی...؟ یەك دەرزی ئالەوێکانە بدە... من لەوەی دەترسام دەرزییەکە لەسەر ئەژنۆی بدەم، ئازاری بگات و فەرمانی کوشتنم بدات. بەنەرمی وتم: ئاخر قوربان چۆن دڵم دێت ئازار بە جەنابتان بگەیەنم... ئێ چۆن دەرزی لەو جێیە ڕەقەیش دەدرێت؟ من لەگەڵ شێلانی قاچیدا، لەبیردا بووم، چۆن لەم بەڵایە ڕزگارم بێت؟ ئەوانیش چاوەڕێی وەڵام بوون. ئاغایش خەریك بوو خەوی لێ دەکەوت. هەموومان بە دەنگی خرمەی سمی وڵاخ بە ئاگا هاتینەوە. سوارێك بە پرتاو گەیشت. دابەزی و هاتە پێشەوە و چەند وشەیەکی بە گوێی ئاغادا چرپاند. ئاغایش بە خێرایی پوزی قاچی دادایەوە و خۆی ڕاست کردوە. بێلەوەی لە من بڕوانێت، شەلەشەل و بە دەم ڕۆیشتنەوە، بە توورەیی وتی: بەخودای تۆ قنگی کەریش نیت!! ئەوان دوور کەوتنەوە و منیش دامە قاقای پێکەنین و بە گازەرای پشتدا کەوتم...

هەموو دایانە قاقای پێکەنین و پێکەکانیان بەرز کردەوە. کە خواردیانەوە، گرگنە سەر ڕووتاوەکە بەدەم ملّچەملّچەوە، خاو وتی:

– چشتێك لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، لە جێی راستەقینەی خۆیدایە؟! جێگری عەریف، وەزیری بەرگرییە. زەلامێکی سەر ڕووتاوەی ناوچاوان چرچ و سمێڵ بابڕ، ورگ زل، لێپرسراوی لاوانە! دەرچووی پەروەردە، لێپرسراوی بەندیخانەکان، بە خوێندنەوە چاوانیان رەشکە و پێشکە دەکات و دەرشێنەوە! بەرپرسی رۆشنبیریی، دەرچووی خوێندنگەی پیشەسازییە. پێشکەشکەری بەرنامەی خێزانی بەختیار، لە ماڵەوە دارکاری ژن و منداڵەکانی خۆی دەکات!. هیچ شتێك لەم وڵاتەدا زۆر نییە، گەندەڵی ئیدارە، غەدر و واستە، درۆ و پاشقول گرتن نەبێت... ئەوەی کە باوەشی بە مێزێکدا کرد. مەگەر مردن لێی جیابکاتەوە. ئەرێ بۆچ بە فەرمانێکی ڕەسمی، گۆڕەکان هێندە گەورە ناکەن، کە لێپرسراوی مردوو، بە کورسی و مێزەکەوە بنێژرێت...؟ خەڵکەکە هێندەی دڵسۆزی کورسی و پلەو پایەکەیانن، نیو هێندە دڵسۆزی هاوسەرەکانیان نین و ڕێزیان بۆ دانانێن. جیلی کۆن دوژمنی قەستەسەری جیلی نوێیە. ئەوەی کە نابێت هەبێت و جێی شەرمەزاری و تانەیە، زۆرە، ئەوەیشی پێویستە هەبێت نییە!

– بۆیە زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بوترێت، هەرزانترین کالا لەم جۆرە وڵات و کۆمەڵگایانەدا، مرۆڤە... هەمیشە بێ نرخ سەیر دەکرێت و هەرزانفرۆش دەکرێت.

کە دەچیتە هەر جێیەکیش، سەرەکە هێندە درێژە، دیارە دەبێت هەبوونی کات بێت، خەڵك ناچاری وەستانێکی تاقەت پسێن دەکات. کەسیش وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو، بۆ بەسەربردنی ئەم وەستان و چاوەڕێکردنە تاقەت پسێنە، لەتەك خۆیدا پەڕتووك و گۆڤار و ڕۆژنامە، بۆ خوێندنەوە و کات بەسەربردنەکە ناهێنێت. جا گوێ بگرە، گوێ... ئەم درێژدادڕییە بەم زووانە

کۆتایی نایەت و شایەد ئاواتەکەت دێتە دی! لێگەڕێ با گوێ بگرین:

"...هەڵبەتە لای هەمووان ئاشکرایە، یەکێك لە کارامەترین سەرۆکەکانی ئەم دەڤەرە کە – هەمەکارە – (مۆڵتی فۆنکشیۆن و مۆڵتی تالێنت) واتە، – سەبعە سەنایع – بێت، ئەوا سەرۆکی بێ توانای خۆمانە، کە بۆی هەیە خۆی هەڵبقورتێنێتە هەموو کاروبارێکی وڵات. بێگومان کۆتایی بڕیاریش هەر لە کن جەنابییەتی!! لەشکری دنیایش دوژمنمان بن و نیوەی خاکی وڵاتیش داگیر بکەن، هێشتاکە ورەمان بەرزە. وڵاتیان لێ دەکەینە گۆمی خوێن و بە سوپا قارەمانەکەمان تەفروتوونایان دەکەین! ئەوە ڕاستییەکی تاڵە کە خوارووی و باکوری وڵات، لە ژێر دەسەڵاتی ناوەندی و سەرکردایەتیدا دابڕاوە، بەڵام ئێمە لێمان یەقینە هەموو دانیشتووانی ئەو دوو بەشە ئازیزەمان، خەون بە یەکپارچەیی نیشتمانی ئازیز و سەرکردایەتییە خۆڕاگرەکەیەوە دەبینن...! وێنەی سەرۆکی وەها بەدەگمەن هەیە. ئەو لە کاتێکدا سەرکۆمارە، سەرۆکی سوپایشە. سەرۆك وەزیران و پسپۆڕی تایبەتی بیناسازییە، پسپۆڕی ڕێگاوبان، کشتوکاڵ، پیشەسازی و تەکنۆلۆژی. پەروەردە و ڕۆشنبیریشە. ئەم جۆرە سەرۆکانە بە پێچەوانەی زۆربەی سەرۆکەکانی – گوایە! –وڵاتی یەکەم و پێشکەوتووی ئەوروپا، بە تۆزێك سوودوەرگرتن لە شێوازی کاری (ستالین و هیتلەر و مۆسۆلۆنی) بۆ ئاوەدانکردنەوە و جوانترکردنی وڵاتمان، جیهانبینی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو سووتاندن و کاول و وێرانکردنی چەند هەزار گوندی وڵات، تێکدانی ڕێگاوبانەکان، پڕکردنەوەی بیر و کانیاوەکان، مینرێژکردنی ڕێگا و توولە ڕێگا و چیا و دۆڵ و دەشتەکان. بڕینەوە و سووتاندنی دارستانەکان. مۆڵدانی گوندییەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا، بە گۆڕانی هاوچەرخ و ئەرکی نیشتمانی دەزانێت. تەنانەت ئەم کردەوانە، تایبەتمەندی سەرۆکی هێژامانە!! ئەم جۆرە گۆڕانە لە (گلاسنۆز و پرسترۆیکا) ی ڕوسیا و گلۆبالیزمی جیهانی بە نرختر

دەزانێت. ئەی هەر سەرۆکمان نەبوو کە پاش لەبەر هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت، کۆمەڵێك لە زاناکانی بەشی ( چەکی ئەتۆمی) بۆ کارکردن لە بەرنامەی ئەتۆمی وڵاتدا داوەت کرد؟! ئەو زانا داماوانە مانگانەکانیان تەنیا ٣٠٠ دۆلار بوو لە مانگێکدا، بەڵام سەرۆکی فەرماندە، یەکی بە مانگانەی ٣٠٠٠ دۆلار دڵخۆش کردن. حیکمەت و فەلسەفە لە کردنی ناوچەی قەدەغەکراوی وڵاتدا هەیە! کێ دەڵێت سەرۆکی فەرماندە، دڵی بۆ نەوەی داهاتوو ناسووتێت؟! ناخوازێت کە ئەو هەموو ئاو و خەڵەو خەرمان، میوە و دارستان و بەرهەمە سروشتییە، بۆ نەوەی داهاتوو، پاشەکەوت بکات؟! بێگومان وڵاتانیش هەن کە سوود لە بەرنامەی سەرکردایەتی ئێمە وەردەگرن. بیر لە ئێمە دەدزن! لەم بەینەدا ئاشکرا بووە، بۆچی وڵاتێکی بچکۆلە و بەڵام دەوڵەمەند بە غاز و نەوتی وەکو (نەرویج)، لە بەرهەمهێنانـدا دەست دەگرنەوە و زیادەڕۆیی ناکەن. یەکێك لە سەرۆکەکانی ئەو وڵاتە، لە وەڵامی پرسیارێکدا؛ کە بۆچی زۆر بەرهەم ناهێنن، هەتا پارەی زۆرتران چنگ بکەوێت، وەکو سەرۆکەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم، هەژدە کۆشکی مەرمەڕ و لە ئاڵتوونتان هەبێت و دەوڵەمەندتر بن؟! وتوویەتی: ″نهاکە ئێمە ژیانمان باشە و پێی ڕازین. بەڵام ئێمە لە ژیانی نەوەی داهاتوویش بەرپرسیارین و بەشی ئەوانیش بەم سەروەتە سروشتییەوە هەیە. دەبێت بیریکیش لە داهاتووی نەوەکانمان بکەینەوە...″ بەڵێ، ئەمەیە حیکمەتی کارەکانی سەرۆکمان. بۆیە بەباشی دەزانێت، ئەو بەشە دەوڵەمەندەی وڵات، چۆڵ بکات، ئاگری تێبەربدات و بیکاتە – ناوچەی مەرگ و مردن – تا کاتی دیاریکراو!! دانیشتوانەکەشی لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا مۆڵ بدات. بێ شك ئەویشی لە هەمبەر ئەم بەرنامە نەتەوەییە گرنگەدا، بەرهەڵستی کردووە و یاخی بووە، بە گۆڕی تاك و کۆمەڵ و مردنی سەحرا، سزا دراوە...″

هەر لەم ساتەدا، منداڵێکی کچی ڕەنگ زەرد و زەعیف و قژ ئاڵۆزکاو ،

لەبەر هەیوانی کۆڵیتێکی یەکێك لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا، لە تیانووسە چرچ و لۆچەکەیدا، پەخشانێکی بۆ دایك و بابی دەخوێندەوە:

″شەو و ڕۆژ بە دوای یەکدا دێن. ئەو خەونە دێتە دی کە گوندە وێرانکراو و سووتێنراو و بەجێهێڵراوەکان، جوانتر دروست و ئاوەدان دەکرێنەوە. لە قوڕی گوندەکەمان ماڵۆچکە دروست دەکەینەوە! باغ و بێستانەکان خۆشە دەکرێنەوە و دەکێڵرێنەوە. ئاوی کانیاوە سەرگیراوەکان، لە جێی دی سەر هەڵدێننەوە. قووقەی کەڵەشێر، گارەی مریشك و جیکەجیکی جووجەڵەکان، پرمەی مەڕ و بزن، بۆڕەی گا و گۆلك و جریوەی باڵندەکان. حیلەی ئەسپەکان و زەڕینی کەرەکان. حەپە و وەڕینی سەگەکان و قاسپەی کەوەکان، زیقەی منداڵی تازە لەدایکبوو، ئەو دەڤەرە پڕ دەکەنەوە. لە بریتی بۆنی بارووت و مەرگ. بۆنی خاکی تەڕ و شێدار. بۆنی تەپاڵە و شیاکە و سەرنوێلکی ئاگردراو، لە دژی مێشوولەی شەوانە. بۆنی ژیانی نێوان چیا و گرد و چەم و دۆڵەکان هەڵدەمژین. مامە و کاکە و خاڵە ڕیشدارەکان دێن، چەکەکانیان هەڵدەپەسێرن، لە ماڵ دروستکردندا یارمەتیمان دەدەن. پاشانیش، ئاهەنگ دەگێڕدرێت و تەقەی خۆشی دەکرێت... تەق... تەق... تەق... ت... ە... ق...″

کە دایك و باب لە نێزیکی ئۆردوگاکە، گوێیان لە دەنگی تەقە بوو، کچەکەیان خستە نێوانی خۆیان. بابی ماچێکی کرد و بە ئەسپایی پێی وت:

– کچی بابی، ئامان، ئەم پەخشانە بۆ کەسیتر نەخوێنیتەوە...!

ئەوجا دەنگی ڕادیۆکەشیان کزتر کرد. بەڵام هەواڵ زۆر بە کزی، زۆر کەس ئیدی گوێی لێ ناگرێت، هەر بەردەوام بوو:

″... هەمووان باش ئاگادارن کە بۆ بەرهەمهێنانی وێنەکانی سەرۆك، چ بودجەیەکی لەبەر چاو تەرخان کراوە. لە کاتژمێری مەچەکتاندا، هی سەرمێز و دیوارەکان، ناو قاپەکانی بەردەستتان، هەتا هەمیشە وێنەی

سەرۆکی بەخشندە، لەبەر چاو و لەناو هەستتاندا بێت و سوپاسگوزاری ئەو پێشکەوتنانەی بن، کە پێشکەشی کردوون!. بۆ فەراهەمکردنی کاغەز و تەختەی چوارچێوە، با وەکو لە هەندەرانیشەوە کاغەز و تەختە هێنراوە، بەڵام بۆ ئەوەی بەرهەمەکە خۆماڵی بێت، چەندین دارستان بڕدراونەتەوە. تەنانەت سەرۆکی فەرماندە خۆی سەرپەرشتی چۆنیەتی وێنەکانی کردووە، چونکە خۆی بە جوانترین کەسی ئەم وڵاتە دەزانێت. بێ شك هیچ شوورەیش نییە کە شەیدای خۆی بێت...! کێ لە ڕۆژێکدا چەندین دەمژمێر و لەبەر ئاوێنەدا، لە خۆی هەڵناڕوانێت...؟!"

دەنگوباس بە کزی هەر درێژەی هەبوو. گوێگریش تا دەهات کەم و کەمتر دەبوونەوە، میللەت دەیانخواست، لە زەبروزەنگ و چەوسانەوە هەڵبێن. بێزار لە پێداهەڵدان و گوێگرتنی شەو و ڕۆژی درۆنامەکانی پایتەخت. وڵات بۆ سەرۆکی عەرشی کەلاوە چۆڵ بکەن. (ترس) مۆتۆڕێك بوو، خەڵکەکەی خستبووە جووڵە. ئەو خەڵکەی لەژێر تاوەباراندا، لە نێوان ریزی ئۆتۆمبێل و تراکتۆرە قوڕاوی و سیخنانەکاندا، بە ناو قووڕ و چڵپاو و لیتاودا. بە ترسەوە و بە برسێتی، منداڵ بە کۆڵ و بە باوەش و بەسەر شانەوە. بە هەموو توانایەکی خۆیەوە، پشت لە نیشتمان و بەرەو نیشتمان، ڕوو لە تەلبەندەکانی سنووری نیشتمان، ڕوو لە نادیار و مەرگ و مردن هەڵدەهات. هاوسەر و منداڵان لە یەك دادەبڕان. دایك و باب، لەژێر قورسایی باری ئاڵۆزی دەروونی و هۆش لە دەستداندا، حاڵەتی تێکچوون و شێتیدا، لە جەرگیان، لە نەوەکانیان، بێزار بوون! یان بە تەکانێکی لە هەموو شتێك بێزار، توڕیان دەدانە ئاوی خوڕەوە، یانیش هەروا جێیان دەهێشتن. لێ ئەوانەی کە هێشتاکە هێز و توانا و هۆشیان بە تەواوی لە دەست نەدابوو، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، بە دەستی لەرزۆکەوە، هەڵیان دەگرتنەوە و ئەو تۆزە گەرمایەی باوەشی ماندووی خۆیانیان پێ دەبەخشین. لێ لە هەمان ئان و ساتدا، هاوسێ و هاوشاری و هاو زمانەکانی لەشکری تاڵانکەرو ڕاو و ڕووت، بە گونییەی بەتاڵەوە، لە

دەرگـا کـراوەکـانـەوە، خـۆیـان بـە مـاڵـە چـۆڵ و بـەجـێهـێڵـراوەکـانـدا دەکـرد! هـەرچییـان لـە خشڵ و پـارە، کەلوپەل و ئـامێر چنگ بکەوتـایە، دەیانمـاشییەوە و لـە گونییەکانیـان دەخنی. بەهـەنـاسەبڕکێ دەردەفرتـانـە دەرەوە و بـەرەو مـاڵێکی بەجێهێڵراو و چۆڵکراوی تر. ئەم دراوسێ دزانە دوو جۆر بوون؛ بێ ئیمـان و بـە ئـیـمـان! بـەئـیـمـانـەکـە؛ نـوێژە لـەبـیـرکـراوەکـانـی لـەبـەر دزی، پـاشـان بـەقـەزا دەگێڕایەوە. لەو خشڵ و پارە دزراوانەیش، زەکاتی لێ دەدا. چەند دراوی ئـاسن و پـارەی کـاغـەزی بـە سواڵکەرەکان دەدا. هـەتـا خودا، ئەگەر گونـاهێکی کـردووە، ئـەوا لێی خـۆش بێت. نوێژەکانیشی لێ قبووڵ بکـات. یەکێك لـەم ئیمـاندارە دزانە، بە ژنەکەی خۆی وت:

– ئـافرەت، لـە ژیـانـدا فرسـەت زۆر هـەڵدەکەوێت. خۆ ئـەگـەر خێرا چنگی لێ گیر نـەکـەیت و سوودی لێ نـەبینیت، ئـەوا بـەسـەرتـا تێدەپەڕێت و پـاشـانیش لـە پـەژارە و خـەفـەتدا، لـۆمـەی خـۆت دەکـەیت. بـەڵـێ... شـانسێکـە و هـاتـووە. دەنـا پـارەمـان لـەکوێ بوو سەفـەری ئـەوروپـا مـەیسـەر بکـەین؟! ئـەگـەریش ئـەو مریشك و گـۆشتـانـەی بـەجێهێڵراون، ئێمـە نـەیـانـخـۆین، بـۆگـەن دەکـەن. دە هـەستـە و گـۆشتـاوێکی چـەور دروست بکـە، لـەمێژە گـۆشتمـان نـەخـواردووە!

ژنەکەی لە وەڵامدا وتی:

– خوا دەکات ئـەو هـەڵهاتووانـە بـە بێوەی دەگـەڕێنـەوە، کـەی گوێ بـە مـاڵـی دنیـا دەدەن؟! ئـەوەتـا ئێمـەیش خێریـان بۆ دەکـەین.

پیـاوێکی کـەتـە کـە ڕاکشابوو، هـەڵیدایـە:

– ئـەمـەی ئێمـە حـاڵـەتی پێویستییە و شـەڕی مـان و نـەمـان! ئێمـە نـاچین لـەبـەر پـارە و خشڵ، ئـەندامـانی خێزانـەکـە بـە تـەرو کـەلـەپـاچـە بکـەین... یـانیش لـەبـەر دەرهێنـانی بـازنـە و هـەڵقـە، پـەنجـە ببڕینـەوە. بۆ دانی ئـاڵتوون گـۆڕ هـەڵـبـدەیـنـەوە! یـانـیش هـەر لـەبـەر قـازانجی پـارە، بـازرگـانـی بـە تـریـاك و حـەشیشـەوە بکـەین و گـەنجـانی شـارەکـەمـان، بـە مـادەی سڕکـەر، تووشی

بەنگکێشان بکەین و ژیانیان ببێتە دۆزەخ! ئاگایشمان لە شارەکەیە! میللەت وەك ئاو وایە، دێت و دەڕوات، ناوەستێت، تێداناچێت و کۆتاییشی پێنایەت. ڕۆژێك دەبێت بگەڕێنەوە ناو شار وماڵی خۆیان. وەکو براژنیش وتی؛ ئێمەیش خێریان بۆ دەکەین. پاروویش کە لە دەم بەر بێتەوە، دەکەوێتە کۆشەوە...! دەزانیت لە ماڵە چۆڵکراوەکاندا، چەندە نەخۆش و پەککەوتەی بەجێهێڵراوی سەر جێگام دیت...؟! دڵم ژانی دەکرد! دەچوومە لایان، نان و ئاوم بۆ دادەنان و دڵنەواییم دەدانەوە. لە مزگەوتیش کردمە قاو، چەندین ژن و پیاوی پیر و نەخۆش و پەککەوتە، بەتەنیا لە ماڵەکاندا، لە ژووره تاریکەکاندا و بێ خزمەت بەجێماون، جا هەر کەس دەیەوێت خێرێك لە ڕێی خوادا بکات، بچێت بە دەمیانەوە. یان بیانبەنە کن خۆیان... تا کەسەکانیان دەگەڕێنەوە! خوا بەو سەرەوە ئاگای لێیە کە دەرمانم بۆ دووان لەو نەخۆشە بەجێهێڵراو و بێکەسانە، فەراهەم کردووە...!

منداڵەکانیشیان لە حەوشەکەدا، بە پایسکیل و لهستۆکی دزراو یاریان دەکرد!. بێ ئیمانەکەیش؛ کە بە گونییە و گیرفانی پڕ و ماندووییەوە، خۆیان بە ماڵەوەدا دەکرد، پاش ژەمە خواردنێکی باش و چەندین قرقێنەی درێژ، سەرخەوێکیان بۆ دەشکاند و خەونیان بە دەوڵەمەندیی و چەند ژنییەوە دەدی. کوڕێکی لاو لە حەوشەیدا، پاڵی بە بەرمیلێکی ئاوەوە دابۆوە. دەستەکانی لە گیرفانەکانیدا بوو، بەسەری پەنجەکانی یاری بە ئەنگوستیلە و گوارە و ملوانکەکانی ناو گیرفانی دەکرد و بزە بەسەر لێوەکانییەوە بوو. مژێکی ناشیانەی لە جگەرە دزراوەکەی نێوان ئەنگوستەکانی دا و نەرم وتی:

– باشە مامە، بۆ هەموو هەڵدێن؟ خۆ ئەوانە چەکدار و خەباتگێڕی پارتیزانی نەبوون؟

– کوڕم، کەریم... مرۆڤی هۆشیار و زرنگ لەگەڵ زەمانەدا خۆی دەگونجێنێت. ژیانی ئێمەیش هەر وەك ژیانی ئاژەڵەکانی ناو دارستانە.

هـەمـوومـان بـەیـەکـەوە و لـەسەر حسابـی یـەکـتـریش دەژیـن. هـەیـە بـۆ بـیـروبـاوەڕێك، خـۆی بـەکـوشت دەدات، هـەیـە خـەڵك دەکـوژێت. هـەمـیشە کۆمـەڵێك دەیکەن و کۆمـەڵێکی تر دەیخۆن...

– وەك دەڵێن؛ هـەیە بۆی دەمرێت. هەیە پێی دەمرێت... وەها؟

– تاڕادەیەك. ئەوەتا منیش چەکدارم و لە ماڵی خۆیشم دانیشتووم...

– ئەی لەوەی ناترسیت، سەرباز و سوپا گەلییەکان، لەناکاو خۆیان بە حەوشەکەدا بکەن و تەقەمان لێبکەن؟

– هێجگار وەهایش نییە. خێرا پێناسەکەمیان پێشان دەدەم و دەڵێم؛ ئـێمـەی کـوڕانـی بـەوەفـا و دڵسۆزی سەرکـردە و وڵات، هـەمـیشە لـە خـزمـەتدایـن... مـردنـی وڵاتـی ئـازیـز لـە ژیـانـی دەربـەدەری خـۆشتـر و بەنرخترە... ئەوەتا شار دەپارێزین!

– مامە گیان گوێت لێیە، چ تەقەیەکە؟ تەق تەق تەق... تەق تەق تەق... ئەو هەموو فیشەکانە دەگرنە کێ؟!

ئـەو هـەمـوو فیشەك و گوللـە تۆپـانـە، دەگیرایـە چـەند پێشمـەرگـەی بـە ئـەنـدازەی ژمـارەکـانـی هـەردوو دەست، کـە لـە بـەرزایـیـیـەکـانـەوە، بـۆ پارێزگاری لە خەڵکی ماندووی کۆڕەوەکە، لە هەمبەر لەشکرێك بە تۆپ و زرێپۆش و هەلیکۆپتەرەوە، لە شەڕی بەرانبەردا بوون. لەو سەری سنووری دووری کۆچ و ڕەوەکە، ئافرەتێك کە پاڵی بەلاشیپانی دەرگاکەیان دابۆوە و بنێشتی دەجوو، بە ڕێبوارە ماندووەکان دەڵێت:

– ئەرێ ئێوە سەرۆکێکی وەها جوان و قۆزتان هەیە، بۆچ لە دەستی هەڵدێن؟!!

یەکێك لەو هەڵهاتووانەی کە برسی و ماندوو، هەموو گیانی قوڕ و لیتە و تەڕ بوو، بەڵام هێشتاکە، ئارەزووی گاڵتەبازیی تەواو تێك نەچووبوو، وەڵامی دەداتەوە:

– خانم، تۆ باسی کێ دەکەیت؟! لە گوێی چ گایەکدا نووستوویت. لە بریتی تێرکردنی برسییەك بە لەتێك نان. داڵدەدانی ئاوارەیەك. گەرمکردنەوەی کەسێك بە چاکەتە شڕە و یان بەتانییەك، بە هەستی ناوگەڵت دەدوێیت! مەگەر میللەت لە سەرۆکەکان مارە کراون؟!

ئافرەتێکی شەکەتی پێپەتی، جل و بەرگ بە قوڕوچڵپاو سواغدراو و دڕاو، بە دەم هەنسکەوە و بە تووڕەیی پێی دەڵێت:

– شەرم بتگری... شەرم. بزانە دراوسێکانت چۆن بە چاوی پڕ لە فرمێسك و باوەشی گەرمەوە، ماندوو برسی و نەخۆشەکان لە ئامێز دەگرن. لە دەمی خۆیان دەگرنەوە و برسییەکانی کۆڕەو تێر دەکەن. خۆیان دەچنە کن کەسەکانیان و ماڵەکانیان بۆ ئێمە چۆڵ دەکەن. چ گەرمەشینێکمان بۆ دەکەن. تۆیش، وەك ئەو کاکەیە وتی، بە هەستی هەرامەکەت دەپەیڤیت... دەك خەجاڵەت بیت. ئەگەر ناتوانیت خۆت خۆشەویست بکەیت، بۆچ خۆت تاڵ دەکەیت. ئەگەر ڕایشت وەهایە، فەرموو جەنابت بە پێچەوانەی ڕەوەکەوە، بەرەو وڵاتی مەرگ و مردن، ئەشکەنجە و سوێ و بەرە و (مەعشووق) ەکەت، مل بنێ ...!!

ئافرەتەکە هێندەی تاکە سەر پێی و پێڵاوی قوڕاوی تێ گیرا، هێندە لە لایەن دراوسێ چاو بەگریانەکانییەوە لۆمە کرا، کە هەر زوو دەرگاکەی کڵۆم کرد و ئاودیوی ماڵەکەی بوو.

خەڵکی لە درۆنامە و فشەنامەکانی پاشای عەرشی کەلاوە، بێزار ببوون. ئەگەرچی گەرمایی گڕی ئاگری شەڕەکە، تا دەهات بەرەو پایتەخت و کۆشکە ئاڵتوونی و مەرمەڕەکانی، سەرۆکی سەرەمەرگدا دەچوو. ڕەنگە تەنیا دیکتاتۆر خۆی باوەڕی بە کۆتاییهاتنی خۆی نەکردبێ. وشەی مێدیاکانیش، ڕەنگ و بۆنی کەرووی مێژوویەکی وەستاوی گرتبوو. خەڵکیش گوێبیستی کەناڵە نوێکانی خۆیی بوون. بڵێسەی گڕی ئازادیی، تا

دەهات لە دڵەکاندا، گەش و گەشتر دەبوو. بەڵام هێشتاکەیش، لێرە و لەوێ، لە بازنە و سنوورێکی زۆر بەرتەسکدا، وتار بێژی و هاشە و هۆشەکانی دیکتاتۆری پاشای عەرشی کەلاوە، کۆتایی نەهاتبوو:

(... وڵات هەر بەرەو پێش و پێشتر دەچێت. نهێنی ئەم پێشکەوتن و گۆڕانە مێژووییەی وڵات. لە حیکمەتە بێ هاوتاکانی سەرکردەی جەنگی ٨ ساڵەی خوێناوی و ماڵوێرانکارییانەیە. ئێمە ئەمڕۆ لەسەر تووله ڕێی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمین. کە ئیدی، یان دنیا ملکەچی سەرکردەی ئێمە دەبێت، یانیش بە تەقاندنی بۆمبێکی ئەتۆمی، دنیا لەگەڵ خۆماندا نغرۆ دەکەین! ئەی سەرۆك چەند جاری نەفەرمووە کە وڵات دەکەمە گۆمی خوێن؟ با کە من نەمام زیندەوەر لەم زەویەدا نەمێنێت؟! ئەم قسانە لە فەلسەفەکانی، سەرۆکەکانی ئەم دەڤەرەن! ئەوەیشی لەم جۆرە فەرمایشتانە دەربڕێت، بێشك لە سەرۆکی ئێمەی وەرگرتووە. ئەویش وەك دزییە!! بۆ نموونە؛ لەبەر ئەوەی چەند هونەرمەند و تەکنیکەیەك، لە ئەرکە نیشتمانییەکانیاندا، کەمتەرخەمی و ناشارەزاییيان لێ دەرکەوتووە، بە سزای سەرکردە و شۆڕش و گەلی قارەمان گەیشتوون. هەندێکیان هەر بە زیندوویێتی، کراونەتە ژەمە خواردنی سەگ و پڵنگە برسی و هارەکانی دەربار. ئەو گەنەڕاڵ و وەزیرانەی سەرپێچی فەرمانەکانی سەرۆکیان کردووە، لەبەر چاوی خۆیان دەستدرێژی کراوەتە سەر کچ و ژنیان، هەتا ئیدی چاوی ناحەزانیتر بشکێنرێت و کەس نووزەی لێ نەیەت. ئەگەر زۆر پێویستی کردبێت، خۆشیان کەوتوونەتە بەر هێرشی جنسی، هەتا ملشۆڕ و چاوبەرەوژێری هەردوو دنیا بن! بە گوناهی خیانەتکاری سزای خۆیان وەرگرتووە. ئەو ناوچانەشی، بەرهەڵستیان لە فەرمان و فەرمایشتە ئاسمانییەکانی سەرۆك کردووە، گوندەکانیان وەها تەخت کراوە، کە لە بۆنەکانی لە دایکبوون و شۆڕشدا، لەو مەیدانەدا شایی و لۆغانی خۆشی بەڕێوە بچێت. خەڵکە خیانەتکارەکانیشیان، بۆ دەشت و سەحرای خوارووو

ڕەوانە کراون، هەتا لەشیان بە گەرمای کوژەری ئەوێکانە، گیانیان بە تینوویێتی کوێرکەی ئەوێکانە، گەدەیان بە تەپوتۆز و ئاوی سوێری ئەوێکانە ڕابێت. بە هیمەت و وردبینی سەرۆك (کە جارێ سەرۆکی هەموو عارەبزمانێکە و بۆ سەرۆکایەتی جیهانیش کاندیداتە...) وڵات گۆڕانکارییەکی مێژوویی و سەرسوورهێنەر بەخۆیەوە دەبینێت؛ جێگۆڕکێ بە باکوور و باشووری وڵات دەکەین!. لە چیاکاندا دارخورما دەرِوێنین و لە ناو چەم و دۆڵەکانیشدا (ئەهوار) دروست دەکەین...)

لەم کاتەدا، عارەبێکی ئەهوارنشین بە ناوی – خەزعەل – ، لەناو بەلەمە شڕەکەیەوە، بۆ بژێوی ژیان لەو زۆنگاوەدا، سەرگەرمی ڕاوە ماسی بوو. کە لە ڕادیۆ خشەخشکەرەکەیەوە، گوێی لەم دەنگوباسە یوو، تفێکی ڕژاندە ناو ئاوە لێڵەکەوە و سەرێکی بادا، ڕوانییە دەوروپشتی چۆڵ و هۆڵ و ورتاندی:

– ئۆوو... ئەوجا دەبێتە – سەرۆکی کۆماری گێتی! – . سەرۆك مەغروورە، دەستکاری کاری خودایش دەکات...! دیارە کۆتایی دنیا نێزیك بۆتەوە...! ئێستایش نایەوێت باوەڕ بکات، کلکی قرتێنراوە و نۆبەی سەرییەتی...!

ئیدی ڕادیۆکەی کز کرد. بەڵام خۆبەخۆ دەنگی گێڕانەوەی ئامۆزا ئەشکەنجەدراوەکەی، لە مێشکیدا دەزرنگایەوە، کە پاش بەربوونەکەی بە (بەخشینێکی گشتی!) بۆی گێڕابۆوە:

"پاش ئەشکەنجەیەکی تاقەت پسێن و سووکایەتییەکی نامرۆڤانە، ئەشکەنجەدەرەکانم بە پێکەنینەوە پرسییان:

– باشە تۆ دەڵێیت من موسڵمانم شیعەم...!؟

– هەر وایە...

– کەواتە، بۆ بێ تاوانیت یەك تاقیکردنەوە ماوە ئەگەر دەرچوویت... ئەوا دیارە درۆ ناکەیت، تاوانباریش نیت و بەردەبیت...

بە یەك دوو دالآندا بردمیانە بەر دیوارێك، کە وێنەیەکی گەورەی

حەزرەتی عەلی پێوە هەڵواسرا بوو. جەلادەکان وتیان:

– دەی فەرمووا سوێند بە حەزرەت بخۆ کە بێ تاوانیت، بزانین بە پاك و ڕاستگۆت دەزانێت. بڕۆ پێشەوە، لێی بپاڕێرەوە و ماچێکی بکە...

منیش وەهام کرد... لە کاتی ماچکردنی وێنەکەدا... نەمزانی چ توانایەکی کارەبایی بوو، کە بۆ چەند مەتر دوورتر هەڵیدام... تومەس کارەبایان خستبووە سەر وێنەکە... من کە بێ هۆش و بێ هێز کەوتبووم. خوێنم لێ دەچۆڕاو بە ئاستەم ئاگام لە دەوروبەر بوو، هاتنە سەرم، بە پێکەنین و گاڵتەبازییەوە وتیان:

– نا، ...؟ بنواڕە حەزرەتیش ئێوەی ناوێت...؟!

بەردانەکەشی لەژێر ناوی (بەخشینی گشتی) سەرۆکدا بوو، دەنا بە مەرجێك بەردرابوو، بۆ ئێران هەڵبێت و پاشان لەوێوە کاری سیخوڕی تیرۆر فەراهەم بکات. خەزعەل لە ناو بەلەمەکەدا، گوێی لە فڕکە و ترپەی هێلیکۆپتەرەوە بوو. چاوی گێڕا، بەڵام هیچی نەدی. لەناکاو گوێبیستی تەقە بوو. تەقەی زۆری بەدوای یەکتردا. تەقە و ترپە. نەسیمەکەیش هاوار هاوار و قیژە و ناڵەی تێکەڵ و پێکەڵی ژن و پیاو و منداڵانی دەگەیاندە گوێی. هێندە نائارام و قەلەق بوو، بەلەمەکە خەریك بوو بەلایەکدا قڵپ دەبۆوە. دەروونی تەواو شڵەژابوو. چەند سەوڵی بەرەو دەنگی تەقەکان لێدا. هێشتا زۆر نەڕۆیشتبوو، دووکەڵی شین و ڕەش و بۆری بەدی کرد، کە لە پشتی دارخورما چڕەکانی بەرامبەرییەوە بە ئاسماندا هەڵکشا. کەوتە هەنسکدان و گریان و بە چەپۆك بەسەری خۆیدا دەکێشا، بەڵام دەنگوباسی ڕادیۆ خشەخشکەرەکەی، لە تەختایی تەڕی بەلەمەکەدا هەر بەردەوامە:

(... بەڵێ؛ لەم وڵاتەدا گەل چییە بەبێ سەرۆك و سەرکردایەتی؟! ڕەوەیەکی پەرت و بڵاوی بێشوان. بۆیە، بۆ هەر خزمەتگوزارییەك دەبێت سوپاسگوزاری سەرکردایەتی بکرێت. خوێندنگە و نەخۆشخانە، پرد و ماڵ

دروستکردن. کۆڵان و جاده تەخت و قیرتاوکردن. منداڵ بوون و مردن و ناشتن. زەماوەند و شین و شەپۆڕ. بانگێڕان و زەوی کێڵان. دوورینەوەی خەلە و خەرمان و بژێوی ژیان... ئەی تەکنەلۆژیای سەردەم بۆچ باس ناکەن؟! چەکی تاککوژ و کۆمەڵ کوژ. فڕۆکەی مۆدێرن و گرانبەها. زرێپۆشی چوست و چالاك و چەکی هەستەیی. ئەوەی لەم جۆرە وڵاتانەدا زۆرە، جۆرەکانی چەك و کەرەستە و ئامێری جەنگییە. کە دەبێت جێی شانازیی هەموو کەسێکیش بێت!. تەنانەت پەروەردەیش، سەربازی و سەربازگە ئاساییە. ئەگەرچیش زۆرێك لەو زانیارییانە لە وڵاتانی ئێمەوە دزراون و بۆ داهێنانە نوێکان بەکار هێنراون. تەنانەت سارۆخ هەڵدانە سەر مانگ و ئەستێرەکانی تری وەکو مەریخ و ساتوور و پلۆتۆ ووو...”

هاواری لەناکاوی ڕیشدارێکی عەمامە لەسەر، خەڵکی ناو چایخانەیەکی شاری (موسڵ)ی داچڵەکاند، کە بەدەم ڕاوەشانی تەزبیحەکەی دەستییەوە شیڕاندی:

– هەر وەهایە. هەر هەمووی لە کتێبە پیرۆزەکەماندا هەیە... ئەوروپییەکان زانیارییەکان دەدزن و بەکاری دێنن! ئەو کتێبەی کە گوایە! ماوەیەکە سەرکردە بە خوێنی خۆی دەینووسێتەوە... خوێنی ڕاستەقینەی خۆی!!

ئەفەندییەك، سەرنجی ئەفەندییەکی تەنیشت خۆی دا و تەنیا سەریان بۆ یەکتری لەقاند. بەڵام گۆڕینەوەی نیگاکانیان، گۆڕینەوەی سەدان وشەی بێدەنگ بوو.

کەوتنەوە ناو ئاخافتنە تایبەتییەکەی خۆیان:

– کەواتە مایە پووچ دەرچوویت؟!

– هەر وای حسێب بکە...!

– ئەی کچەکەیشت هەر لە کن ئەو بەجێهێشت؟!

– کچەکەم لەگەڵ مندا نەدەهاتەوە بۆ وڵات.

– ئای لە مەکر و فرِوفێڵی ئافرەتان. باشە ئەوسای هاوسەرت بوو... هەستت بە گۆرِانێکی وەها نەکرد...؟!

– نەخێر. دیارە لەو چوار ساڵەی کە جێم هێشتوو چوومە هەندەران، ئەو گۆرِانەی بەسەردا هاتووە...

– باشە ئەی ئەگەر لەگەڵ پیاوێکدا پەیوەندی هەبووایە و بۆ ئەو داوای تەڵاقی لە تۆ بکردبایە... هەر رِازی دەبوویت...؟!

– بڵێم چی... برا. بۆ هەر وەك یەك نییە؟

هاورِێکەی چەند مژێکی لە قلیانەکە دا. سەرنجی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە رِەش و سپییەکە رِاگرتبوو. بەڵام لە ناو هەراو زەنای شەقەی پوولی دۆمینە و زاری تاوڵە و پرِمە و لووشکەی قلیاندا، دەنگی نزم نەدەبیسترا. سەرێکی بادا و دەستی خستە سەر شانی هاورِێکەی:

– پێدەچێت گەلێك ئافرەت لەم وڵاتەدا، هەر وەك ژنەکەی تۆ – لێسبوش – بن و ئافرەتیان خۆش بوێت. بەڵام یاسای ئێرە رِێگەیان پێ نادات...

– کاکە برا، لە هەموو تووخمەکان لە هەموو جێیەك هەیە... بۆ نێرینە لەتەك نێرینەدا نایکات؟

– باشە تۆ پێم بڵێ. یانی ئەو ژنەی کە ژنەکەت خۆشی دەویست، بەهەوڵ و رِەنج و پارەدانە قاچاغچی بێویژدان و لەسەر مەسرەفی تۆ گەیشتنە ئەوروپا، لە وڵاتەوە یەکتریان خۆشویستووە و بەرنامەیان چوونە ئەوروپا بووە...؟!

– شتەکە رِوونە. جا خۆزگا هەر ئەوە بووایە...

– بڵێ بزانم. لەوەیش خراپتر رِووی داوە؟!

– بەڵێ... خۆزگا هەر ئەو تەفرەدان و حیلەیە بووایە.

– یانی شانسی ڕێکەوتنەوە و پێکەوە هەڵکردن نەماوە؟!

– ڕێکەوتن و پێکەوە هەڵکردنی چی؟ براکەم باسی چی دەکەیت؟ من لەگەڵ ناسیاوێکمدا لە وڵاتی هۆڵەندا، بۆ سەردانی خزمێکی چووینە ئۆردوگایەك و لە لەوێکانە منیان نەدەناسی. بەگوێی خۆم گوێم لێ بوو کە دەیانگێڕایەوە، چۆن ژنەکەم و هاوڕێ ژنەکەی، هەر لە کوردستان و تورکیا و ڕێگەی یۆنان و ئۆردوگاکەی یۆناندا، هەر تاوەی لەگەڵ ئەم پیاو و کوڕدا ڕایانبوواردووە... بانگهێشتەی ئەوەشیان کردووە کە ئەوان بۆ پارە سێکس ناکەن، پارەیان بە ئەندازەی پێویست پێیە...! بەڵکوم بۆ چێژ و خۆشی ڕۆحی و جەسەدی ڕادەبوێرن...

هاوڕێکەی بە لەپی دەست بە ناوچاوانی خۆیدا کێشا. هەناسەیەکی درێژی دایەوە، سەری دەلەقاند و بێدەنگ بوو. پاش چەند چرکەیەك، بەدەنگی حەزین پرسی:

– نیازت نییە بگەڕێیت بۆ هاوسەرێکی تر؟

– جاری شۆکی ئەو ڕووداوە بەری نەداوم... نازانم...

هەردووکیان هەڵسان، پارەیان دا و چوونە دەرەوە.

ترپەی تۆپبارانی دوور، قرمە و خرمەی چەکی قورس، لەگەڵ لووشکەی فڕۆکەی بۆمبهاوێژدا،، کە کۆشکە ئاڵتوونی و مەڕمەڕییەکانیان بەسەر دیکتاتۆری سەدەی ٢١ دا دەڕماند، تێکەڵ بە پڕمە و قڕمەی قلیان و شەقەی پوولی دۆمینە و ئەزنێفدا، هەواڵی سەرۆك و سەرکردایەتی، لە پانتاییەکی کەم و دیاریکراودا، بە گوێگرێکی هێجگار کەمەوە، بە کزی درێژەی هەبوو:

"... ئەی خەڵکی بەشەرەف و سەربازی بەوەفا و خزمەتکاریی سەرکردەکانمان، وەکو ئاماژەمان پێکرد، بە لەبەر چاو گرتنی ئەو شەڕە نەگریس و خوێناوییەی وڵات تێوەی گلاوە، لەبەر دڵسۆزیی خۆشەویستی

سەرکردە بۆ گەلەکەی، بەرنامەیەکی زۆر گران و گرنگ و مێژوویی لە ئارادایە. خۆتان دەزانن کە سەرۆك، چەندە شەیدای سەرکردایەتی کردنی ئێوەی هەیە؟! بۆیە ئارەزووی هەیە تا کۆتایی نەوە و یان کۆتایی دنیا، هەتا ئەم وڵاتە هەیە، لە خزمەتماندا بێت! بۆیەش نەهەڵدێت و نە خۆشی تەسلیم دەکات! بۆ ئەم مەبەستەیش، لەتەك کارامەترین کیمیاناسانی جیهاندا هەیڤپەیڤین کراوە، بە ملیارد دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، هەتا سەرۆکی نەمرمان – خوا بیپارێزێت! – ، لە پلەیەکی زۆری سەرمادا و بۆ چارەك و یان، نیو سەدەیەك، لە یەخچاڵی تایبەتیدا، ببەستێنرێت. هەر وەك مریشکی – دەواجن! – واتە، ئەمجارە یەخچاڵ دەیپارێزێت!! کە ئەو بێهۆش لە یەخچاڵدا و لە خەوی ئارام و مێژوویدا دەبێت، وڵات بە فەرمانە بەجێماوەکانی جەنابی بەڕێوە دەبرێت. شەڕیش هەر درێژەی دەبێت! ئیدی کە پاش نیو سەدە و یان چارەکە سەدەکە بەئاگای دەکەنەوە، هەموو شەڕێك کۆتایی هاتووە. ئاشتی بەرقەرارە و هەمدیسان سەرۆکە. سەرۆکی مردووەکان و زیندووەکان و تازە لە دایك بووەکانیش! لێ مخابن، کێشەی گەورە و ترسناکی نەکردنی ئەم پرۆژە نیشتمانییە، بێ باوەڕی سەرۆکە بە دەوروپشتەکەی. ترس لە بەئاگانەهێنانەوەی. ترس لە کودەتا و لەدەستدانی ئەو دەستەڵاتەی کە لە یەزدانەوە پێی بەخشراوە! سەرۆك باوەڕی بە کەسی دیکە نییە. ئەوەتا خۆی دەفەرموویێت: ئەگەر پەنجەیەکم ئازارم پێبگەیەنێت، دەیبڕمەوە! بۆیە دەبێت هۆشمەندان چارەی ئەو کێشەیە بکەن، کە چلۆن سەرۆك لە کاتی بەستن و خەوتن و بێئاگاییشدا، هەر بە ئاگا و فەرمانڕەوابێت! چونکە هیچ شتێك لە گەڵ شاراوە نییە کە سەرۆکمان، زیرەی لە کودەتا کردووە! لێ ئەو قەشمەریشی بە جێگر و هەڵبژاردن دێت. دەفەرموویێت: ئەوانە دوورن لە کولتوور و ڕەوشتی ئێمەی سەرۆکانی جیهانی سێهەمەوە! جا باشە ئەوا گریمان ملمان بۆ دیموکراتی ئەوروپییەکان نا و، سەرۆکایەتیمان کردە

هەڵبژاردن. مەگەر کێ دەتوانێت و ئەو بوێرییەی هەیە، لە هەمبەر سەرۆکی موعجیزەدا، لە ٩٩،٩٩٪ دەنگ بێنێت؟! بۆیە لەم کاتەدا و وەکو خەڵاتێکیش، جارێ بارانە وێنەی سەرۆك بە پێویست دەزانرێت! ئیدی بڕیار درا، لەبەر کەمی و نەبوونی تەختە و دار، وێنە لە زەنگۆگراف و چوارچێوەکەیشی لە ئاسن، دروست بکرێن. هەتا مانەوەی وێنەکانیش بۆ هەتا هەتایە، ببنە بەڵگەی مێژوویی سەدەی ئاڵتوونی ئەم وڵاتە شیرینەمان. ئاگادارتان دەکەینەوە، کە سبەینێ هەتا کاتی دیاریکراو قەدەغەی هاتوچۆیە. تەنانەت ناشێ لە حەوشەکانیشدا بووەستن. دەبێت دەرگا و پەنجەرەکانیش داخرابن. چونکە هەر وێنەیەك بەر هەرکەسێك بکەوێت، دەبێت (الفاتیحای) بۆ بخوێنرێت. کەسی مردوویش بە (جەبان و خائین) ناونووس دەکرێت، چونکە بۆتە هۆی تێکشکاندنی وێنەی سەرۆك. بڕیارە کە هەموو لایەکی وڵات، تەنانەت بەشی دابڕاوی خواروو و ژووریش. سەربازە بیانییەکانی کە لە بیابانەکانی خوارووی وڵاتدا، لەو غەرقی تەپ و تۆزدا لە دووی وێنەی سەرۆك وێڵن، بێبەش نابن. لە هەبوونی وێنە جۆراوجۆرەکانی سەرۆك بەرخوردار دەبن. وێنەکانی بەزۆر جۆرن. سەرۆك بەچاکەت و پانتۆڵەوە. بە بەرگی سەربازییەوە. چاکەتەکەی هێندە مێدالی ئازایەتی پێدا هەڵواسراوە، مەگەر هەر سەرۆکێکی وەها بەهێز و تۆکمە و خۆڕاگر، بتوانێت خۆی لە ژێریدا ڕابگرێت! سەرۆك بە بەرگی گەلییەوە. تەنیا بە پەشتەماڵێکی سپییەوە! واتە؛ (حاجی سەرۆك) یاخود (سەرۆك حاجی). بە سەر ئەسپەوە. لەناو بەفرەوە. سەرۆك لەناو ئافرەتاندا. لەناو زارۆکاندا. لە گەڕەکە هەژارەکان و قیرتاو نەکراو و زێرابە سەر دانەپۆشراوەکاندا. سەرۆك بە جبە و عابا و بە ڕیشەوە... بەڵێ بە سمێڵ و ڕیشەوە. ئەگەر چی ماوەیەك لەم وڵاتەدا، بە فەرمانی فەرماندە! ڕیش هێشتنەوە قەدەغە بوو، سزای مەرگی هەبوو. بەڵام ئەو گۆڕانە مێژووییەی بەسەر سەرۆکدا هات، وای کرد کە ڕیش و

سمێڵ بەربداتەوە!! ئەم دیمەنەیش، وەرچەرخانێکی مێژووییە و یەزدان، بە میللەتی بەخشیوە! گرینگییەکەی بۆ میللەتی ئێمە، لە پرسترۆیکا و گلاسنۆز بەنرخترە! هەرگیز سەرۆکتان بە ڕیشەوە دیوە؟!″

یەکێك لەو پێنج کەسەی کە بە بیجامەوە، بەدەوری شووشە ئارەق و مەزەکانەوە دانیشتبوون. قرقێنەیەکی دا و وتی:

– کام سەرۆك... کامیان؟ سەرۆکی گەورە؟! سەرۆکی نێوان یاری – ئاشە بەتەنوورە!؟ – ئەو کەرامەتێکی وەها ئاسمانی و ئەفسوونگەری هەیە، دەتوانێت وەکو خێو، لە یەك چرکە و ساتدا، لە چەندین جێگەی جیاواز بێت. دەدوانزە کۆپی خۆی هەیە و ئەوانیتریش... حححپپپ... بەح... بەخودای توونە! ئەریٚ ئەم فلّتە فلّتە بۆچ لانەبەین و گۆڕانییەکی بخەینە سەر؟ یان بۆ کەناڵێکی تر؟! کەناڵە خۆیییەکان؟!

کەوتە چەقەنە لێدان و گۆرانی وتن.

– کوڕە بابە دە وسبە. با ئاگامان لە گۆڕانەکانی دنیا بێت! بڕێك زانیاری و ڕۆشنبیری زیان ناگەیەنێت! بەشەرەفم ئەمە ئاخر زەمانەکەیە. بەیانی لە بریتی بەفر و باران... وێنە باران دەکرێین. سەعە سەقەت... تۆیش تاریکییەکەت ئیستغلال کردووە و بە کەوچکی زل زل مەزەکە هەڵدەلووشیت... براکەم شەوەکەی زۆری بەدەمەوە ماوە و خوایش کلاّوی بۆ بەڕوو کردووە. توخوا بڕێك دەنگی ڕادیۆکە زیاد کەن. کیٚ دەڵێت لە شانسی ئێمە، لە ئان و ساتدا و بۆ هەمیشە، کۆتایی بە درۆنامە و هاشە و هوشەی سەرکردایەتی سڕکردوو نایەت و پاشان، (ئوم کەلسوم) یێکی بەسەردا ناکەن؟! ئەگەر نەیشبوو، ئەوا (دیلان) و یانیش (عەلی مەردان) هکەی دەخەینە سەر... بەڕاستی وادیارە کە وڵاتی ئێمەیش لە ژێر کاریگەری گلۆبالیزمدا، گۆڕان بەخۆیەوە دەبینێت...!!

– شاعیرە فەندی، گۆڕانی چی؟! من گلۆبالیزمەکەی جەنابت، بە

گـۆپـاڵـیـزم تـێدەگـەم! یـانـی بـە تـۆپـزی و زۆربــەکـار هـانین، گـۆڕان پێکدەهێنرێت! ئەی ئەوە نییە گۆڕان دروست بووە...؟ چ ئێمە لەم سەر و چ عارەب لەو خوارە، ئازادین؟! خۆ سەرۆك ئازادی لە ئاسمانیشدا نەماوە، ئیتر ئەم هاشە و هوشەیە تا کەی؟! وێنەبارانی سەرۆکیش بەریش و بێ ڕیشەوە، بە گۆڕان دەزانیت؟ ئێمەیش ڕۆشنبیرانی وەك جەنابتمان هەیە، بۆیە لە جێی خۆماندا پەنتەڕناش دەکەین... هەهیپ... ئەرێ تۆ واز لە سیاسەت بێنە. بەڵێنت دابوو کە ئەمشەو، هەڵبەستە عاشقانە نوێکەتمان بۆ بخوێنیتەوە... دەی فەرموو؟

– پێموایە کاتی ئەوە نییە. هەناسەم سووار بووە و نیازمە بەجێتان بێڵم. خـۆ ئـەگـەر ئـێوەیش کـەمـتـر جگـەرە بـکـێشن، چ بـۆ تـەنـدروستـیـتـان و چ گیرفانیشتان باشترە... دەزانن ئەم چەڕەدووکەڵەتان زیانی بۆ من زۆرترە؟

هەستا و هەردوو تاکی پەنجەرەکەی کردەوە.

سەعە سەقەت! قرقێنەیەکی درێژی کرد و وتی:

– کورە مەمنوون بە کە لەناو چەڕەدووکەڵی خەست و تیژی تریاك و حەشیشدا نیت! کە ئێستاکە باوێتی! جگەرە باشترە! بەشەڕەفم، چەندین خولەکە لەبیری ئەوەدام کە هەڵسم و هەردوو تاکی پەنجەرەکە بخەمە سەر پشت، بەڵام قاچم گۆ ناکات... هیپ... وە من لایەنگری شیعرە عاشقانەکەی تۆم! ئەگەر هەموو لە بریتی سیاسەت دڵداری و خۆشەویستییان بکردبایە، ڕۆژی وڵات بــەم خــراپــیــیــەی ئـێستــاکــە نەدەگەیشت... بەشەڕەفم، خۆشەویستی نەمێنێت، ژیانیش هیچ مانا و نرخێکی نامێنێت!. ئەگەر من وەزیـری پـەروەردە بم، وانـەی – پـەروەردەی کـۆمـەڵایـەتـی – دەکـەمـە – پـەروەردەی خۆشەویستی– هـیـپ... ئـا بـێنـە، ئـەگـەر شەرمـە شاعیرانـە دەکەیت، با خۆم بیخوێنمەوە... ورگنە سەر ڕووتاوەکەی تا نهاکە هیچی وای نەوتبوو، بە بیرەوە لە دەرکێشانی مووەکانی سمێڵە چڕەکەیدا بوو. بەدەم فڕکردنی پێکەوە، دەستێکی کردە ملی سەعید و نەرم نەرم وتی:

– کاکە سەعید واز بێنە. شیعر بەس دەبێت شاعیرەکە بیخوێنێتەوە... دەی توو چاوی دڵدارەکەت فەرموو... فەرموو... کاکە ڕێبوار...

– ئەگەر شیعری ئەڤینداریتان پێخۆشە... بەسەر چاو. قرقێنە و چەقەنەیش قەدەغەیە! گوێ دەگرن؟

– من گوێنەگرم؟! لە گەنجێتیمدا، تیانووسێکی پانزە پەڕەییم پڕ کردبۆوە. کەچی هێندەیان گاڵتە پێکردم، تا ڕۆژێك دامە پاقلەفرۆشەکەی بەر سینەماکە. تەمەنم چۆتە سەرێ، بەڵام ئێستاکەیش عاشقمأ عەشق ژیانە.. جا باوەڕ دەکەن یان نا.. من شەیدای

ژنەکەی خۆمم... دەی نۆش... ئەرێ ڕاوەستە با دەنگی ئەم نەفرەتییەش کز بکەم.

ڕێبوار قورگی پاك کردەوە و کەوتە خوێندنەوە:

لەسەر ئاسمانی بێگەرد و شینی زۆر دوور
ناوتم نووسی بە هەوری سوور
بە ڕەنگە دڵگیرەکانی جوانی پەڕەنگ
وێنەتم کرد ڕند و قەشەنگ
دوو ئەستێرە چاوانت بوون
دوو مانگیش ئەبرۆی کەوانت
دوو شەمامە مەمکۆڵانت و
تیشکی خۆریش کەزییەکانت
ئیدی جوانی و خۆشەویستیت
تەنیا تایبەت نەبوو بە من
هەموو کەسێك ناوتی بەسەر لێودا هانی
وێنەتی کردە قیبلەگای عیشق و جوانی

ورگنە سەر ڕووتـاوەکە، هـەڵسا، بەلارەلار چووەکن ڕێبوار وتی:

– توو ئەوەی کە بـاوەڕت پێیەتی... خۆ نـاتوانم نـاوی کەللەت مـاچ بکەم. بەڵام لێمگەڕێ بـا وەکـی دەروێشێکی شەیدا، دەستی شێخی شیعر مـاچ بکەم... بـا ئـەو دەستـانـەت مـاچ بکـەم... مـن بـە قـوربـانت دەبم ئـەگـەر جارێکی تری بخوێنێتەوە...

– بزانە برادەران ڕازین؟

– کاکە ئێمە میوانین... میوانیش دەبێت ڕێزی داواکاری و ئارەزووی خانەخوێ ڕابگرێت.

– هـەر وایە...

کە ڕێبوار جارێکی دی هـەڵبەستەکەی خوێندەوە، هـەموو بێدەنگ و مات بوون و سەریان دەلەقاند. لەژێر لێزمەی ئافەرین و چەپڵە لێدان، قڕقێنە دان و لوشکە و فیشکەی مەستانەدا، پاشکۆی هـەواڵەکە درێژەی هـەبوو، بەڵام کەسێك گوێی لێنەدەگرت:

"... بۆ ئەم مەبەستەیش؛ فڕۆکەوانی ئازا و کارامە ئامادەکراوە. ئەم فڕۆکەوانانە، پاش لە بۆمبـاردومـان کردنی دوژمنان و سەرکەوتن لەم شەڕی مـان و نـەمـانـەدا، بـێ شك پـاشان وێنـەبـارانـی هــەمـوو کـون و قـوژبـنـێکـی وڵات دەکـەن. کـە دەبـنـە شایـانـی وەرگـرتـنـی خـەڵاتـی سەرکردایەتی.

ئە... وەی... شی... کە... مل... کە... چی... یێ... ە... مممممممم... پخخخخ...

...پخخخخخخخخخ."

هـەر لە مـانگی پڕ لە (ئازار) ی ٢٠٠٥ دابوو، چەند ورده ئەرزهـەژەیەك و بە دوایدا، ئەرزهـەژەیەکی بەهێز وڵاتی لەرزاند، بۆنی نێرگزی بەهـاری، بە هـەوادا پژاند! پەیکەری گەورە و تۆکمە و ترسناکی، سەرۆکی سادیست،

ڕووخێنران. خەڵکەکەیش ڕاچڵەکان و داچڵەکان! بڕێکیش لە خەونی قورس بەئاگا هاتنەوە. بۆ جارێکی تریش، جۆگەلە خوێنی خۆبەخشان، تێکەڵ بە سینفۆنیای تەقە، چەند خوێنەڕۆی بەرەو چەندین گوند و شار و شارۆچکە لێ بۆوە! کەواتە، ڕۆژی بەردانەوەی وێنەکانی سەرۆکی خۆ بزرکردو لە گەل و وڵات! هەر نەهات!! وە ئیدی ناشیەت. درۆنامە و هاشە و هوشەکانی مێدیای بێزارکەری، دەسەڵاتی خوێن و چەوسانەوە، کۆتایی پێهات. کۆتایی وێنەی سەرۆکی سادیست و دیکتاتۆر، بە ڕیش و سمێڵ و قژی بژەوە، بەڕەنگی ترس لێنیشتوو و چاوی زەقەوە. کەلەبچە بە مەچەکەوە، کەوتە بەر دیدەی بینەران. بە هێزی ئەردەهەژەی توانا و ئیرادەی خەڵکی ستەم لێکراو! کۆشکەکان و پەیکەرە سامدارەکانی سەرۆکی عەرشی کەلاوە، ڕمێنران. وێنەکان لە دار و دیوارەکانەوە بەربوونەوە، کەوتنە خوارەوە، شکان و شکێنران. هەژار و بێدەرەتانەکانی، ئۆردوگا زۆرەملێکان، پاشماوەی (ئەنفال) و (هەڵەبجشیما) و هەزاران ماڵە ئاوارەی وەك، شوێنەکانی (فەیلەق) و (پەنجا عەلی)، گۆڕەپانی تۆپێن و قوتابخانە داڕووخا و کۆنە بەندیخانەکانی شاری بابەگوڕگوڕ، چوارچێوە تەختەکان و وێنەکانیان، پەڕۆی ڕەنگا و ڕەنگی دروشمە درۆکانیان، بۆ چێشت لێنان، ئاگرخۆشکردنی ئاگردان و کوانوو، گەرما و زۆپا، کۆ دەکردەوە. باهۆزێك هەڵی کرد، باقی وێنە دڕاو و چرچ و لۆچەکانی سەرۆك، بەیاننامە و ڕاپۆرتی جاسووسەکان، فایلە گرنگ و نهێنییەکانی دەسەڵاتی خوێنی، بۆ بۆشایی ئاسمانی دوور لوول دەدا. تەنانەت، گوڵەبەڕۆژە و پاقلە فرۆشەکانیش، قێزیان لە بەکارهێنانی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی، پڕ لە وێنەی سەرۆکی سامدار دەکردەوە. چەکە سووك و قورسەکان، فیشەکەکان، ڕومانەکان! تەنانەت زرێپۆشە سامدارەکان، بوونە کاڵای بازرگانی قاچاغچییەکان و لهستۆکی منداڵ و مێردمنداڵەکان.

هەر لەو شەوەی بەرەو گزنگدانەدا، زیقە و قیژەی منداڵی تازە زاویش، تاریکییەکە شەقار دەکات و لە هەوای ئازادیدا، بانگ لە هاتنی نەوەی نوێ و ژیانی نوێ دەکات. لێ نەوەی نوێیش، پەروەردە و بەرنامە و ڕێباز و ژیانی نوێی دەوێت. ساڵێك بەسەر ڕسوابوونی پێشەوای فاشییەت و دیکتاتۆرییەتدا، تێپەڕی. دیمەنی ڕیشاوی و تێکچوو و زەلیلی کۆنە پاشای عەرشی کەلاوە، پێکەنینێکی تۆڵەئاسایانە لە سەر ڕوخسارەکان دروست دەکات. منداڵان ئیدی نە وێنەکانی لە پەڕتووکەکانی خوێندندا دەبینن و نە بە وشە زەهراوییەکان، مێشکیان دەئاخنرێت.

١٥ ساڵیشە لە کوردستان، دەسەڵاتی خۆیی بەربڵاوە. هێز و توانای دوژمن لە کوردستاندا بنبڕکراوە. لێ هێشتاکەیش، کارەبای زۆر گەڕەك کوژاوەتەوە، هی لێپرسراوە نوێیە کوردەکان نەبێت! مرۆڤە ئازادەکان، کەسوکاری شەهیدان، تینووییانە، برسییانە! قوربانییانی (ئەنفال) و (هەڵەبجەشیما)، دەرکراو و گەڕاوەکانی کەرکووك، نەوەی نوێی لەدایکبوو، لە کۆنە بەندیخانەکان و خوێندنگە داڕووخاوەکان و گۆڕەپانی تۆپێنی کاولکراودا دەژین. سەری ئاودەستخانەی خوێندنگەی داڕووخاویان گرتووە و کردویانەتە جێی ژیان و حەوانەوە! بۆ پێکەوەنانی کۆڵێتێك، لە دووی پارچە بلۆکی دیواری سەربازخانە و ئەمنەکان وێڵن، تا خۆیان و منداڵە برسی و نەخۆشەکانیان لە سەرما و گەرما بپارێزن. تێربوونی ژەمێك لای ئەو مرۆڤە ئازادانە، هیواو ئاواتێکی داهاتووە! بەڵام لێپرسراوان و دەوڵەمەند، وەکو قارچك و تازە هەڵتۆقیوەکان، مێزی پڕ لە خواردنی جۆراوجۆریی پاشایانە دەڕازێننەوە. بە (بلۆکە پارە) لە گەڕەکەکانی وەکو (فیرعەونئاوا) و (دۆلارئاوا)، چینی دیواری مەڕمەڕ هەڵدەچنن! خێزان هەن چەند شەهیدیان داوە، لێ ناویان لە لیستی شەهیدانەدا نەماوە، لابراوە! تەنانەت شەهیدەکانی ڕێی ئازادیش بەش بەش کراون. شەهیدی پارتە جیاوازەکانن نەك گەل! هەن بە نەخۆشی

مـردوون، گـورچـیـلـەیـان وەسـتـاوە، لـێ شەهـیـدانـەیـان پـێ بڕاوە! هـەن کـە چارەکە سەدە، نیو سەدە خەباتی پێشمەرگانەیان کردووە، کەچی دەڵێن، بە دەردی خۆی و یان خودا مردووە!. هەیشن دوو سێ ساڵێك خۆی لە بەرگێکی خاکی ئوتووکراو ئاخنیوە، بەڵام لێ مەخابن، کۆشك نشینە، خـانـەنشیـنـە! غـەرقـی بـانـیـۆی دۆلار و دیـنـارە! هـەر دەڵـێیت؛ دەرگـای گەورەترین و پڕ پارەترین بانکێکی ئەم دنیایە شکێنراوە، ئیدی کێ ئازایە و پڕی پێدابکات. بێ لێپرسینەوە و لێپێچانەوەیەك، لەسەر حیسابی گەل، خۆی دەوڵەمەند بکات! لێ مەخابن، لەو (تەقەستان)ە دا، هێشتاکەیش سینفۆنیای تەقە هەر بەردەوامە. ئەرێ بۆچ بەردەوامە؟! دەبێت خەڵکی پێیڕاهاتبن و بێ تەقە چاوانیان ناچێتە خەو! تەقە هێشتاکە، لە بریتی لایلایە و شەقشەقە و متومووروی هەڵواسراو بە بێشکەدا، لایلایەی منداڵ کردنە خەوە!. منداڵی سەردەمی نوێیش! تەق... تەق... تەق. تەنانەت، تەقەی تەقولبابیش، ئارامی بە خەڵکەکە دەبەخشێت! زۆرێك لەوانە، ئەگەر بێ چەك بن، لەنگەری ڕۆیشتنیان تێکدەچێت. هەن کە بێ چەك خۆیان بە مـرۆڤـێکـی تـەواو نـازانـن! خـۆزگـا بـۆ ئـەو لـەنـگـەر گـرتـنـە، لـە بـریـتـی دەبـڵ دەمانچە، دەبڵ (موبایل)یان دەبەست! ئەگەری ئەوە هەیە، ئەگەر زەمانێك چەکی تەقەکردن لەم وڵاتەدا نەمێنێت، ئەوا زۆربەی ماڵەکان، زەنگی دەرگاکان دەکەنەوە بە – تەقولباب! – هەتا جارجارە، بۆ ئارامی ڕۆحی بە تەقە گۆشکراو فێرکراو!، چەند تەقە بکەن و ببیستن!

ئەرێ کەنگێ سەدە و سەردەمی تەقە کۆتایی دێت؟! کەنگێ بڕیاری بەنەفرەتکردنی چەك و تەقە دەدرێت؟!

هەن کە ئازادی بە ئاژاوەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تێدەگەن. هەن کە هێشتاکە هەستیان بە فێنکایی ئازادی نەکردووە! تامی بەرهەمی ئازادییان نەکردووە! لێ مەخابن، لە وڵات و کەشی ئازاددا، ڕۆژەکان و شەوەکان، لەو زبڵدانە مەزنەدا بەسەر دەبەن، کە ناوی شارە! هێشتاکە،

چەندان ریز لە ئافرەتانی هەمیشە چاوان سوور و ڕوخسار خەمبار، برسی و ڕەشپۆش، سەتڵ و تەنەکە و مەنجەڵ، بەرمیل و مەسینەوە، سبەی هەتا ئێوارێ. لە بوومەلێڵ و تاریکی شەودا، جارجار، گوێبیست بە سیمفۆنیای تەقە، لە زۆربەی شارەکاندا، لە سەرەی ئاو وەرگرتندان!. (سەرکار) یش، ٢٥ ساڵ لەمەوبەر، لە ساتی وتاربێژیی، سەرۆکی خوێن و خەم و مەینەتیدا، ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە، سنوورەکانی تەی کرد و وڵاتی جێهێشت، بە تەپڵە سەرێکی ڕووتاو و پشتی کۆماوەوە، وەك پشتە کۆماوەکەی باوکی خوالێخۆشبووی! بە چاویلکەیەکی زەرەبینەوە، بەڵام شووشەکەی تەنکتر لەوەی باوکی، هێشتا هەر بە ڕووخۆشی، وەك ڕووە هەردەم خۆش و فریشتە ئاساکەی دایکی خوالێخۆشبووی! لە پشت (هێرۆ) ی تەمەن ١٥ ساڵدا، لە پاڵ دوو خوشکەزایدا، لە سەرەی ئاو وەرگرتندان، بۆ ماڵی خوشکە بێوەژنەکەی – بەکۆشێك منداڵەوە! – ناوی کچەکەی،. یادگاری و بیرەوەرییەکە لە دایکی خۆی. گوڵە (هێرۆ) ی ناو باخی حەوشەی ماڵەکەیان و سەردەمی منداڵییەکەی. دایکی زۆری حەز بە گوڵە هێرۆکان دەکرد و خزمەتی دەکردن. کاتێکیش بە چەند ساڵێك پێش کۆچکردنەکەی، وێنەیەکی بۆ هەندەران بۆ ناردبوو، وێنەکە لەبەر چڕی و ڕەنگە جوان و دڵگیرەکانی (هێرۆ) هەڵچووەکاندا گیرابوو. وێنەکە گەورەکراوە و بە قەد دیواری ژووری دانیشتنەوە، هەڵواسراوە. کوڕەکەیش لەسەر خواستی کریستینای هاوسەری، بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی، ئەو کارەساتە مێژووییە ناوی (ڕەو) ی هەڵگرتووە. هاوسەرەکەی و منداڵەکانی ئەم، دایە گەورە و بابە گەورەیان تەنیا بە وێنە دیوە، بەڵام خۆشیان دەوێن. خۆشەویستی وەها کارگەرە کە هاوسەرەکەی، بە زمانێکی ڕەوانی کوردی دەپەیڤێت. هاوسەرەکەی. بە هەزاران تکە فرمێسکی گەرموگوڕی ئافرەتانە و دایکانەی ڕشت، کاتێك دیمەنی دڵتەزێن و خەمباری هەڵەبجشیما و (کۆڕەو) هکەی لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن دی. بۆیە لە مێردەکەی زیاتر، بەتەنگ هاوکارییەکانی کوردستانەوەیە.

ڕۆژێکی سارد و تەڕ و تووشی مانگی ١٢ ی ١٩٩٠ بوو کە سەرکار لە کۆبوونەوەیەك گەڕایەوە ماڵەوە. لە پێشدا سەری لە ژوورەکەی (ڕەو) ی بچکۆلە دا. (ڕەو) کە سورێژەی دەردابوو. بە لەشی ڕووتەوە لە ناو جێگەکەیدا پاڵکەوتبوو، هەموو سەرە زیپکەکانی پێستی بە ڕەنگی سپی داپۆشرابوو. (کریستینا) جووتێك دەستکێشی کردبووە دەستە بچکۆلەکانی (ڕەو)، هەتا لەبەر زۆری ئاڵۆش خۆی زامدار نەکات. کە سەرکار چووە ژوورەکە و گەڕایەوە دالآنەکەیش، (کریستینا) هەر بە دوایەوە بوو. لە چێشتخانەکە و بەرامبەر یەکتر دانیشتن، سەرکار دەیزانی کە ئەو چاوەڕێی قسەیەك دەکات، بۆیە پێیوت:

– هەر وەك پێشووتریش باسم بۆ کردیت. ئەوانەی کە چوونە باکووری کوردستان و گەڕاونەتەوە، لەگەڵ خۆیاندا لیستێکیان هێناوە. ناوی هەموو خێزانەکانی ئۆردوگای پەنابەرانی (ماردین) ی تێدایە. ئۆردوگای (موش)یش لیستی بۆ کراوە. ئەم لیستە بە هەموو لایەکدا بڵاو دەکرێتەوە. کۆپی هەردوو لیستەکەیشم بۆ فەرەنسا و بۆ (هۆگر) ڕەوان کرد. ئیدی، کێ دەتوانێت یارمەتیدانی مانگانە و بەردەوامی یەکێك لەو خێزانانە، بەئەستۆ بگرێت؟

– ئێمە چ خێزانێکمان وە ئەستۆ گرتووە؟!

سەرکار هەردوو دەستی خستە سەر دەستەکانی کریستینا، هەستی بە گەرمییەکی دایکانە و دڵسۆزانە دەکرد. چاوەکانی بڕییە چاوە سەوزە گەورە و گەشەکانی و وەڵامیدایەوە:

– ئێمە خێزانێکی ١١ سەریمان وە ئەستۆ گرتووە... کە مانگانە و بە پۆستدا پارەیان بۆ بنێرین..

– یانزە کەسن...؟!

– بەڵێ گیانەکەم... تۆ چی دەڵێیت؟!

لەناکاو فیشکەی هەڵچوونی ئاو و کەفاو بیسترا، کریستینا ورتاندی "پەتاتەکە هەڵچوو!" بە پرتاویش بەرەو مەنجەڵەکە چوو و لەسەر ئاگرەکەی دوور خستەوە. کە گەڕایەوە، دەستی بەتەپڵە سەرە ڕووتاوەکەی مێردەکەیدا هانی و وتی:

– من شانازیت پێوە دەکەم منیش لەوەیٚ بوومایە، هەروەها بڕیارێکم دەداو ئەو خێزانە زۆرەم وەئەستۆ دەگرت. ئیدی بێ خۆ خڵافاندن، بێ لەوەی بیر لە نەگەیشتنی نامەکە بکەنەوە. بێ لەوەی ترسی دەرهێنانی پارەکەیان هەبێت لەلایەن پاسەوانەکانی ئۆردوگاکەوە، نامەیەکی نووسی و پێی ڕاگەیاندن کە من ئامادەی یارمەتی مانگانەی ئێوەم وە ئەستۆ گرتووە، پەنجا مارکی خستە ناو قەدی نامەکەوە و بەم ئەدرێسە پۆستی کرد .zubair ismail Beduhi , multeci kampi _ mardin- Turkiya

سێ هەفتە بە تێکەڵەیەك لە نیگەرانی و خۆشییەوە، لە چاوەڕێی وەڵامێکدا بوو. هەتا ڕۆژێك زەرفێکی چوار دەور بە هێڵی شین و سووری لە پۆستەکەیدا دەرهانی. بە خۆشی و کەیفسازییەوە، تێی هەڵڕوانی. کە مۆری ئۆردوگای ماردینی بەسەرەوە دی، ئەرخەیان بوو. وەك نامەی دڵدارێکی پێ گەیشتبێت، بەدەم سەرکەوتن بە پلیکانەکاندا و هەتا ژوورەوە، کردیەوە. لەسەر قەنەفەکە پاڵیدایەوە و قاچی خستە سەر مێزەکە. چاوە نائارامەکانی بەسەر نووسینە ناڕێکەکەدا دەگێڕا:

بناڤێ غەریبیێ

١٩٩١-١-٦

سلاڤە گەرم:

بۆ هێژا و بهاگران "..............................." زۆر بەڕێز

... ... ...... ... ...... ... ...... ... ...... ... ...

پاش گەیاندنی هەواڵی ئۆردوگا و سوپاسی ئەو لێپرسینەوە و

هاوکارییه، بەشە گرنگەکانی نامەکەی چەند جار خوێندنەوە..." بو مە دیار بوو کو بیٚ ئەم بیٚ خودان نینن و هێشتا کوردێن دلسوزیێن هەبن و مروڤایەتی یا مای لجیهانیٚ..." "... هەروەسا نامە نڤیسیٚ (سەباح عەبدوڵڵا بێدوهی) زوو سلاڤا ل تە دکەت و... دگەل رێزو سلاڤێن نامە نڤیس... برایێ تە / زبیر ئیسماعیل بێدوهی." لە خۆشیدا بوو..؟! لە نیگەرانی و خەمخۆریدا بوو..؟ کە چاوەکانی سەرکار ئاویان تێزا...؟!

نامەی دووەم لە ۲۱/۱/۱۹۹۱دا گەیشت:"بەری هەموو شتێك جەژنتان پیرۆز ئەکەم بە ناوی خۆم و ناوی کاك سەباح داواکارین لە خوای گەورە جەژنی داهاتوو لە وڵاتی خومان بکەین بە سەرێکی بەرز و بڵند..." یان "...ئێمە چاوەڕوانی گەڕانەوەی وڵاتی خومان ئەکەین بەڵام ئێستا هیچ بەحس خەبەرێکی گەڕانەوەی ئێمە نییە..." سەرکار و کریستینا بە باشیان زانی کە مانگانە، هاریکارییەکیش بۆ نووسەری نامەکان بنێرن کە لە هەمان ئۆردوگادا هاوسەری ژیانی هەڵبژاردووە و نووسەری نامەکان، سوپاسگوزاری خۆی بۆ هاوکارییەکە دەردەبڕێت. دەشنووسێت"...ئەو هەرسیٚ پەرتووکی ئێوە رەوان کرین بۆ لایمان گەهیشتن و سوپاسی ئێوە دەکەین لەسەر بیر و دلسۆزیتان..." "...تێبینی؛ ئەو کتێبە ئێوە رەوانکری ماوەی دوو رۆژ مانە لە قەرەقولی ئانکو مەخفەرەی ئوردیگا تا هاتیە تەرجمەکرن ژلای حکومەت لە دوای کە زانی هیچ شتیٚ سیاسی تیا نییە پاشی تەسلیمی ئێمەیان کرد..."

بەشێك لە نامەی ۲۱/٤/۱۹۹۱، پاش سڵاو و هەواڵپرسین. "... ی دەلال برای خۆم، بەڕاستی ئەو رۆژەی نامەی جەنابت گەیشتە لامان من چووبووم بۆ شاری ماردین تا پێڵاوێك بو خوم بکرم بەلام لە گیرفانمدا ٤٠ دیناری ترکی تەنها هەبو لەناو بازاردا گەریام لەم دوکانە و لەو دوکانە هەرچی پێڵاوی بازارم کرد دەیگوت بە ٤٠ یان بە ٥٠ یان بە ٦٠ دیناری ترکی. لەدوایی نەمکری و بە پێڵاوی خۆم یی قیری گەڕامەرە بەناو کەمپ

بە ڕێگای ماڵەوە دەنگی (ساماعە) هات وتی نامەیەکی تو لە پۆستەیە گەڕامەوە بۆ پۆستەی کەمپ نامەکەی تو دادەستی من بەراستی دەمی من ناوی تۆ لەسەر نامەکە دیت کەیف خوش بوم و بیری پێڵاو لە بیرم چوو. ئاە... ئاە... چەند خوشە دەمی مروڤ دکەوێتە بارودوخێکی پڕناخوش و کوردە دلسوزێکی وەکی جەنابت رزگار بکات توخوا مرۆڤ ئەوە لەبیر دەکات تا مردن..." بەشێکی تری نامەکە:" ... براستی نوکە ئەم پێت کەتینە حالێکی زۆر ناخوش کە مللەتی ئێمە دەربەدەر بویە و ئێستا گشت لە سنووری ترکیا و ئێراندایە و لەبەر ئەو سەرد و سەرمایە. ئەزانی حالی ئێمەش ناخۆشە بەڵام لەسەر نەخوشی ئێمە ئێمەش هاریکاریێکی کوممان کرد لەناو خومان و رەوانەمان کرد بو برایمان لە سنور (هاریکاریێکی مادی). ئێمە ویست چادری خومان و ئەرزاقی خومان ڕەوانە بکەین بۆ میللەتەکەمان بەلام کاربەدەستانی ترکی قەبول نەکرد..."

هەتا بڕیاری گەڕانەوەی خەڵکەکە بەرەو باشوور درا، نامە و یارمەتییەکان بەردەوام بوو. کە ناوچەی ئازادیش بۆ کوردستان، بڕیاری لەسەر درا، خەڵکێکی زۆر لە هەندەرانەوە، چ بۆ هاوکاری ناردنەوە و چ بۆ سەردانی وڵات و کەس و کار بە ڕێگا جیاوازەکاندا، دەگەڕانەوە کوردستان. سەرکار، ساڵی ۱۹۹٥ جارێك بە تەنیا، لەڕێگەی تورکیاوە سەری لە کوردستان دایەوە. بەڵام ئەوکاتە هێشتاکە کەرکووك لە ژێر دەسەڵاتی خوێناوی و داگیرکەر دابوو. بۆیە نەیتوانی، سەردانی گۆڕستان و دایك و باوکی و کەسەکانی تری لە کەرکووك بکات. یەکێك لەوانەی کە لە کەرکووکەوە، لەتەك براکانی سەرکاردا، سەردانی سەرکاریان لە هەولێر کرد، خاڵۆژنەکەی بوو. (گوڵاڵە) ی خاڵۆژنی نەدەناسرایەوە. روخساری پڕ لە چرچ. مووەکانی سەری تاك تاکی سپی تێدا مابوو. کە باوەشیان بە یەکتردا دەکرد، گەرمی لەشی خاڵۆژنەکەی، لە چرکەساتدا، ڕوخساری خاڵی و ڕۆژی دەرچوونەکەیان لە کەرکووك و ئەوجا،

پێناسەی لەپی دەستەکەی خاڵی هێنایەوە یاد کە لە ئاوێنەی دەرەوەی سکانیاکەوە، بەدی کرد! بە دەستی خۆی و بە دەستماڵێکی کاغەز، چاوە پڕووشاوییەکانی خاڵۆژنی سڕی، بە نەرمی پێی وت:

– هەموو شتێك تێپەڕیوە و ناگەڕێتەوە. مرۆڤ دەبێت و پێویستە، بە لەبەر چاوگرتنی هەموو کێشەکانیشدا، لەتەك ڕۆژگاردا خۆی بگونجێنێت. دەترسم ئازارێکی ڕۆحیت پێبگەیەنم ئەگەر هەمدیسان ناوی خاڵم بێنم و بپرسم؛ ڕوونتر بۆمی باس بکەیت...؟ چونکە من بیستوومە کە لە شەڕدا کوژراوە...

گوڵاڵە هەنیسکی داو کەوتەوە گریانێکی ئاسپایی. هێشتا دەستە گەرمەکانیشی لە ناو دەستی سەرکاردا بوو، کە براکەی سەرکار هەڵیدایە:

– ئیدی ئەوە مێژووی کوردە. جا ناوی ڕێکەوتی لێ دەنرێت یانیش... چی... هەر لە نەورۆزدا، واتە ٢١ ی ١٩٩١دا، خوێنی ڕژاوی سەدان گیانبەخشی وەك خاڵت، گوڵاڵە سوورەکانی وەرزی بەهاریان تەڕ و پاراو کرد! ئەو شەڕەی لە کەرکووکدا دژ بە سوپا و دەسەڵاتی داگیرکەر کراو ڕووی دا، بکرێتە فیلمیش کەم کەس باوەڕ دەکات!. پێشمەرگە و کەسانی کوردپەروەر، دڵسۆز و داغ لە دڵی وەك خاڵت، لە شەڕی دەستەویەخەدا و لەژێر ڕێژنە و قرمەی گوللەدا، خوێنیان بۆ ئازادی کەرکووك و خاکی کوردستان بەخشی... ئا ...ئا... ئەوە چی بوو...!

لەشی گوڵاڵە شل بوو و کەوتە سەر ئەرزەکە، بێ هۆش و دەیلرخاند. سەرکار شڵەژا و کەوتە ڕاوەشاندنی. براکەی هەر خێرا جامێك ئاوی هێناو لەسەرخۆ ڕوخساری تەڕ کرد. ئەویش شڵەژابوو. بە دەنگی خەمگینەوە و پچڕ پچڕ دەیوت:

– جاران ئەم دەردەی نەبوو. وا ماوەیەکە پەرکەم دەیگرێت. لە پڕدا بێ هێز دەبێت و بێ هۆش دەبێت. هەرگیز ناتوانین بە تەنیای جێ بهێڵین...

– من هەوڵ دەدەم کە گەڕامەوە بۆ ئەڵمانیا، حەب و دەرمانی تایبەتی

بۆ مەیسەر بکەم.

ساڵـی ٢٠٠٢ لـە تـەك هـۆگـردا کـە لـە فـەرەنسەوە هـاتـە لای، پـێکـەوە گـەڕانـەوە. نـاخـۆشتـریـن ڕێگـا و بـەشی سەفـەرەکـەیـان، مـانـەوەی سەر سنووری باکوور و باشووری کوردستان بوو. دەبێت کە شەکانەوەی ئاڵای کـوردستـان، لـە بـەرامـبـەر جـەنـدرمـەی داگـیـرکـەری کـوردستـانـدا، نیگەرانییەکی دەروونی و فیزیکییان بۆ دروست دەکات، بۆیە بە ئاشکرا دیاربوو کە جەندرمەی تورك، ئیهانەی خەڵکی گەڕاوە بۆ کوردستان دەکەن. لەبەر ئەو گەرما سووتێنەرە و ناو ئەو تەپوتۆزە پیسەدا، بە چەندین دەمژمێر، بێ هۆ، خەڵکی ماتڵ دەکەن. دەست بەسەر نامە و کاسێتی ڤیدیۆ، پـەڕتـووك و گـۆڤـار و ڕۆژنـامـەدا دەگرن، یـانیش هـەر بۆ ئـیهـانـە، خۆت دەنێرنە سەر چۆمەکە و هەتا تووڕیان بدەیتە ناو ئاوی خابوورەوە! لەو سەر سنوورە، ئیهانەیەکی باشیان کردن؛ دوو ئەفسەرەکە بە لاقرتێوە لە قژی بڕ و ڕیشی چڕ و جلکی ڕەشی هۆگریان هەڵڕوانیبوو، یەکێکیان بە پێکەنینەوە وتبووی: تۆ قەشەی یان شەیتان...؟ هۆگریش هەر بە کوردی، دەستێکی بۆ ئاڵا دوورەکەی کوردستان لەو بەرەوە ڕاکێشابوو، دەستێکی تری خستبووە سەر سنگی و وەڵامی دابۆوە:

– من کوردم و ئائەوەیش ئاڵای کوردستانە...!

سەرکار پەلی بەرەو لایەکی تر کێش کرد و ترسێك لەشی گرتبۆوە.

کە ئەفسەرەکە بە تووڕەیی تێیان خوڕیبوو:

– ئـابـزانـە، بـرادەرەکـەت کـە لـە تـورکـیـەکـەمـان تێدەگـات، لـە مرۆڤـی تەواوەتی دەچێت!

سەرکار بە تورکمانی پێی وتن:

– پێموابێ کۆتایی جارمانە، ئالێرەوە بێینەوە؟

هۆگریش لە حەیبەتدا دەلەرزی. لالغاوەی کەفی کردبوو و چاوەکانی

دەرتۆقیبوو، بە ئینگلیزی پێی وتبوون:

– من هونەرمەندێکی بەناوو دەنگم لە فەرەنسادا، فەرەنسیشم...!، ئەگەر بەزیندوویی گەڕامەوە، مەرج بێت لە ڕۆژنامەکاندا... لەسەر ئەم ئەتوارانەتان بنووسم... ئاوایش دەتانەوێ ببنە ئەندامی ئەوروپای پێشکەوتوو؟

ئەفسەرێکیان هاتبووە بەردەمی و بە نەرمی پێی وتبوو:

– تۆ بۆچ ناڵێیت من فەرەنسیم...؟

– من تەنیا پاسپۆرتەکەم فەرەنسییە و خوێنم کوردە...!

– زۆری لەسەر بڕۆیت... فەرمان دەدەم قژو ڕیشت بتراشن... بڕۆ ملت بشکێنە... من فەرەنسیم...!!؟ دەزانیت قژی چەند کەسمان پاك تاشیوە و بە شەقێك ڕەوانەی ئەودیومان کردۆتەوە...؟

ئەفسەرەکەی تر سەرنجی دا، وا چەند خەڵکی ئەوروپی لێمان دەڕوانن و چرکەی کامێراکانیان دێت. بۆیە بە تووڕەیی خوڕییە ئەو ئاپۆڕەیەی لێمانیان هەڵدەڕوانی. کە بڵاوەی بە خەڵکەکە کرد، پاشان قۆڵی هاورێکەی گرت و، بە چپە دوورکەوتنەوە.

گەڕانەوەی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرکار و کریستینا و دوو منداڵەکانیان، هەر لە ڕێگەی تورکیاوە بوو. زەخت و زۆر و ئیهانەکردن کەمتر ببۆوە، بەڵام ماتڵکردن و هێشتنەوەی گەڕاوەکان، لەبەر ئەو گەرما سووتێنەرەدا وەك ئیهانە، هەر مابوو.

شەو بوو گەیشتنە هەولێر. چراخانی شار، پڕ لە پەڵەی ڕەشی گەڕەکە بێکارەکان و پرش و بڵاو بوو. بۆ سبەینێکەی، وەك شەیدایەك لە دووی خۆشەویستەکەی وێڵ بێت، بەکۆڵان و جادە هەڵتەکاو و پڕ لە زبڵ و پیسی و مێش و مەگەزی (هەولێر) دا، کەوتنە گەڕان. مات و سەرسام و خەمبار، کە جار جارە فرمێسکی بەزەیی و دڵسۆزی، بەری چاوە سەوزە گەشەکانی

کریستینای لێڵ دەکردەوە. بەشی گرنگی هاتنەوەکەیان، سەردانی گۆڕستان و گۆڕی کۆچکردووانی ئازیزان و خۆشەویستان بوو. بەتایبەت گۆڕی دایك و بابی سەرکار کە لە (هەولێر) ی پایتەخت کۆچیان کردووە و نێژراون. بۆ سەردانی مەزاری برا پەککەوتە مردووەکەی و خاڵی، ئەوان زووتر کۆچیان کردووە، سەری لە کەرکووك دایەوە. شاری دەوڵەمەند و بەڵام بەسەریەکدا داڕووخاو، خزمەت نەکراو، لە هەموو پێشکەوتنێك، بەجێماو، لەبیر کراو، گوندێکی گەورە و زبڵدانێکیش بە گەورەیی خۆی بە شار و ڕۆخی شاردا، بەربڵاوە!. ماڵەکەیان، گوێسەبانە داڕووخاو، دیواری قۆقز و کونکونکراو. حەوشەی هەڵتەکێنراو، جێگەی گوڵە هێرۆکان، پڕ لە کەڵەکە بەرد و خشتی هەڵچنراو. کە بە ژوورەکاندا دەگەڕا، هەموو بیرەوەری منداڵی و لاوێتی و هەتا ڕۆژی دەرچوونی لەتەك خاڵیدا، لە ناخیدا زیندوو بوونەوە. شەو چووە سەربانی ماڵە داتەپیوەکەیان و لە ئاسمانی ڕوانی. ئەو ئەستێرانەی ئەم لە منداڵیدا تا خەوی لێدەکەوت چاوی لێ نەدەتروکاندن و ترووسکە ترووسکیان، لە گەنجێتیدا، بە چاوی گەشی کچێکی حەزلێکردووی دەچوواند، خۆشی دەروونی پێ دەبەخشی، هەر وەکو جاران دەدرەوشانەوە. هەموو کەس و شتێك گۆڕابوو. ئەو منداڵانەی ئەم چارەکە سەدەیەك بوو بەجێیانی هێشتبوو، ڕیشدار و سمێڵدار، کارمەند و کارکەر. کیژە بچکۆلەکانی، جاران خەتخەتێن و هەڵماقۆیان دەکرد، بوونەتە دایك. جلکی ئاڵا و واڵایان لەبەر دایە، قژەکانیان تیف تیفە داوە و مەلۆتکەیان بەبەر سنگەوەیە. نەوەیەکی نوێ و نامۆ بە سەرکار، بەکۆڵان و سەر شەقامەکاندا، لە هاتوچۆدان. کۆچ بەر و شارەکانی تر. ئێرەیشی گرتۆتەوە، بەرەو هەولێر، سلێمانی... شارۆچکەکانی تر. بێجگە لە مرۆڤەکان، باڵندە و ئاژەڵەکانیش کۆچیان کردبوو، تەنیا ئەستێرەکان نەبێت. لەبەر خۆوە وتی:

"هەر من پیر نەبووم. ماڵەکان، گوێسەبانە و دیوارەکان. کۆڵان و شۆستە

و جـــادەکـــان، تـــێکشکـــاون و هـــەڵـبـــزڕکـــاون. پـــیـــری بـــۆ مـــن بـــۆ دواوە ناگەڕێنرێتەوە، ناتوانم گەنج ببمەوە. بەڵام دەشێت، ماڵ و دوکان، کۆڵان و جـادەکـان، شۆسـتـەکـان، نـوێ بـکـرێـنـەوە، بـاخـەکـان، گـوڵـە هـەڵـپـرازاو و ژاکـاوەکـان، خـۆشە بـکـرێـنـەوە، ئـاو بـدرێـنـەوە. تـا بـە هـەمـوویـان مـانـای ژیـانێکی تـەڕ و پـاراو و شیـاو، بۆ نـەوەی نوێ فـەراهـەم بێنن.

ئاو زایە چاوەکانی، دڵی پڕ بوو، چەند هەنسکی دا و فرمێسکەکان بەری بـیـنـیـنـیـان لـێڵ کـرد. ئـەوەی کـە بـۆ دڵـدانـەوە، سـەرکـاری بـەخـۆیدا گوشی کریستینا بوو. کریستینا هەستی بە باری ئاڵۆزی دەروونی ئەو دەکرد، بۆیە بەگوێیدا چرپاند:

– ئـازیزەکەم... نـابێت شەرم بتگرێت...! مـاڵ و وڵاتـەکـەت، لـەمـەیش داڕووخـاوتر بێت، هـەر خۆشمدەوێت... ئەگەر خۆشەویستی و ڕێزم بۆ تۆ، بـۆ وڵاتـە خـاپـوور و ئـازادکـراوەکـەت نـەبـووایـە، ئـەم هـەمـوو نـاڕەحـەتـی ڕێگەبڕین و مەترسیەم نەدەدایە بەر خۆم و منداڵمان... هەوڵ بدە ئارام بە، ئازیزەکەم...

ئەوەی کە سەرکار لە گەڕانەوەی ساڵی ١٩٩٥ دا لە خاڵۆژنەکەی بیست و خـوشك و بـراکـانـی خـۆیشی قسەکـانـی ئـەویـان دەسەلمانـد، لـەگـەڵ پێناسەکەی لەپی دەستیدا، وێك نەدەهاتەوە، کە لە ساتی دەرچوونیان بەرەو سلێمانی و سەیدسایەق و عەربەت و شانەدەری، لە سەیتەرەکان پـیشانـی سەربـازەکـانـی دەدا. بـە قسەی هـەمـوان؛ خـاڵـی لـە شەڕی دەسـتـەویـەخـە و مـاڵ بـە مـاڵ و کـۆڵان بـە کـۆڵانـی، دژی سەربـازەکـانـی دوژمندا، بۆ بە ئازادی هێشتنەوەی کەرکوك، جوامێرانە جەنگیوە، تا دەکەوێتە بەر دەستڕێژی (بی کەی سی) و شەهید دەبێت. لە بریتی وێنە لەتەك زیندووواندا، وێنەیان لە پاڵ کێلی گۆڕی ئازیزاندا دەگرت! سەرکار بە تەواوی هەستی بە ئازاری ناخ و دڵ دەکرد. بەوەی کە هاوسەرەکەی لە دڵسۆزیی و خۆشەویستییەوە جارجار دەیوت:

"چ دەبوو ئەگەر ئەم منداڵانە و منیش، لە هاتنەوە بۆ کوردستان، بە بینینی دایە گەورە و بابە گەورە خۆشحاڵ ببووینایە!؟ چ دەبوو ئەگەر، پارەیەکی زۆر کەمی حکومەت لەو ماڵ و دوکانە داڕووخاو و هەڵتەکێنراوانەدا، سەرف بکرایە...؟ خۆ ئەم وڵاتە پڕە لە پارە؟! مەگەر بەنزین و نەوت و دەرمان فرۆشتن، کاری وەها مێرد منداڵانێکە؟ ژیان و توانای ئەم منداڵانەیش، وەکو کاڵای بازرگانی، سوودیان لێ وەردەگیرێت!

سەرکاریش بەدەم زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییەوە دەڵێت:

– جارێ کەس سەری هیچی وای ناپەرژێت کە سوودێکی گشتی بگەیەنێت! ئەوەی بۆ ماڵباتی شەهید و خەڵکە بێدەرەتانە ئاوارەکان، گەڕاوەکان و منداڵان دەکرێت، هەر زۆر کەمە. هەر دەڵێی کێبەرکێی دزییە! زەوی لەسەر خۆ تاپۆکردن، پارە خستنە لاوە و دەوڵەمەندبوون مەرجە... هەلێکە و هەڵکەوتووە...! ئازیزەکەم؛ سەدام و ڕژێمە خوێناوییەکەی نەمان و تەفروتوونا بوون، بەڵام بە دەها ساڵی تریش، چارەسەری ئەو گەندەڵی و خراپەکارییانە ناکرێن کە لەو ڕژێمە خوێناوییەوە، بەجێماون... خۆ دوژمن هەر مرۆڤی داگیرکەر و جبەخانەکەی نییە، بەڵکوم بە هەزاران کردەوەی ناپەسەند و ژەهراوی و زیانبەخش، ناخ و کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵ دادەڕزێنێت. هەندێك لەو نەخۆشییانەیش، وەکو درمێکی کوشندە، چارەسەرکردنی کار و هەوڵێکی تاقەتپسێن و دڵسۆزانەی دەوێت... ماوەی دەوێت... بەرنامەی دەوێت...

مانەوەکەیان زۆربەی لە هەولێر بوو. ئێوارەیەك سەرکار بیستی کە سبەی زوو نۆبەی ئاو گرتنە، بۆیە لە دەمژمێری چواری سەرلەبەیانییەوە، سەرکاریش لەتەك کچەکەیدا هەڵسا و خۆیان خستە ڕیزە خواروخێچەکەوە. سەرەی ئاو وەرگرتن، هێدی هێدی دەچووە پێشێ. لە بەختی ئەو هەژارانە، هەندێك بۆری تێکشکاوە و پڕیشکەی ئاوەکە، لەناو تاریکییەکەدا، وەکو مرواری شەوق دەداتەوە. تەڕاییە بریسکەدارەکە، وەك

ئەفسوونگەرێك خەڵكەكە بەرەو خۆی كێش دەكات! فێنكایی بە لەش و قورگ و ڕۆحە تینووەكان دەدات. ئافرەتێكی زۆر ماندوویان، پاش باوێشكێكی درێژ، ڕوو لە هەمووان وتی:

– من سبەینێی بێ بژێو و ئاو و كارەبام بۆ چییە؟! خۆم و منداڵەكانم هێندە برسی و بێ توانایین، كە ناتوانین لە ئاهەنگی ئازادیدا هەڵپەڕین...!

– دادە گیان، بەهەزار چەرمەسەرێی ژیان، بە بێ پیاو، بە بێ دەرامەتێكی بەردەوام، بە كارەكەری و نانكردن. مەسكەت و لەبزینە و كونجی فرۆشتن، كوڕ و كچەكەم گەورە كردن و پێگەیاندن. ئەوەتا كوڕەكەم كە ڕۆژنامەنووسە، لە سلێمانی و لەسەر شۆستەكان ڕۆژنامە دەفرۆشێت. كچەكەیشم كە (ئاداب) ی تەواو كردووە، تەنیا لە نووسینگەیەكە و ئاو بۆ لێپرسراوەكان دەگێڕێت...!

ژنێك هەڵیدایە:

– بۆیە هەر كچە و خواخوایەتی، داواكارییەكی لە هەندەرانەوە بۆ بێت. زۆریان بێ لێكدانەوە ڕازی دەبن... هەر لەم دۆزەخە دەرچن...

– ئاخر خوشكێ گیان، دەرچوون لە دۆزەخەوە بۆ بەهەشت دەبێت و ڕەوایە. نەك لە دۆزەخێكەوە بۆ دۆزەخێكی تر...

كچێك بەدەم بنێشت جووینەوە، بەدەم دەست بادانەوە، زۆر بە ڕێزەوە وتی:

– ئەمانە هەموویان كەم و كوڕین و لەوانەیش زۆرتر هەیە. با شوكری خودا بكەین. بۆ وا دەزانن داواكاریم لە هەندەرانەوە نەبووە؟ وەڵا من ئەم ئازادییەی كە خەونم پێوە دەدی، بە هەندەران ناگۆڕمەوە. ئەم ئازادییە بە خوێن بەرهەم هێنراوە نەك بە ئاو. بەس نییە خۆمان حوكمی خۆمان دەكەین؟ دەبێت نەفەسمان زۆر درێژ و بە سەبر بێت. ئێمە كەی ئەزموونی دەسەڵاتی ئیداریمان بووە، هەتا هەموو كاروبارەكان بە دڵی هەمووان

بەرێوە بچێت؟! لە خەوی کێدا بوو ئاڵای کوردستان لە هەموو لایەك و سەر گۆڕی شەهیدان بشەکێتەوە؟

پیاوە پشت کوورە سەر ڕووتاوەکە، بە نەرمی وەڵامی دایەوە:

– باشە کچە ئازیزەکەم، خەوی ڕزگاری هاتە دی. بەڵام خۆ نەمانی دوژمن لە وڵاتدا، نابێتە فەراهەمکردنی پێویستییەکانی ژیان. نابێتە ئاو و نان... دەرمان؟ دەبێت ئێمەی دەسەڵاتی خۆیی، نهاکە خەباتمان لە دژی دوژمنی برسێتی و هەژاری درێژە پێبدەین. بۆ تۆ؛ بێ کارەبایی و بێ ئاوی، بێ بژێوی و بێ دەرمانی بە دوژمن نازانیت؟! ئەمە گوزەرانە کە ئێمەی تێداین؟ باشە دەڵێین گوزەرانێکی کاتییە، ئەی چەندە درێژە دەکێشێت؟ ئاڵا شەکاندنەوە هەموو شتێك نییە، کچە ئازیزەکەم! دەبێت ئەو زوڵم و غەدر و نایاساییانەی کە لە زەمانی دیکتاتۆردا کراون، پاتە نەبنەوە. ماڵباتی شەهیدان و ماڵوێرانکراوان و دەربەدەرەکانی دوور لە نیشتمان، پاداشت بدرێنەوە. برسێتی و بێ کاری و گەندەڵی بنبڕ بکرێن... فەرموو دادەکەم. خۆزگا هەر لە (بنەسڵاوای هەولێر) بمایەتەوە. ئەمە حاڵە ئێمەی تێداین...؟! ناتووانم خانووی داگیرکراوم لە کەرکووك وەربگرمەوە. دوو ساڵە لە کۆنە بەندیخانەدا، بێ ئاو و کارەبا و غاز، بەکولەمەرگی دەژین؟! لەو ژوورانەدا کە خەڵکیان تێدا ئەشکەنجە دراوە، یان ڕەمی کراوە. کە نووسین و پارچە هۆنراوەکانی سەر دیوارەکان دەخوێنینەوە، دڵمان دەگیرێت و شینێکی مات و خەمگینیان بۆ دەگێڕین. بۆ خەونی ئارامان هەیە؟! باوەڕتان بێت، هێندە بیر لە ژیانی پڕ لە ئەشکەنجە و ئازار و هاواری بەندییەکانی ئەم ژوورانە دەکەمەوە، وەکو شێتم لێهاتووە. بەیانییەکی زوو کە بە ئاگا هاتمەوە، تارمایی ژنەکەمم لێ بووە، یاساوڵێکی چەکداری زەبەلاح. خۆم بە بەندی زانی و لە ترسدا بە عارەبییە شەق و شڕەکەم، کەوتمە پاڕانەوە لێی و دەمورتاند. کە داچڵەکیم، توومەس ژنەکەم جامێك ئاوی ساردی بەسەردا کردبووم. کە

بەهۆش خۆم هاتمەوە، ئەو بە پێکەنینێکی خەمبارانەوە وتی: ″کابرا ئەوە تێکچوویت؟″ پاشان لەشەرم و بێدەسەڵاتیدا، هەردووکمان تێر گریاین...

قەیرە ژنێك هەڵیدایە:

– ئەی پیس و پۆخڵی بۆ ناڵێیت؟ هەموو نەخۆش کەوتووین. هەشت خوێندنگەی داڕووخاو پڕە لە ماڵە کوردی گەڕاوە. زۆر کەم توانیویانە ماڵە داگیر کراویان وەربگرنەوە.

– دەی بابە دەی. دڵی کوردستان و قودسی کوردستان، بێ خزمەتترین و پشتگوێخراوترین شارەکانی کوردستانە...

سەرکار بە نەرمی وتی:

– دەبێت سەرکردایەتی کورد، لە هەوڵی شێلگیرانەدا بن، بۆ چەسپاندنی ئەو بڕیارانەی کە لە (بەغداد) لەسەریان ڕێکەوتوون... یاسای ژمارە ٥٨ کە گۆڕاوە بە ١٤٠ تایبەت بە کێشەی کەرکووك، هەتا ڕۆژێك یاساکان پشتگوێ بخرێن، ئەگەری گەشبینی، ڕەش و ڕەشتر دەبێت.. دەبێت خۆمان...

دەنگێك ڕایچڵەکاندن:

– ئا بڕواننە ئەو ئاگرە گەشە...!

هەموو تێکڕا ملیان بەولادا بادا. لە دوورەوە و لەناو ماڵە تاریکەکانەوە، ئاگرێکی زەردی چڕ بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا و نەسیمەکەیش، دەنگە تێکەڵەکانی دەگەیاندە گوێ. بەڵام کەسێك هیچ تێنەدەگەیشت، لە غەڵبەغەڵب زیاتر. ڕوخسارەکان بە واقوڕمان و حەسرەتەوە، لە ئاگرەکەیان هەڵدەڕوانی. تەڕایی چاوەکانیان لەبەر ڕووناکییە دوورەکەدا شەوقی دەدایەوە. بەسەر ڕوومەتەکانی چەند ئافرەتی ڕەشپۆشدا، فرمێسکەکان دەخزانە خوارەوە و بەنەرمی بە ڕوومەتەکانی خۆیاندا دەکێشا! ئەوان بە گریان فێرن، ناتوانن نەگرین، لە مێژە دەگرین. دڵیان

هێندە گەورەیە کە بۆ هەرخەمێك و کارەساتێك، فرمێسکی گەرمی بەسۆزی ئافرەتانەو دایکانە دەڕێژن. هەرچی ئازار و سوێی هەڵەبجشیما و ئەنفال و کۆڕەوە، لە دڵی گەورەی ئافرەتە ڕەشپۆش و هەردەم چاو سوور هەڵگەڕاوەکانی وڵاتەکەمدایە. ئافرەتی کوردستان، بە ئەندازەی ئاوی ڕووبار و چۆم و جۆگا و کانییەکانی ئەم جیهانە، گریاون و فرمێسکیان ڕشتووە. کێ نالێت سووێری ئاوی دەریاکان، فرمێسکی دایکان و هاوسەران و خوشکانی، جگەر سووتاو نییە.؟! ئافرەتێك بە خەمگینییەوە، لەتەك ڕێککردنەوەی سەرپۆشە ڕەشەکەیدا وتی:

– بزانە چ خێزانێك لەبەر شەرمی هەژاری و دەستکورتی، ئاگریان لە خۆیان بەرداوە.

– ئەی کێ دەڵێت ماڵێکی کورد نییە و عارەب یان تورکمانەکان، گڕیان تێ بەرداون؟

سەرکار ڕوو لە هەمووان وتی:

– هیچ دوور نییە. ئەوەی من بیزانم، هەندێك لە عارەبی هاوردە کە دەزانن ژیانیان لە مەترسیدایە، وتوویانە؛ ئەگەر پارەیەکمان پێ بدەن دەگەڕێینەوە گوند و شاری خۆمان لە خواروو، کەچی کەسێك ئامادەی ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەی نییە...!

– بابە ئێمە جارێ خۆمان، بێ کارەبا و ئاوو بژێوین. بێ دەرەتان و برسین... کورد پارەیش بداتە ئەوانەی ماڵ و زەوی و وڵاتیان لێداگیر کردووین...؟

– جا توخوا، جێی شەرمەزاری نییە، نهاکە میللەت، بێ دەرەتان و برسی بێت..؟!

وشەی برسێتی وەکو کلیلێك دەرگای مەیلی خواردنی کردەوە! بۆنی چڕی بەهاراتی خواردنە هندییەکەی کاترینا، بە ماڵەکەدا بڵاو ببۆوە و

هەستی برسێتییەکەی ئەمی زیاتر کرد. کە دەقەکەی تەواو کرد، بە بیرەوە چاوەکانی هەڵگلۆڤین. چێژی لە وێنەی زیندووی ڕووداوەکان وەردەگرت. سەرنجی دایەوە ئەو بۆچوونانەی لای خۆی تۆماری کردبوون. پاشان، نیگای کەوتە سەر لق و چڵی ڕووتی درەختی بەرامبەر پەنجەرەکە، کە دەلەرانەوە. سمۆرە بە چست و چالاکی هەڵبەز هەڵبەزیان بوو.